Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.1007

# فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا

**خۆشناو عەزیز حەمەئەمین[١] ، سەلام ڕەحیم ڕەشید[٢]**

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین ١

سەرۆکایەتی زانکۆ، زانکۆی گەرمیان ٢

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised:February,2019

Accepted:April,2019

***Keywords***

فەرهەنگ ،وشە و کەرەستەی نوێ ، گەشەسەندن ، هۆکار ، ڕێگا.

***Corresponding Author***

khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا)یە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە بواری زمانەوانیی کارەکی(Applied Linguistics) دایە و، کاری لەسەر فەرهەنگی زمان و جۆرەکانی، لەگەڵ هۆکار و شێواز و ڕێگاکانی تایبەت بە بەرهەمهێنان و وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا کردووە، چونکە ئەم بابەتانە زۆرجار تێکەڵکراون، یاخود وەک پێویست لێیان نەتوێژراوەتەوە، هەروەها گرفتی زاراوەسازی و بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە یەکێکە لەو بابەتانەی زۆربەی زانست و زمانەکان وەک ئاستەنگ تووشی دەبن، ئەگەر زانستییانە سەیری نەکرێت ولێی نەتوێژرێتەوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، دابەشی سەر دوو بەش کراوە: بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (دەروازەیەک بۆ فەرهەنگی زمان و بنەما و هۆکارەکانی گەشەسەندنیەتی)، کە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم بۆ (فەرهەنگی زمان و جۆر و پێکهاتە و تایبەتییەکانیان) تەرخانکراوە، لە تەوەرەی دووەمیشدا (گەشەسەندنی فەرهەنگ و کەرەستە و شێواز و هۆکارەکانی) لێیان توێژراوەتەوە .بەشی دووەم: تایبەتە بە (ڕێگاکانی گەشەسەندنی فەرهەنگ و پەیدابوونی وشە لە زمانی کوردیدا) و، دوو تەوەرەی لەخۆگرتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا سەرجەم ڕێگا ڕاستەوخۆیەکانی گەشەسەندن و فرەوانبوونی فەرهەنگ و، لە تەوەرەی دووەمیشدا ڕێگا ناڕاستەوخۆیەکان بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە خراونەتە بەر باس و شیکردنەوە. دوا لاپەڕەکانیش بە گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و لیستی سەرچاوە بەکارهێنراوەکان بە دوای یەکدا، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی بە باسەکە دەهێنن.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە (فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا) و، کاری لەسەر فەرهەنگی زمان و جۆر و تایبەتییەکانیان، لەگەڵ شێواز و ڕێگاکانی تایبەت بە بەرهەمهێنان و وەرگرتنی کەرەستە زمانییەکان دەکات، بەو واتایەی بۆ چۆنیەتی گەشەسەندن و فرەوانبوونی فەرهەنگی زمان تەرخانکراوە و، دەبێتە هەوڵێک بۆ خستنەڕووی بنەما و سەرچاوە و هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا، چونکە زمان وەک هەر هەبووێکی دیکە دیاردە و سیستەمێکی زیندووە، ڕابردوو و ئەمڕۆی هەیە، لە نێوان ئەم دوو کاتەشدا لە گۆڕاندایە و جیاوازە، بەو واتایەی لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی ژیاندا فەرهەنگی زمان دەگۆڕێت، ئەمەش لە پێناو بە زیندوویی هێشتنەوە و هاوتابوونی لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمدایە.

### هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی توێژینەوەکە

فەرهەنگ و پرۆسە فەرهەنگییەکان، وەک بابەتێکی زیندوو و پێویستیی سەردەم لە لایەن زمانناسان و شارەزایانی زمانەوە

جێگەی گرنگیدان و باسێکی زۆرن، بەڵام بوار و لایەنەکانی ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا نەگەیشتوونەتە ئاستی پێویست و، وەک پێویست نەچوونەتەپێش، کە زمانەوانیی کوردی شانازی پێوەبکات، بۆیە ویستمان لە کارێکی زانستیدا ئاوڕێک لەم بابەتە بدەینەوە.

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە دەگمەنە بە شێوەیەکی وەها باس لە وردەکارییەکانی فەرهەنگ و پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە کرابێت، هەروەها بنەما و تایبەتییەکانیان خرابێتەڕووو، جیاکاری لە نێوانیاندا کرابێت.

### ئامانجی توێژینەوەکە

مەبەست لەم توێژینەوەیە ناساندن و شیکردنەوەی زانستیيانەی فەرهەنگی زمان و جۆر و پێکهاتەکانیەتی، لەگەڵ چۆنیەتی بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا، لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی زانستی زاراوەسازی و پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا، بۆیە تێیدا هەوڵدراوە بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویست چەمک و بنەما و تایبەتمەندی و پێویستییەکانی پرۆسە فەرهەنگییەکان، بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی بخرێنەڕوو.

### کەرەستە و سنوور و میتۆدی توێژینەوەکە

کەرەستە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە ئەو وشە و زاراوانەن، کە لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بەرهەمهێنراون و بەکاربراون.

هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودوەرگرتن لە ڕێباز و توێژینەوەی (پەسنی) بووە، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و بەڵگە و نموونەی پێویست بۆ ڕاڤەکردنی فەرهەنگ و جۆرەکانی، لەگەڵ نیشاندانی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە لە زمانەکەماندا.

### گرفتی توێژینەوەکە

زۆری ڕێگاکان و پۆلنەکردنیان بە پێی بنەمای زانستی و لێکنزیکیان، هەروەها تێکەڵکردنی هەندێک لە ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە بە یەکدی، لەگەڵ نەبوونی زاراوەی یەکگرتوو بۆ ڕێگا جۆراوجۆرەکان لەم گیروگرفتانەن، کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی چارەسەرکردنیانی داوە.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە

سروشتی توێژینەوەکە ئەوەی خواستووە جگە لە پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بە پێی پلانێک دابەشی سەر دوو بەش بکرێت، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و، ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێ وەرگیراوە، لەگەڵ پوختەیەکی توێژینەوەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (دەروازەیەک بۆ فەرهەنگی زمان و بنەما و هۆکارەکانی گەشەسەندنیەتی)، کە لە دوو تەوەرە پێکدێت:

تەوەرەی یەکەم بۆ (فەرهەنگی زمان و جۆر و پێکهاتە و تایبەتییەکانیان) تەرخانکراوە، کە تێیدا هەریەکە لە پێناسەی فەرهەنگ و جۆرەکانی فەرهەنگی زمان، کە بنەڕەتی و نابنەڕەتی دەگرێتەوە، بە ڕوونکردنەوە و هێڵکاریی پێویستەوە، لەگەڵ گرنگترین تایبەتییەکانیان باسکراون.

تەوەرەی دووەمیش بۆ (گەشەسەندنی فەرهەنگ و کەرەستە و شێواز و هۆکارەکانی) تایبەتکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە سەرەتایەک لە بارەی گەشەسەندنی فەرهەنگ و کەرەستەی سەرەکی و شێوازی گەشەندنی فەرهەنگ، لەگەڵ گرنگترین ئەو هۆکارانەی کاریان کردووەتە سەر گەشەسەندنی فەرهەنگی کوردی بخرێنە بەرباس و توێژینەوە.

بەشی دووەم: ئەم بەشە تایبەتە بە (ڕێگاکانی گەشەسەندنی فەرهەنگ و پەیدابوونی وشە لە زمانی کوردیدا)، کە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە و، بەسەر دوو تەوەرەدا دابەشکراوە:

تەوەرەی یەکەم، تایبەتە بە ڕێگا ڕاستەوخۆیەکانی گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی، کە تێیدا هەریەکە لە (دارشتن) ، (لێکدان) ، (داتاشین)ی وشە، لەگەڵ میتافۆر، کە (خواستن) و (خوازە) دەگرێتەوە، هەروەها (پێوانە و زرەڕێژ) بە تایبەتمەندی و جیاوازیی نێوانیانەوە و، (کورتبڕی) بە سەرجەم جۆرەکانییەوە، کە بریتین لە (ئەکرۆنیم) ، (پێشپیتی) ، (کورتکردنەوە) ، (بڕین) بە ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی تایبەتییەکانیان و، (پۆلگۆڕین)ی وشەیی و (داهێنان) وەک ڕێگایەک بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و، چەند ڕێگایەکی دیکەی لاوەکیش بە شیکردنەوە و نموونەی پێویستەوە لێیان توێژراوەتەوە.

دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە هەریەکە لە (وەرگێڕان و وەرگرتن) بە زۆربنەی لایەن و ڕووەکانیانەوە بە پێی بنەما و میتۆدە زانستییەکان نیشانبدرێن.

## بەشی یەکەم

### دەروازەیەک بۆ فەرهەنگی زمان و بنەما و هۆکارەکانی گەشەسەندنی

فەرهەنگی زمان و جۆر و پێکهاتە و تایبەتییەکانیان

فەرهەنگی زمان


بە بڕوای هەندێک نووسەر و زمانەوان فەرهەنگی زمان لە وشەکانی پێکهاتووە، کە بە شێوەیەکی چڕ و تێکهاڵاو لە مێشکدا

ڕیزکراون و پارێزراون (تابان محمد سعید حسن، ٢٠٠٨ : ٦)، بەڵام لە بنەڕەتدا کۆی ئەو وشانەی لە گەنجینەی مێشک و لە شوێنێکی تایبەتدا هەڵگیراون فەرهەنگی نێو مێشکە (Mental Lexicon) (Ingo plag, 2003 : 4)، کە ڕەگەزێکی گرنگی پرۆسەکانی ئاوختاتن و زمانە، یاخود دەکرێت بگوترێت ئەم فەرهەنگە ((ئاماژەیە بۆ مێشکی قسەکەر، کە سەرجەم زانیارییە (دەنگی و واتایی)یەکانی وشەکانی تێدا پارێزراوە و، پرۆسەی تێگەیشتنی زمانی لەسەر دەوەستێت)) (Marslen Wilson &Tyler, 1994 : 3)، کە ئەمە نابێتە فەرهەنگی گشتیی زمان (Vocabulary)، بەڵکو گەنجینەی مێشکی تاکەکانە، بۆیە ڕاستتر ئەوەیە کە فەرهەنگی زمان تێکڕای کەرەستە و وشەکانیەتی بە نووسراو و نەنووسراو (تۆمارکراو و دەماودەم)، گوتراو و نەگوتراو (تابۆ)، ماو و لەنێوچوو (مردوو)، تایبەت و گشتی ، لەگەڵ سست و چالاک ... (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، ٢٠١٤: ٣)، دەوڵەمەندی زمانیش بەندە بە دەوڵەمەندی فەرهەنگەکەیەوە، ئەوەش بەهۆی بوونی ئەو پێوەندییە بەتینەی کە لە نێوانیاندایە.

فەرهەنگی زمان یاخود فەرهەنگی گشتی پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵدا هەیە، بە جۆرێک لەگەڵ بەرەوپێشچوون و کرانەوەی کۆمەڵدا پێویستی و کەرەستەی دەربڕین زیاددەکات و، لە ئەنجامدا فەرهەنگی زمانیی نەتەوەکە پەرەدەستێنێت، زۆرکاتیش لە ڕێگەی سەیرکردنی فەرهەنگەکەیەوە تێدەگەین، گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراو گەیشتووەتە چ ئاستێکی ڕۆشنبیری، ئابوری و زانستی...، چونکە دەوڵەمەندیی فەرهەنگ، لە ڕێی گۆڕانی کۆمەڵ و جێگیرکردنی ئەو گۆڕانەوە بە وشە دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئامێری جێگیرکردنی گۆڕان، وشەکانی زمانە (تابان محمد سعید حسن، ٢٠٠٨ : ٦ ، ٨). تەنانەت زۆرجار دەگوترێت ((زمان بریتییە لەو هۆکارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بنیات ناوە و چالاکی بەخشیوەتە کارەکانی) (شیلان عوسمان عەبدولڕەحیم، ٢٠٠٨ : ١٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕێژەی کەرەستە و وشەکانی فەرهەنگی گشتیی زمان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بە پێی تەمەن و پسپۆڕی و ئاستی ڕۆشنبیرییان دەگۆڕێت، ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی ناتوانین بە زمانی سەدەکانی ڕابردوو لە بارەی گیروگرفت و ڕووداو و گۆڕانەکانی ئەمڕۆ بدوێین و پێوەندی بکەین، بە پێچەوانەشەوە بە زمانی نەوەکانی ئەمڕۆ باس لە ڕابردوو و چۆنیەتی ژیان لەم سەردەمانەدا بکەین، چونکە هەموو سەردەمێک زمانێکی خۆی هەیە، کە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی، کەواتە زمانی زیندوو ئەو زمانەیە، کە فەرهەنگەکەی توانستی جێبەجێکردنی پێویستییەکانی سەردەمی قسەپێکەرانی هەبێت لە وەرگرتنی زانست و زانیندا، هەروەها توانستی پێشکەوتن و گەشەکردنی تێدابێت، لەگەڵ کات و سەردەمە جیاجیایەکان و گۆڕانکارییەکان و کەرەستە و داهێنانەکاندا بگونجێت و بەکاربهێنرێت و دەربڕینی پێ ئەنجامبدرێت (جەمیلە ئەحمەد حسەین، ٢٠٠٨ : ٣٤)، لەمەوە دەردەکەوێت، زانینی هەر زمانێکی دیاریکراو، کە هەزاران وشە و کەرەستە لەخۆدەگرێت بە (گەنجی مێشک)ەوە بەندە و، دەکرێت فەرهەنگی زمانیش بە دەزگایەکی گەورەی سنووردار بچوێنرێت، کە هیچ کات بە جێگیری نامێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام وشەی نوێ دێتە نێوییەوە و وشە سواوەکانیش لەبیردەکات (John I. Saeed, 2009, 10).

### جۆرەکانی فەرهەنگی زمان و پێکهاتەکانیان

بنەمای جیاکاری و دابەشکردنی فەرهەنگی زمان و پێکهاتەکانیان لای هەر گەل و نەتەوەیەک، پلەی چەسپاوی نەچەسپاوی و جۆری کەرەستەکانیەتی، لەگەڵ سەرچاوە و چۆنیەتی پەیدابوونیان، بەم پێیە فەرهەنگی هەر زمانێک دابەشی سەر هەردوو جۆری (بنەڕەتی) و (نابنەڕەتی) دەکرێت، هەرچی نابنەڕەتیشە چەند لقێکی لێدەبێتەوە، وەک لەم دایاگرامەدا خراوەتەڕوو:[1]




دایاگرامی (١)

### فەرهەنگی بنەڕەتی (Basic Word Stock)

مەبەست لە فەرهەنگی بنەڕەتی زمان هەموو وشە ڕەسەن و بنجەکانیەتی، کە بە خۆماڵی دادەنرێن، یاخود کۆی ئەو وشە و کەرەستانەیە، لە دێر زەمانەوە لە زمانێکی دیاریکراودا بەکارهاتوون و کۆمەڵ تێکڕا لەسەریان ڕێککەوتووە (ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧ : ١٠) و، دەزانێت بۆچی و لە چ کات و شوێنێکدا بەکاریان دەهێنێت، بە واتایەکی دیکە ((ئەو پۆلە وشانە دەگرێتەوە، کە بە درێژایی چەند سەدەیەك بە چەسپاوی و بێ گۆڕان ماونەتەوە، ئەمانەش بە دەربڕینی کۆمەڵێك چەمك و بیرەوە بەستراون، کە لەژیانی میللەتدا زۆر پێوست و گرنگن.

[1] بۆ ئەم دایاگرامە سوود وەرگیراوە لە:
[هیدایت عبدالله محمد، ٢٠٠٧: ٢٧ . ٢٨ + ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧: ١٠ + ئومێد بارزان برزو & هێرش کەریم حەمید، ٢٠١٧: ٢٤٥]

تاڕادەیەکی زۆر بە ژیانی کلتوری و مێژویی و بارودۆخی ئەو گۆڕانانەی بەسەر میللەتدا دێن نەبەستراونەتەوە)) (تابان محمد سعید حسن، ٢٠٠٨ : ٨)، هەر ئەو وشە و کەرەستانەشن، کە زمانەکەیان لە فەوتان پاراستووە، بە جۆرێک ئەم فەرهەنگە دەبێتە گرنگترین بنەما و هۆکار بۆ جیاکردنەوە و دۆزینەوەی پێوەندیی خزمایەتی نێوان زمانەکان و جیاوازیی نێوانیان، ئەمە جگە لەوەی لە ڕێگەیەوە خێزانە زمانەکانیان دەستنیشان دەکرێت، چونکە هەموو زمانێک فەرهەنگی بنەڕەتی خۆی هەیە، کە لە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانێکی دیکە جیاوازە (فاروق عومەر سدیق، ٢٠١١ : ٤٩)، چونکە پێوەندیی بە کەلتور و بیرکردنەوەی نەتەوەکەوە هەیە.

فەرهەنگی بنەڕەتی تایبەت بە بوار و بابەت و زانستێکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکو هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە و موڵکی سەرجەم قسەکەرانی زمانەکەیە، ئەو وشانەن، کە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵ و نەتەوەیەکی دیاریکراودا ناسراون، بەدەر لەو دیالێکتەی قسەی پێدەکەن و ئەو چینە کۆمەڵایەتییەش کە بەشێکن لێی، هەروەها تایبەت بە چینێکی دیاریکراو، یا پیشەیەکی دیاریکراو نین، بەڵکو مۆرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیە (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، ٢٠١٤ : ٩)، چونکە هەروەک (بنیامین لی وروف) دەڵێت: ((بنیاتی زمان ئەو شتەیە کە بیر دیاری دەکات و بە تەواوەتی دەستی بەسەردا دەگرێت. لەبەرئەوەی ئەزموونی مرۆڤەکان بۆ ناسینی جیهان و سەیرکردنیان بۆ دیاردەکان دەگۆڕێت بە گۆڕانی ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن)) (عمر ابراهیم عزیز، ٢٠٠١ : ١٨٠)، هەربۆیە فەرهەنگی بنەڕەتی هەر زمانێک ئەوەیە ((کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون، بۆ ناولێنانی شت و دیاردەکانی دەوروبەر، فەرهەنگی بنەڕەتی هەر زمانێك، جیاوازە لە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانێکی دیکە، تەنانەت ئەو زمانانەش کە سەر بەیەك بنەماڵە و ڕەچەڵەکن. ئەو وشانەی کە لەو فەرهەنگەدا هەن خۆماڵین و بەسەرچاوەی یەکەمی وشە دادەنرێن لەو زمانەدا)) (ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧ : ٣٥١).

## فەرهەنگی نابنەڕەتی

ئەم جۆرەی فەرهەنگ سەرجەمی وشە و کەرەستەکانی زمانێک، جگە لە فەرهەنگە بنەڕەتییەکەی دەگرێتەوە، کە لە قۆناغە مێژووییە جۆربەجۆرەکانی ئەو زمانەدا بوونیان هەبووە و هەن، لە ڕووی ژمارەشەوە بێسنوور کەرەستەی تێدایە، هۆیەکان و چۆنیەتی پەرەسەندن و دەوڵەمەندبوونیشی بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤ بەستراوەتەوە، بە جۆرێک تاوەکو ژیان و کۆمەڵ بەرەوپێشەوە بڕۆن، ئەوا فەرهەنگە گشتییەکەی ئەو زمانەش دەوڵەمەندتر دەبێت، چونکە گەشەسەندن و پێشکەوتنی نەتەوە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژیا و... تاد. لە وشەکانی زمانەکەدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها پێویستی ژیان و سەردەمە وادەکات وشە و کەرەستەی نوێ جێگە بە وشە کۆنەکان لەق بکەن و، بە بەردەوامیش وشە و زاراوەی نوێ بێنەکایەوە بۆ ئەوەی پێویستییەکانی سەردەم بگەیەنن، بۆیە فەرهەنگی زمان هەمیشە وەک زەریایەکی مەند کەرەستەی تێدەرژێت و کەرەستەشی لێ دەڕوات و دەفەوتێت (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، ٢٠١٤ : ١٠ ـ ١١)، ئەمەش لە ڕێگای بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێ و وەرگرتن لە زمانانی دیکەوە دەبێت.

پێکهێنەرەکانی فەرهەنگی نابنەڕەتیی هەر زمانێک بە پێی سەرچاوە و چۆنیەتی پەیدابوونیان وەک لە پێشتر نیشاندراوە دابەشی چەند جۆرێک دەبن، کە بریتین لە:

١. **وشە دروستکراو و ڕۆنراوەکان**: ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە قۆناغی دووەمی زمان پەیدابوون، یاخود ئەوانەن کە لە ڕێگای پرۆسە و کردە مۆرفۆلۆژییەکانەوە بەرهەمهاتوون، کەرەستە و پێداویستییەکانی زمانیان بەپێی پێویستی و سەردەمە جیا جیایەکان پڕکردووەتەوە.

٢. **وشە و کەرەستە وەرگیراوەکان**: ئەوانە دەگرێتەوە کە خاوەنداری و موڵکایەتی مێژوویيان بۆ زمانێکی دیکە دەگەڕێتەوە، بەڵام بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و ...تاد. زمانی کوردی بە پێی یاسا و پێوەرە زمانییەکان وەریگرتوون و بەکاریان دەهێنێت، جا بە هەمان فۆڕم بێت یاخود بە دەستکارییەوە.

٣. **وشە وەرگێڕاوەکان**: ئەو کەرەستە زمانییانە دەگرێتەوە، کە واتاکەیان لە زمانێکی دیکەوە بۆ نێو زمانی کوردی گوازراوەتەوە، واتە لێرەدا فۆڕمی وشەکە وەرناگیرێت، بەڵکو واتاکەی بۆ نێو زمانی کوردی دەگوازرێتەوە، بە جۆرێک وەرگێڕ ((بە دوای بێژەی بەرانبەر ئەو چەمک و واتایەدا دەگەڕێت کە هەمان واتای زاراوە بیانییەکە بدات یان کوردی چی ناونانێک لە م چەمک و وشەیە دەنێت کە زاراوە بیانییەکەی بۆ دانراوە)) (محەمەد وەسمان، ٢٠٠٤ : ٦٠).

٤. **زاراوە و بەرهەمی زاراوەسازی**: فەرهەنگی نابنەڕەتی هەر زمانێک جیهانی زاراوە و زاراوەسازی لەخۆدەگرێت، چونکە زاراوەش ((لە فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردییەوە بە پێی ڕێبازێکی وشەسازیی کوردی، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لە کۆڕی پسپۆڕێتیدا سازکراوە)) (شەهاب شێخ تەیب، ٢٠١٢ : ١٥٩) و، تایبەتە بە بابەتێک لە بابەتەکانی زانین و ژیاری، بۆیە

کەرەستەیەکە لە کەرەستەکانی دەوڵەمەندکردن و بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و، دەچێتە نێو فەرهەنگەوە.

### تایبەتمەندیی فەرهەنگەکان

هەریەک لە فەرهەنگەکان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لەوەی دیکەی جیادەکاتەوە، ئەم جیاکاری و تایبەتمەندییانەش لە کەرەستەکانیانەوە دیاری دەکرێن، بەم شێوەیە:

### تایبەتمەندیی فەرهەنگی بنەڕەتی

سەبارەت بەو مەرجانەی پێویستە لە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگی بنەڕەتیدا هەبن، تا بە هۆیەوە بناسرێتەوە و کەرەستەکانی دیاری بکرێت، نووسەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە نیشانە تایبەتی و جیاکەرەوەکانی کەرەستەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی، بریتین لە:[2]

١. **پێکهاتە و سەرچاوەی دروستبوون:** پێکهێنەرەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی زمانی کوردی، جگە لە وشە ڕەسەن و خۆماڵییەکانی کە لە دوای سەدەی نۆیەمی دوای لەدایکبوونەوە پەیدابوون، ئەو وشانەی لە نێوان زمانە هیندۆئەورپییەکاندا و بەتایبەتیش هیندۆئێرانییەکاندا هاوبەشن دەگرێتەوە.

٢. **جێگیربوون و چەسپاویەتی:** بەڵگەی ئەمەش ئەو وشانەن کە بە درێژایی مێژوو و بۆ ماوەی چەندین سەدە وەک خۆیان و بە بێ هیچ گۆڕانکارییەک بە هەمان فۆڕم و واتا ماونەتەوە و بەکارهاتوون، وەک وشەکانی [دەست ، سەر ، پشت ، گەنم ، جۆ ، ...].

٣. **توانستی سازکردنی وشەی نوێ (بەشداریکردن لە ڕۆناندا):** ئەم جۆرە وشانە بزوێنەر و داینەمۆی بە زیندووهێشتنەوەی زمانەکەن، لە کاتی ڕۆنان و بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێ هەمیشە پەنایان بۆ دەبرێت و کۆڵەگەی گشتی زمانەکەن، واتە دەبنە بناخە بۆ بەرهەمهێنانی دانەی دیکە، بۆ نموونە: [نووسەر ، بیسەر ، کرپار، کردنەوە ، یاریکردن...].

٤. **زانراوی و ئاشکرایی یاخود ڕێککەوتنی کۆمەڵ:** ئەم جۆرە وشانە زانراو و ئاشکران لای هەموو تاکەکانی کۆمەڵ و هەمووشیان لەسەر واتاکانیان ڕێککەوتوون دەزانن چۆن و لە چ کات و شوێنێکدا بەکاردەبرێن، ئەمە سەربارەی چالاکیان لە بەکارهێناندا.

٥. **چالاکی لە بەکارهێناندا:** ئەم جۆرە فەرهەنگە خۆی بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی، لە ڕووی ژمارەوە ژمارەیەکی کەمی زمانەکە پێکدەهێنن، بەڵام لە بەکارهێناندا زۆر چالاکن، چونکە بەسەر دەمی هەموو قسەپێکەرانی زمانەوەن، پێویستییە گرنگەکانی ڕۆژانەی زمان پڕدەکەنەوە.

تایبەتمەندیی فەرهەنگی نابنەڕەتی

فەرهەنگی نابنەڕەتی هەر زمانێک کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە دەبنە بنەما بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی کەرەستەکانی بە تایبەت لە فەرهەنگی بنەڕەتی، لە گرنگترینیان:

١. **کەرەستەکانی بەر پۆلی کراوە دەکەون:** بە جۆرێک ژمارەی کەرەستەکانی ئەم فەرهەنگە دیاریکراو و سنووردار نییە، بەڵکو بێسنوور وشە و کەرەستە لەخۆدەگرێت و، بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، چونکە هەموو نەتەوەیەك پێویستی بە وشە و کەرەستەی نوێ هەیە، کە لە زمانەکەیدا دروست ببێت، هەروەها گەشەسەندن و فرەوانبوونی فەرهەنگی نابنەڕەتیش بە کرانەوە و بەرەوپێشچوونی ژیان لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بەستراوەتەوە.

٢. **سستی لە بەکارهێناندا:** کەرەستەکانی ئەم فەرهەنگە لە بەکارهێناندا بە ئەندازەی کەرەستەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی چالاک نین، چونکە ئەم جۆرە فەرهەنگە سەرجەم وشەکانی زمان، بە (تایبەت و گشتی) و (کارا یاخود چالاک و سستەکان) دەگرێتەوە و ئەمانەش لە بەکارهێناندا وەکیەک نین، بە جۆرێک مەبەست لە وشەی تایبەت ئەوانەن، کە لە فەرهەنگێکی تایبەتدا دەدۆزرێنەوە و، تایبەت بە زانستێک، یا نووسەرێک، یان بابەتێکی دیاریکراوی ژیاری و ڕۆشنبیرین، واتە موڵکی سەرجەم قسەپێکەران نین، هەروەها وشە سست و ناچالاکەکانی زمانیش، ئەوانەن کە لە فەرهەنگی زماندا بوونیان هەیە بەڵام بە هۆکارێک لە هۆکارەکان بەکارهێنانیان کەم بووەتەوە (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٢ : ٣٤).

٣. **خاوەنداری و موڵکایەتی:** کەرەستەکانی ئەم فەرهەنگە لە ڕووی خاوەندارێتییەوە دەبنە دوو بەش، بەشێکیان لە کەرەستە خۆماڵییەکانەوە بە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بەرهەمهێنراون، بەشەکەی دیکەیان خاوەنیەتییان بۆ زمانانی دیکە دەگەڕێتەوە، کە زۆرجار شتەکە نوێیە و تازە داهێنراوە بە فۆڕمەکەیەوە پێشوازی لێدەکرێت، جاری واشە دوای سەپاندنی یاسا زمانییەکان دێنە نێو زمانەکەوە.

٤. **نیشانەی دەوڵەمەندی و کرانەوەی زمانن:** هەمیشە دەوڵەمەندیی فەرهەنگی بە بەردی بناخەی سەرکەوتنی قسەکەر لە هەربارو کاتێکدا دانراوە (Ingo Plag, 2003 : 4)، بۆیە چەندە

---

[2] بۆ ئەم تایبەتییانە سوود وەرگیراوە لە:

✎ ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥ : ٣٥.

✎ فاروق عومەر سدیق، ٢٠١٣ : ١٥١.

✎ عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، ٢٠١٤ ، ٩٠٧.

✎ ڕێژنە مەعروف حوسێن، ٢٠١٠ : ٢٠.

ئەم فەرهەنگە کەرەستەی زۆرتر و جۆراوجۆرتری تێدابێت ئەوا ئەو زمانە بە زمانێکی زیندوو و سەردەمی دادەنرێت.

## گەشەسەندنی فەرهەنگ و کەرەستە و شێواز و هۆکارەکانی

### گەشەسەندنی فەرهەنگ

پەرەسەندن و گەشەکردنی فەرهەنگی زمان (Development Lexicon)، گۆڕان و گەشەسەندنی زمانە، لە ئەنجامی گۆڕانکاریە مێژووییەکانەوە، چونکە زمان دیاردە و بەشێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤ، سەرباری ئەوەش بەشێکە لە شارستانیەت و شارستانیەتیش بەبێ زمان نابێت و پێشناکەوێت، هەروەها زمان بە بێ شارستانیەت هیچ گەشەیەکی نابێت، چونکە بە هۆی گۆڕانی لایەنەکانی ژیانەوەیە دەگۆڕێت و فەرهەنگی وشە و کەرەستەکانی فرەوان دەبێت (ڕەفیق شوانی، ٢٠٠١ : ٤٧)، ئەمەش لەبەرئەوەی زانین بێ دواییە و کەرەستەی دەوڵەمەندترین زمان لە چاویدا کەمە و کۆتایی هەیە، هەموو میللەتێکیش هەتا فەرهەنگەکەی گەشە بکات ئەوا زمانەکەی پارێزراو و پێشکەوتووتر دەبێت، بۆیە زیادبوونی وشە و زاراوە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی هەر زمانێک و ڕاپەڕاندنی ئامانج و ئەرکەکانی، پێویستییەکە لە پێویستییەکانی ئەو زمانە، هەموو خاوەن زمانێکیش لە ترسی فەوتان، لە هەوڵی پاراستنی زمانەکەی و بەرەوپێشبردنیدایە، یاسای بنەڕەتی سروشتیش وا دەخوازێت هەموو دیاردەکان بە زمانیشەوە لە گەشەی بەردەوام دابن و بیر و دەربڕینی نوێ جێی لە کارکەوتوو و ونبووەکان و نەبووەکان بگرێتەوە (تابان محمد سعید حسن، ٢٠٠٨: ١٥).

هەر کاتێک دیاردە و پێشکەوتنی نوێ لە ژیانماندا هاتبێتەکایەوە، ئەوا فەرهەنگی زمان کەلێنی تێدا دەرکەوتووە، ئەمەش لەبەرئەوەی، لە گەشەسەندن و گۆڕانی شارستانیەتدا، پێویستیمان بە زمانێک هەیە، ئەو گۆڕان و گەشەکردنەی بێ دەربڕێت، بۆیە زۆرینەی توێژەران لەو باوەڕەدان، کە ((وشە وەکو زیندەوەر وایە، لەدایک دەبێ و دەمرێ، پێویستی ژیان و بیری مرۆڤ وادەکات وشە لەدایک ببێ)) (مستەفا زەنگەنە، ٢٠٠٣ : ٢٤٨)، هەر لەدایکبوون و پەیدابوونی کەرەستەیەکی نوێش لە زماندا بە ئامانجی گەشەسەندنی فەرهەنگی زمانەکەی و خزمەتکردنیەتی، بۆیە گشت زمانانی دونیا هەوڵیانداوە بۆ دەربڕین و پاراستن و مانەوەیان تۆماری ئەو پێشکەوتنانە بن، کە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئەو میللەتە ڕوویانداوە، ئەمەش بە هێنانەکایەی کەرەستەی نوێ بۆ نێو زمانەکەیان، بە بڕوای (کریستاڵ)یش، ئەم کەرەستە زمانییانە وشەی نەبوون و مەبەست لێیان ئەو یەکە زمانییانەن، کە بە پرۆسەکانی پێکهێنان و سازکردنی وشە دەتوانرێت سازبکرێن، بەڵام هێشتا نەهاتوونە نێو بەکارهێنانی زمانەوە (Crystal, David, 2003 : 363)، بەڵکو لە ئەنجامی بەکارهێنان و ڕەزامەندیی قسەپێکەرانەوە دەبنە هۆکاری فرەوانبوون و گەشەسەندنی فەرهەنگی ئەو گەل و نەتەوەیە، هەروەها ئاوێنەیەک بۆ بینینی ڕادەی چەند و چۆنی پێشکەوتنی ژیانیان، چونکە نەتەوە چەندە فەرهەنگ و کەرەستەی فەرهەنگی هەبێت، هێندەش زمانەکەی دەوڵەمەندتر دەبێت، هەروەها نەتەوەی بێ فەرهەنگ بە نەتەوەیەکی هەژارو مردوو دەژمێررێت.

لە ئەنجامی ئەم ڕوونکردنەوە و باسانەی پێشوو دەگەینە ئەو دەرەنجامەی بڵێین: گەشەسەندنی فەرهەنگ کردەی زیادکردن و داهێنانە لە ژمارە و یەکەی کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمانێکی دیاریکراو لە ڕێگا جۆربەجۆرەکانییەوە، بە ئامانجی دروستکردنی هاویەکسانییەک لە نێوان فەرهەنگ و چەمک و وشە و زاراوەکاندا، بۆ ئەوەی ئەو زمانە توانستی دەربڕین و گەیاندنی بیرەکانی مرۆڤی بە پێی کات و سەردەمە جیاوازەکان هەبێت، بە جۆرێک بۆ هەر کەرەستە و بیرو دیاردەیەک فۆڕمێکی دیاریکراو یاخود واتایەکی دیاریکراوی هەبێت، هەربۆیە ئەنجامی ئەم گەشەسەندنە یا وەستانی یەکەیەک بەرانبەر بە چەند واتایەک یاخود چەند یەکەیەک بەرانبەرواتایەکی دیاریکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گەشەسەندنی فەرهەنگی زمان لە هەردوو لایەنی (فۆڕم) و (واتا)دا خۆی دەبینێتەوە.

### کەرەستەی گەشەسەندنی فەرهەنگی زمان

وشە وەکو ڕەگەزی سەرەکی فەرهەنگ ((یەکەم بەشە لە زمان کە دەکەوێتە نێو پرۆسەی گۆڕانکاری)) (کامەران ڕەحیمی، ٢٠٠٧ : ١٥)، لەگەڵ کات و سەردەمە جیاوازەکاندا و، بە بەردەوامی دەبێتە پێویستییەک لە پێویستییەکانی فەرهەنگی زمانی هەر گەل و نەتەوەیەک، چونکە ((توخمێکی زیندووە و بە ژیانی ئەو میللەتەی کە بەکاری ئەهێنێ ئەژی و بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵئەستێ)) (کامیل حەسەن بەسیر، ١٩٧٤ :٧٥٣) ، ئەمەیە وامان لێدەکات، کە بڵێین ((زادەی بەرهەمی کەڵەکەبووی تاقیکردنەوە یەک لە دوای یەکی عەقڵ و هۆش و بیری مرۆڤە)) (فاروق عومەر سدیق، ٢٠١١ : ١٢).

وشە وەک کەرەستەیەکی زمانی دوو دیوی هەیە، ئەوانیش (فۆڕم) و (واتا)ن، مەبەستیش لە فۆڕمی وشە قاوغ و پێکهاتە فۆنتەکتیکییەکەیەتی، کە بریتییە لە لایەنی کۆنکرێتی و فیزیکی شتەکە و، بەهۆیەوە دەتوانین بیرەکە، یاخود لایەنە ئەبستراکت و نادیارەکەی نێو مێشکمان بهێنینەدەرەوە و کۆنکرێتی بکەین، چونکە بیرەکە هیچ بەها و نرخێکی نابێت، کە لە نێو مێشکماندا بمێنێتەوە و دەرنەبڕێت (مستەفا ڕەزا مستەفا، ٢٠١٣ : ٢١)، هەرچی واتاشە، ئەوا بریتییە لە چەمکێک یاخود کۆزانیارییەک،

که له ڕێگەی پێوەندییەکی لەخۆوەییەوە، هێمایەکی زمانی دەگەیەنێت، یاخود ئەو واتایەی وشەکان و مۆرفیمە سەربەخۆیەکان دەیگەیەنن، بریتییە لە چەمکێک یاخود کۆمەڵە زانیارییەک دەربارەی شت و دیاردە و خاسیەت و جۆرەکانیان (فەرهاد تۆفیق حەسەن، ٢٠١٠ : ١٧ ـ ١٨)، هەر زمانێکیش وشەی زۆربێت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە زمانێکی دەوڵەمەند و زیندووە، لەسەر ئاستی تاکە کەسیش هەر قسەپێکەر و بەکارهێنەری زمانێکی دیاریکراو وشەی زۆر بزانێت، ئەوە بەڵگەیە بۆ دەوڵەمەندیی فەرهەنگی ئەو کەسە، چونکە هێزی مرۆڤ و دەربڕینەکانی لە هێزی زمان و ژمارەی کەرەستەکانیدایە، سەبارەت بە تایبەتییەکانی وشە و فەرهەنگ لە هەر زمانێک، ئەوا کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندیی هەیە، کە دەکرێت گرنگترینیان لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

1. یەکە فەرهەنگییەکان جێگیر نین و لە گۆڕاندان.
2. وشەی نوێباو لە هەموو کات و باروودۆخێکدا دروست دەبێت.
3. وشـــە کـــۆن و ســـواوەکان ڕووبەڕووی ونبـــوون و لەنێوچوون دەبنەوە. (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، ٢٠١٤ : ٣)

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە وشەکانی زمان ڕووبەڕووی دوو جۆرە گۆڕانکاری دەبنەوە:

أ. **لەنێوچوون و فەوتان**: لە ئەنجامی کۆنبوونی چەمک و دیاردەکانەوە، یاخود زاڵبوون و سەرکەوتنی وشەی وەرگیراو، هەروەها وشەی هاوواتاوە دەبێت.

ب. **دەرکەوتـــن و ســـەرهەڵدان**: ئەمەشـــیان لە ئەنجـــامی پەیدابوونی دیاردە و چەمکی نوێ، یان وەرگرتنی وشە و زاراوەی زمانێکی دیکە، یاخود دانانی وشە و زاراوە بۆ ئەو وشانەی لە زمانی دیکەوە وەرگیراون، لەگەڵ پرۆســە مۆرفۆلۆژییەکانەوە دەبێت.

(سەرچاوەی پێشوو: ١١)

بۆیە کەرەستەی گەشەکردنی فەرهەنگی هەر زمانێک وشەیە، کە وشە ڕەسەنەکان بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژی چەمک و واتای نوێیان لێ بەرهەم دەهێنرێت، یانیش لە گۆڕانە واتاییەکاندا واتایان دەگۆڕێت و بۆ واتای تازە بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانانی بێگانەوە، فەرهەنگی زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی دیکەی سەر ڕووی ئەم زەمینە لەم دوو ڕێگایەوە کە بە ڕێگای ڕاستەوخۆ و لاوەکی دادەنرێن سەریهەڵداوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥ :٢٦).

شێوازی گەشەسەندنی فەرهەنگی زمان

گەشەسەندنی فەرهەنگ لە دوو لایەنی سەرەکییەوە دەبێت، ئەوانیش زیادبوونە لە فۆڕم و واتادا، بە جۆرێک یا فۆڕمەکان زیاددەکەن و چەند فۆڕمێک بەرانبەرواتایەک دەوەستێت، یانیش فۆڕمێک بەرانبەر چەند واتایەک دەوەستێتەوە، لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

**گەشەسەندن لە ڕووی فۆڕمەوە**

گەشەسەندنی فەرهەنگی زمان لە ڕووی فۆڕمەوە یاخود فۆڕم زۆری لە زماندا دیاردەی هاوواتایی (Synonymy) لێدەکەوێتەوە، کە یەکێکە لە پێوەندییە واتاییەکان و ((بەو وشانە دەوترێت کە یەک مانا دەبەخشن، یاخود مانایان لێک نزیکە، بەڵام لە خوێندنەوە و نووسیندا جیاوازن)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥ :٢٠)، وەکو وشەکانی (ڕوونک : ئەسرین : فرمێسک) ، (شوێن : جێ) ، (ئومێد : هیوا : ئاوات) ، (گەلێک/ گەلەک : زۆر: فرە) ، (ڕووناکی : ڕۆشنایی)، کە واتاکانیان وەکیەکە یاخود لە یەکەوە نزیکە.

بوونی هاوواتا یاخود چەند فۆڕمێک بەرانبەر یەک واتا زمان دەڕازێنێتەوە، بەجۆرێك لەزمانی ئاخاوتندا بواری جوانکاریی قسەکردن و زمانپاراوی فرەوانتر و زیادتر دەکات، چونکە قسەکەر دەستی کراوەتر دەبێت و، بە یارمەتی ئەم دیاردەیە دەتوانێت قسەکانی خۆی بە شێوەیەکی هەمەجۆر دەربڕێت (ئارا عەلی ئەحمەد، ٢٠٠٨ : ٥٤ ـ ٥٥)، هەروەها لە نووسینیشدا نووسەر لە دووبارەکردنەوەی وشە بە یەك فۆڕم دووردەخاتەوە، بۆیە هەر زمانێک یەکەی هاوواتای زۆربێت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە زمانێکی دەوڵەمەندە (شێروان حسێن حمد، ٢٠١٠ : ٢٦).

**گەشەسەندن لە ڕووی واتاوە**

هەرچی گەشەسەندنی فەرهەنگیشە لە ڕووی واتاوە ئەوا زمان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەبات، کە فۆڕمێکی دیاریکراو چەند واتایەک بگەیەنێت، واتە فۆڕمێک بەرانبەر چەند چەمکێک بوەستێتەوە، کە دەشێت واتاکانیان لەیەکەوە دووربێت و پێوەندییان بە یەکدییەوە نەبێت، ئەمەش هاوبێژی لە زماندا دروست دەکات، کە بریتییە لە پێوەندیی نێوان دوو یەکەی فەرهەنگی جیاوازیان زیادتر (جون لاینز، ١٩٨٧ :٤٨) لە نووسین و خوێندنەوەدا، یاخود ((بریتییە لەوەی دوو وشە، یان زیاتر لە ڕووکارێکدا بەشداری بکەن، بەڵام هەردوو وشەکە لە واتادا جیاوازبن، هەروەها وشە هاوبێژەکان لە دوو سەرچاوەی مێژوویی جیاوازەوە هاتبن)) (تالیب حوسێن عەلی، ٢٠١١: ٩٦)، وەکو: [خاڵ (١): نوقتەی نووسین یاخود سەرپێست ، خاڵ(٢): برای

دایک] ، [ڕان (١): مێگەلەمەڕ، ڕان (٢): ڕانی ئەندامی لەش یاخود بەشی سەرەوەی لاقی گیانلەبەر]. لە لایەکی دیکەوە دەگونجێت واتاکانیان لە یەکدییەوە نزیکبن و لە یەک بنجەوە سەرچاوەیان گرتبێت، وەک فرەواتایی، واتە لەگەڵ ئەوەی وشە جیاکانی زمانێک واتای جیاوازیان هەیە، جاریش هەیە هەمان وشە خۆی چەند واتایەکی جیاواز دەبەخشێت ( palmer, F. R., 1981: 100)، بۆیە مەبەست لە فرەواتا هاتن یاخود بەکارهێنانی دانەیەکی فەرهەنگییە بە زنجیرەیەک واتای جیاوازەوە ( Crystal, David, 2003 307)، هەروەکو ئەم نموونانە: [مانگ: ١. بە مانای (Moon)ی ئینگلیزی و (القمر)ی عەرەبی ، ٢. مانگەکانی ساڵ] ، [ڕۆژ: ١. ڕۆژەکانی هەفتە، ٢. خۆر].

### هۆکارەکانی گەشەسەندنی فەرهەنگ

گەشەسەندن و فرەوانبوونی فەرهەنگی زمانی، بۆ خۆی کردەیەکی بەربڵاو و سروشتییە و لە هەموو زمانێکدا ڕوودەدات، بەڵام ئەم کارە بێ سەرەوبەرە نییە و، لەخۆوە ڕوونادات، تاوەکو چەند هۆکارو پاڵنەرێکی نێوخۆیی و دەرەکی نەبن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، دیارە زۆرینەی هۆکارەکان لە ڕێگەی کرانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵ لەگەڵ پێویستیدا دێنەکایەوە، کە دواجار یەکە و کەرەستەی نوێ لە فەرهەنگی زمانەکەدا پێویست دەکەن، ئەم هۆکارو کاریگەرییانەشی کاردەکەنە سەر فەرهەنگی زمان و گەشەی پێدەدەن بە گۆڕانی کات و شوێن و سەردەم دەگۆڕێن، تەنانەت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازن، سەبارەت بە زمانی کوردی ئەو هۆکارانەی کاریان کردووەتە سەر گەشەسەندنی فەرهەنگەکەی، دەکرێت گرنگترینیان لەم هۆکارانەدا چڕبکرێنەوە:

### سەرهەڵدانی دیاردە و کەرەستەی نوێ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا

پێشکەوتنە خێراکانی زانست و بیری مرۆڤ، لەگەڵ زیادبوونی کاڵا و دیاردەی نوێ لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی فەرهەنگی زمانی هەر نەتەوەیەکن، بەو واتایەی ئەو زانین و ژیارییە پێشکەوتووەی مرۆڤ بەدەستیهێناوە، لەگەڵ کرانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، کە ((بیری داهێنان و ئەفراندنی پەرەپێداوە و چەندین دیاردە و چەمکی نوێ پەیدابوون ...، لە ئەنجامیشدا ئەندامانی هەر یەکێک لەو کۆمەڵگایانە کە ئاشنای چەمکە تازەکە دەبن پێویستیان بە وشە و زاراوەی نوێ دەبێت، بۆ ئەوەی گوزارشت لەو دیاردە نوێیانە بکەن)) (ئومێد بارزان برزو & هێرش کەریم حەمید، ٢٠١٧ : ٢٥٣)، چونکە ناکرێت ئەم دیاردە و شتانە بێناو بمێننەوە، بۆیە هەوڵدەدەن بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان ئەم کەماسییەی زمانەکەیان پڕبکەنەوە، ئەگەر بەراوردێکی زمانی کوردی ئەم چەند ساڵەی دوایی بە زمانی ڕابردوو بکەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چەندین وشەی نوێباو لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردە و کەرەستەکانەوە هاتوونەتە نێوییەوە، لەوانە: [فڕۆکە ، فڕۆکەخانە ، بەندەر، کەشتی ئاسمانی ، کارگۆ ، مانگی دەستکرد ، ڤێلا ، گەشتیاری ، سپلێت ، شۆڤڵ ، مۆڵ ، مارکێت ، ستی سەنتەر، ئەتۆم ، وزە ، یۆرانیۆم ، نایترۆجین، مایکرۆسکۆب ، ئۆڤن ، مایکرۆ ، ... تاد.].

به هۆی تەکنەلۆژیا و گەشەکردنی ژیاریش، بە تایبەت ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەدەی ڕابردوو ڕوویانداوە، ژمارەیەکی زۆر لە وشە و زاراوەی ئەکادیمی بڵاوبوونەوە، چونکە ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەک، کە ئاشنای ئەو دیاردانە دەبن، پێویستییان بە وشە و زاراوەی نوێ دەبێت، تاوەکو گوزارشتیان لێبکەن، لە نموونەی ئەو وشانەش، کە هاتوونەتە نێو فەرهەنگی کوردییەوە: [کۆمپیوتەر ، لاپتۆپ ، مایکرۆسۆفت ، داتا ، پاسوۆرد ، وایفای ، لەیزەر، ئۆتۆماتیک ، ئۆتۆ، ئایپاد ، ... تاد.]. هەروەها بە پەیدابوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش، فەرهەنگی زمانی کوردی دەیان وشە و زاراوەی نوێی وەکو: [پەیج ، لایک ، پۆک ، نێت ، بلۆک ، فرێند ، تویت ، پۆست ، مینشن ، بیۆ ، پرۆفایل ، ... تاد.] تێدا دەرکەوتووە.

### هۆکاری جوگرافی و بەریەککەوتنی زمانی

بەریەککەوتن و تێکەڵبوونی دوو زمان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، لە ئەنجامی پێویستی یەکێک لەم دوو زمانە بە دەربڕاوێک (حسام سعيد النعيمي، ١٩٨٠ : ٨٠ ــ ٨١)، بە واتایەکی دیکە ئاوێتەبوونی دوو زمان یا زیادتر لە ڕێگەی هاوسێیەتی و سنووری هاوبەش یاخود پێوەندیی خزمایەتی زمانی لە نێوانیاندا هۆکارێکی دیکەی گەشەسەندنی فەرهەنگی هەر نەتەوەیەکە، لەم ڕووەوە فەرهەنگی زمانی کوردی کاریگەریی زمانە دراوسێیەکانی، وەک عەرەبی و فارسی و تورکی لەسەرە، چەندان وشە و کەرەستەی ئەو زمانانە ئاوێتە بە زمانی کوردی بوون و فەرهەنگەکەی پێ دەوڵەمەندبووە، بۆ نموونە:

ـ وشەی عەرەبی: [زەکات، عەبا، حەکیم، حەسود، ئیمان، زیکر، ئەساس، فرسەت، ... تاد.].

ـ وشەی فارسی: [شیرین، ئاهەنگ، ئاواز، ئەندێشە، وەرزش، ... تاد.]

ـ وشەی تورکی: [قەرەباڵغ، یاپراغ، قوڕمساغ، قەرداش، قاڵدرمە، قاچاغ ، ... تاد.].

هەروەها بەهۆی ئەم لە یەک نزیکییەوە، جاری وایە کاریگەرییەکە پێچەوانە دەبێتەوە، واتە وشە و کەرەستەی زمانی

کوردیش چووەتە نێو زمانانی دیکەوە، بە نموونە چەندان وشەی عەرەبی لە زمانی کوردییەوە وەرگیراون، لەوانە: (دارچینی) کە لە زمانی عەرەبیدا بووە بە (دارصینی) و (گامێش) بە (جاموز) و (سەوڵەپا) بە (سولحفاء) و .... تاد (بڕوانە: السید ادی شیر (١٩٨٧ ـ ١٩٨٨) : ٤٤ ، ٦٠ ، ٩٢ . ٩٣).

**هۆکاری ئایینی**

بە درێژایی مێژوو زمانی ئایین و زمانی نەتەوەیی کاریان لە یەکدی کردووە، هەروەها کاریان لە پێشکەوتن یاخود دواکەوتنی نەتەوەکانیش کردووە، بە جۆرێک هەندێکجار زمانە ئایینییەکە زمانە نەتەوەییەکەی بەرەوپێشەوە بردووە و خزمەتی کردووە، هەندێکجاریش کارتێکردنی پێچەوانە ڕوویداوە، هەندێک لە نەتەوەکانیش زمانی ئایین و نەتەوەییان هەریەک زمانبووە، کە ئەمانە تووشی گرفت و کارتێکردنێکی ئەوتۆ نەبوون (حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٥ : ٨١ ـ ٨٢)، بەڵام بۆ ئەوانەی زمانی ئایین و زمانی نەتەوەییان لە یەکدی جیایە، چونکە ((زمان شادەماری کەناڵی تاکەکانی نێوان کۆمەڵگایە، بۆیە زمان نەک هەر بەدەر نییە لەم کاریگەرییە، بەڵکو وەک دەرکەوتووە کە خودی بزاڤی زمانناسی لە کایەی ئایینەوە گەشە و نمای کردووە)) (سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٧ : ٤١).

سەبارەت بە گەلانی ڕۆژهەڵات ئەوا فاکتەری ئایین فاکتەرێکی سەرەکی و کاریگەربووە لەسەر زمانی زۆرینەیان، بە جۆرێک هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە کاتێک ئایینێکیان پەسەندکردووە، لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا زۆرتر تێکەڵ بە یەکبوون، سەرباری بەجێهێنانی فەرزە و وێرد و کردە ئایینییەکانی دیکە، ئەوا ژمارەیەکی زۆری وشە و زاراوە هاتووەتە نێو زمانەکەیانەوە، ئەگەرچی ئەو زمانە لە زمانی ئایینەکەشیان جیاوازبووبێت، بۆ نموونە: دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ژمارەیەکی زۆر وشە و کەرەستەی ئەو زمانەی وەرگرتووە، کە تا ئێستاش بەکاریان دەهێنێت و، بەشێکیان بوون بە بەشێک لە فەرهەنگی زمانەکە، بۆیە ئەم کاریگەرییە کاتێک ڕوونتر دەردەکەوێت، کە زمانی نەتەوەیی و زمانی ئایینی میللەتێک جیاوازبن، چونکە دەبێتە هۆی وەرگرتنی وشە و زاراوە و کەرەستەی زۆر لە زمانە ئایینییەکەوە و بەریەککەوتنی زۆرتر لە نێوانیاندا ڕوودەدات، کەواتە ئیسلام نموونەیەکی زیندووی ئەم بەریەککەوتن و تێکەڵبوونەی زمانی عەرەبییە بە زمانانی دیکە، تەنانەت هەندێک میللەت هەن، لە پێناو ئایینەکەیان دەستبەرداری زمانە نەتەوەییەکەیان بوون، بۆ نموونە: ئارامییەکانی بیابانی شام لە ماوەیەکی زۆر پێوانەییدا بە قازانجی زمانی عەرەبی دەستبەرداری زمانی ئارامی بوون (شاسوار هەرشەمی، ٢٠٠٩ : ٥٧)، سەبارەت بە زمانی کوردی و کاریگەرییەکانی ئایین بە گشتی و ئایینی ئیسلام بە تایبەتی لەسەری، بە هۆی ئەوەی ((کورد یەکێکە لەو میللەتانەی زۆر لە زووەوە موسڵمان بووە و لە پێناو ئیسلامدا شەڕی زۆری کردووە و زانای گەورەی لە بواری نووسینی: فیقه ، تەفسیر ، کەلام ، زمان ... تێدا هەڵکەوتووە و کەم دێ هەیە، مزگەوتی تێدا نەبێ)) (نەوشیروان مستەفا ئەمین،١٩٩٧ : ٢٧٦)، ئەوا بۆیە سەرباری ئەوەی کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر بیرکردنەوەی تاکەکان هەبووە، زۆرجاریش ئەم بیرکردنەوە لە ئاخاوتنندا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەها لە ژێر کاریگەری قورئانی پیرۆزدا زانا و توێژەرانی کورد هەوڵیانداوە ئەلفبایەکی تایبەت بۆ زمانی کوردی بنیات بنێن، هەروەها چەندان وشەی قورئانی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە و زمانی کوردییان لە بواری ئایینیدا دەوڵەمەند کردووە، لە نموونەی ئەم وشانەش: [حەج ، زەکات ، سونەت ، کفر ، فەتوا ، تەڵاق ، کەریم ، ڕەحمان ، ڕەمەزان ، شەعبان ، ... تاد.] (تەلار صباح عومەر، ٢٠١٧ : ٦٧٢).

ڕاگەیاندنەکان

پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان فەرهەنگ و ڕاگەیاندنەکاندا هەیە، بە شێوەیەک ((سەرەڕای جەختی زۆر کە لە لایەن پسپۆڕانەوە دەکرێت، پێم وانییە لە سەردەمی هەنووکەییدا کەسێک هەبێت لە پێگە و گەڕی ڕاگەیاندن حاشا بکات و کارامەیی ڕایەڵەکان بە کەم بزانێت)) (ڕەووف مەحموود پور (مەریوان)، ٢٠٠٦ : ١٥٦)، چونکە لە ئەمڕۆدا ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە (بینراو و بیستراو و خوێنراو) بە ئاسانی بۆ هەموو چین و توێژەکان بەردەستە، بۆیە زۆر بە ئاسانی کار لە بیرکردنەوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکەشیان دەکات، هەروەها دەستەڵاتێکی زۆری بەسەر ژیانی مرۆڤەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوەیانەوە هەیە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە ئەم پێوەندییە ((بە یەکسانی و بە هێڵێکی تەریب ناڕوات، هەردوو لایەنەکە مەرج نییە بە هەمان پلە کار لە یەکتری بکەن، چونکە ڕاگەیاندن لایەنی بەهێزترە، بۆیە کاریگەریی بەسەر زمانەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، بەراورد بە کارلێکی ڕاگەیاندن بەسەر زمانەوە)) (چۆلی ئەسعەد، ٢٠١٣ : ٧٣).

سەربارەی ئەوەی وەک هۆکارێک بۆ گەشەسەندن و فرەوانبوونی فەرهەنگی زمان کەڵکی لێوەردەگیرێت، دەگونجێت ڕاگەیاندن کاریگەری نەرێنیشی هەبێت لەسەر زمان بە تایبەت لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، کە ((دامەزراندنی کاناڵی حیزبی پێش کاناڵی نەتەوەیی کەوت و ئەمەش لە خۆیدا وێرای چەپکێ خاڵی ئەرێنی، خاڵی نێگەتیڤیشی زۆرە و پەنجەرەی ڕوانینی کاناڵی حیزبی بەرتەسکتر و گوشاوتر و پتر بیری لە قازانجی حیزبی دەکاتەوە و هێڵی سەرەکی گەلاڵەی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندنە و ئاوڕ لە بایەخەکانی تر ناداتەوە)) (ڕەووف مەحموود پور (مەریوان)، ٢٠٠٦ : ١٥٦)، واتە باڵدەکێشێت بەسەر زمانەکەدا و بەسەر پێکهاتەکانیدا زاڵدەبێت

و کارلە فەرهەنگی زمانەکە دەکات و دەیگۆڕێت. بۆیە بەهۆی زۆری و جۆراوجۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، هەروەها ئەو کاریگەری و پێوەندییەی لەگەڵ زماندا هەیەتی دەشێت کارتێکردنەکەی لەم دوو لایەنەوە ڕوونبکرێتەوە:

**یەکەم: لایەنی ئەرێنی:** گومانی تێدا نییە، کە بە هۆی ڕاگەیاندنەوە زمان گەشە دەکات، بە جۆرێک لەگەڵ سەردەمدا خۆی دەگونجێنێت و دەبێتە وەڵامدەرەوەیەک بۆ خواست و داواکارییەکان، هەروەها ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە کۆکردنەوە و لێکنزیککردنەوە و یەکگرتنی دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانێک، کە لە دوای ئەم قۆناغەوە زمانی ستاندارد سەرهەڵدەدات (محمد حسن عبدالعزیز، ١٩٧٨ : ٨)، چونکە لە هەموو دونیادا بە هۆی ڕاگەیاندنەوە زمانێکی نوێ دروست دەبێت، کە جیاوازە لە زمانی ئەدەب و زانست، بە نەرمی و ڕوونی و سادەیی گوزراشت لە ژیانی ڕۆژانە دەکات، هەروەها شێوازی نووسین بۆ ڕاگەیاندن گەشەی بە ژیانەوەی زمان داوە (چۆلی ئەسعەد، ٢٠١٣: ٧٤)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕاگەیاندن خزمەتێکی بەرچاوی زمان دەکات.

ئەوەی پێوەندیی بە فەرهەنگی زمانەوە هەیە، دەکرێت بە هۆکارێکی گرنگی لەدایکبوون و بڵاوبوونەوەی دەربڕین و گوزارشت و زاراوەی نوێ لە بوارو پێویستییە جۆربەجۆرەکانی ژیان دابنرێت، بە جۆرێک ڕۆڵێکی زۆر گەورەی لە فرەوانکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی بینیوە و چەندان وشەی وەک: [دیموکراسی ، پەرلەمانی ، بایۆگرافی ، فاکت ، بۆند ، ستایل ، ڕیکلام ، ڕیفراندۆم ، بودجە ، بانگەشە ، سوپرایز ، ڤالانتاین ، پروپاگەندە ، کاژێر ، مارشاڵ ، پلاتفۆڕم ، کۆنگرە ، ئۆپۆزسیۆن ، ... تاد]، لە ڕێگەیەوە چەسپاون و ئاسۆی زمانی کوردییان فرەوانتر کردووە. هەروەها ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵبگێڕێت لە زیندووکردنەوە و دۆزینەوەی ئەو وشانەی کە ڕۆژگارەکانی مێژوو لە کونج و کەلەبەرەکاندا شاردوویانەوە، لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەت و بانگهێشتکردنی کەسانی پسپۆڕەوە، یاخود لە ڕێگەی دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو وشانەوە.

**دووەم: لایەنی نەرێنی:** لێرەدا ڕاگەیاندن خۆی لەم هەوڵانەدا دەبینێتەوە، کە بە هۆیەوە چەندین و وشە و کەرەستەی نوێ و ناباو دەکەونە سەر زاری خەڵکییەوە و بڵاودەبنەوە، کە تێیاندا پێرەوی لە بنەما و یاسا زمانییەکان نەکراوە، واتە ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی چەندان هەڵە، کە پێوەندییان بە وشەسازی و ڕستەسازی و پێکهاتەی زمانی و دەربڕین و دەنگەوە هەیە، گومانیشی تێدا نییە هەڵە بەکاربردنی زمان لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا، بیری نیشتمانی تێکدەدات و توانستە هزرییەکانی خەڵکی پەکدەخات، چونکە بەهۆی ئەو زمانەوە کە تێیدا بەکاردەبرێت، دەتوانێت ڕۆڵێکی نەرێنی و نادروست لەسەر شێواندنی نەک هەر خودی زمان، بەڵکو لەسەر بیرو هزری تاکەکانیش ببینێت، هەروەک (بێرنارد لڤین) لەم بارەیەوە گوتویەتی: ""تێکدانی زمان ، تێکدانی بیرە""، بۆیە هەندێک کەس وای دەبینن، کە ڕاگەیاندن تاوانێکی گەورە بەرانبەر بە زمان دەکات و کارلە وێنە دروستەکەی دەکات و دەیشوێنێت (بڕوانە: چۆلی ئەسعەد، ٢٠١٣ : ٧٤ ـ ٧٦)، لە نموونەی ئەو کاریگەرییە نەرێنییەی ڕاگەیاندنە کوردییەکان بەکاربردنی زیادترلە فۆڕمێکی زمانی بۆ هەمان بابەت، وەکو زاراوەکانی (خوێندکارو قوتابی) ، (ژنان و ئافرەتان) ، (گەنجان و لاوان) ... تاد.، کە هەریەکەیان هی ڕاگەیاندنێکی دیاریکراوەوە، یاخود جاری وایە وشەیەکی دیاریکراو جێگەی خۆی گرتووە، بەڵام ڕاگەیاندنەکان وشەیەکی دیکە دێنەکایەوە، وەکو (گشتپرسی) بەرانبەر بە (ڕاپرسی)، تەنانەت جاری وایە زاراوەیەکی وەرگێڕاو دەمێکە خۆی لەگەڵ فۆنەتیک و دەربڕینی کوردیدا گونجاندووە، بەڵام کەناڵێک شێوەی گۆکردن و نووسینی دەگۆڕێت، وەکو گۆڕینی (بەرشەلۆنە) بۆ (بارسەلۆنە)، یان بەکارهێنانی هەڵەی (چالاکەوان) لە بری (چالاک)، چونکە وشەکە خۆی کردەیە و پێویستی بە پاشگر نییە، هەروەها پاشگری (ـ ەوان) تەنیا بە ناوەوە دەنووسێنرێت، وەک (باخەوان ، مەلەوان) بەڵام (چالاک) ئاوەڵناوە، هەروەها بەکارهێنانی هەڵەی (بەتوانا) لە بری (توانا)، وەک ئەوەی دەگوترێت (فڵان کەس بە توانایە.)، کە ڕاستییەکەی ئەوەیە بگوترێت (فلان کەس توانایە.) وەک چۆن دەگوترێت (فڵان کەس زانایە.) و هەرگیز نەگوتراوە (فڵان کەس بە زانایە.)، ئەمە لە کاتێکدا (توانا ، زانا) هەردووکیان ناوی کاران و بە هەمان یاسا دروستبوون و خۆیان بە تەنیا مەبەستەکە پێکدەهێنن، بۆیە هیچ پێویست بە پێشبەندی (بە) نییە.

**هۆکاری شانازیکردن و خۆدەرخستن**

خۆڵەپێشدانان و منایەتی سیفەتێکی دیاری مرۆڤە، کە لە ڕێگەیەوە هەمیشە ئارەزووی لە دەرخستنی توانستەکانیەتی، تا بەو هۆیەوە خۆی لە تاکەکانی دیکە جیابکاتەوە، لە بارەی فەرهەنگی زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکانیش، ((غەریزەی خۆدەرخستن و شانازی کردن، هەندێک جار، وا لە مرۆڤ دەکات کە چەند وشەیەکی بێگانە وەرگرێ و لە جێگەی وشەی زمانەکەی خۆی بەکاریان بێنێ بۆ ئەوەی وایپیشان بدات کە بە کۆمەڵ بڵێت ڕۆشنبیرە و ئاگای لە دنیا هەیە و زمانی تر دەزانێ)) (هیدایت عبدالله محمد، ٢٠٠٧ : ٣١)، لە کاتێکدا هەندێک لەم وشانەی بەکاریان دەهێنێت زۆربە ئاسانی و بێ هیچ گرێ و گۆڵێک دەتوانرێت بەرانبەرو هاوواتایان لە زمانەکەی خۆیدا بۆ بدۆزرێتەوە، کەچی لە ئەنجامی تێپەڕووبوونی کات و

چەندبارەبوونەوەیان، لە لایەن کەسانی دیکەوە زۆرجار دەچنە نێو فەرهەنگی زمانەوە، لە نموونەی ئەم وشانەش وەکو: [سوپرایز ، کۆنتاکت ، کەپڵ ، دیسپلین ، دیفاکتۆ ، مایکئەپ ، فاستفود ، سویت ، بێد ، ... تاد].

**گەشت و گەڕان**

هەموو گەشت و چوونەدەرەوەیەک لە سنووری وڵاتدا بێت، یاخود بۆ دەرەوەی سنوور بۆ بەکارهێنەری زمانی نەتەوەیی دەبێتە هۆی بینین و ناسینی دابونەریت و خواردن و جلوبەرگ و پێداویستی نوێ، ئەمە جگە لەوەی پێویستی ژیانی رۆژانە وای لێدەکات، کە زمانی ئەو شوێنەی بۆی دەچێت بەکاربهێنێت، بۆیە دوای گەڕانەوەی ئەم تاکە و هێناوەی کەلتور و کەرەستە و پێداویستی نوێ لەگەڵ خۆیدا، وشە و زاراوەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمانەکەش زیاددەکات، جا لە ڕێگەی داهێنان و دروستکردنی کەرەستەی زمانی نوێ بێت یاخود بە وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوەی ئەو زمانەی دیاردەکەی لێوە وەرگیراوە، چونکە وەک هەر دیاردە و بابەتێکی دیکە ناکرێت ئەم کەرەستانەش بێناو بمێننەوە، لە نموونەی ئەم وشانەش کە هاتوونە نێو فەرهەنگی کوردییەوە: [گرەیپ فروت، پاستا ، لازانیا ، بەدی ، سێرڤس ، گارسۆن ، تەلەفریک ، ... تاد].

**شارەزایی زمان و فێربوونی زمانی دووەم**

جگە لەم هۆکارانەی پێشوو هەنووکە ((چەند هۆکارێکی سروشتیی و غەریزەییش وا لە مرۆڤ دەکات، کە سەرنجی ڕابکێشێت و بە دوای نهێنی زمانێکی تر بکەوێت بۆ زێدە زانیاری و فێربوونی زمانانی تر لە پێناو مەرامەکانی ژیانی رۆژانە و خەونەکانی دوارۆژی مرۆڤایەتی دا)) (هیدایت عبدالله محمد، ٢٠٠٧ : ٢٨)، بە جۆرێک زانینی زمانی دووەم لە ئەمرۆدا بووەتە پێویستییەکی گرنگیی ژیان و بەدەستخستنی کاری باشتر، تەنانەت لە زۆر شوێندا کەسی رۆشنبیر و نوخبەش لە ڕێگەیەوە دەناسرێتەوە، هەندێک لەو خەڵکانەشی کە فێری زمانی دووەم دەبن بۆ خۆلەپێشدانان یا بە دیاردەی زمان تێکەڵکردن، کەرەستەی ئەو زمانانە بەکاردەبەن، هەندێکجاریش دوای ماوەیەک لە لایەن خەڵکی دیکەشەوە بەکاردەبرێن و دووبارە دەکرێنەوە، لەم ڕێگەیەوە دەچنە نێو فەرهەنگی زمانەکەوە، لە نموونەی ئەم کەرەستانە:[ڤی ئای پی ، مۆدێرن ، سپێشیەڵ ، پارک ، مۆڵ ، مارکێتینگ ، ... تاد].

بەدەستهێنانی زانست و زانین لە دەرەوەی وڵات

لە ئەمڕۆدا خوێندن لە دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانست و زانینی نوێ لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی دونیا بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی و ئاسان، رۆیشتنی خوێندکاریش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە لە رووی کارتێکردنی فەرهەنگی زمانییەوە ((دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو خوێندکارە لەگەڵ گەڕانەوەی چەندین زاراوە و چەمکی زانستی و پسپۆڕی لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە و لە کاتی ئاخاوتندا بەکاریان بهێنێت، بۆیە هەندێکجار ئەو بەکارهێنانە تاکە کەسییە پەلدەهاوێژێت بۆ نێو زمانی گشتی و دەبێت بە بەشێک لە زمانی ئەو کۆمەڵگایانە)) (ئومێد بارزان برزو & هێرش کەریم حەمید، ٢٠١٧ : ٢٥٥) و، دەوڵەمەندی دەکات، هەندێک لەم وشانەی لەم ڕێگەیەوە پەیدابوون، وەکو: [ئۆفەر ، سێرتیفیکەیت ، دیگری ، ئایدینەمبەر ، ئیختیساس ، قبوڵ ، جیداری ، ئۆنلاین ، سیڤی ، لیسانس ، دانشگا ، خەبگا ، ... تاد].

**جەنگ و داگیرکاری**

بە درێژایی مێژوو بەربەککەوتنی سەربازی، لەگەڵ غەریزەی خۆسەپاندن و داگیرکاری لە کایەدابووە، ئەم دیکتاتۆرییەش وای لە زۆربەی نەتەوەکان کردووە، نەتەوەیەک یا چەند نەتەوەیەک بخەنە ژێر رکێفی دەستەڵاتی خۆیانەوە، لە هەموو داگیرکارییەک و سەپاندنی دەستەڵاتێکیشدا ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی روودەدات، کە تێیدا بە زۆری زمانی نەتەوەی باڵادەست بەسەر زمانی نەتەوەی داگیرکراودا زاڵ دەبێت و بەرەو پووکانەوەی دەبات، لە ئەنجامدا وا لەو زمانە دەکات بکەوێتە وشە و زاراوە خواستن لەم زمانە، هەندێکجاریش لە هەردووک زمانەکە زمانێکی تێکەڵ دروست دەبێت، بە نموونە عەرەب بە هۆی جەنگ و داگیرکارییەوە توانیویەتی زمانی عەرەبی لە زۆر شوێن بکاتە زمانی فەرمی و جێگا بە چەندین زمانی دیکە لەق بکات، بە جۆرێک زمانی عەرەبی توانیویەتی بەسەر ئارامی لە عێراق و شامدا زاڵبێت، هەروەها بەسەر زمانی قیبتی لە میسر و، بەربەری لە مەغریب و فارسی لە هەندێک لەو شوێنانەی فارسی کۆنیان تێدا بەکارهاتووە (ابراهیم أنیس، ١٩٩٥ : ٢٢)، واتە ئاراستەی گۆڕانی زمان لە جەنگ و داگیرکاریدا بە شێوە دیارەکەی، باڵادەستبوونی زمانی دەستەڵاتی داگیرکەرە بەسەر زمانی داگیرکراودا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە مەرج نییە تەنیا زمانی نەتەوە داگیرکەرەکە ببێتە زمانی باڵادەست و هەناردەکردن و پێدەری وشە بە زمانی نەتەوە داگیرکراوەکە، بەڵکو جاری واشە روودەدات، کە زمانی نەتەوە داگیرکەرەکە وشە لە زمانی نەتەوە داگیرکراوەکە وەربگرێت، بە تایبەت بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی کە ئاستی رۆشنبیرییان بەرزە، وەک داگیرکارییە مێژووییەکەی یۆنان

لە لایەن ڕۆمانییەکـــانەوە، کە تێیـــدا لە ڕووی ســـــەربازییەوە ڕۆمانەکان توانیویـانە ســەرکەوتن بەدەســتبهێنن، بەڵام لە ڕووی زانین و ڕۆشنبیرییەوە بە تەواوەتی کەوتوونە ژێر کاریگەریی یۆنانی.

ســەبارەت بە زمـانی کـوردی بەهـۆی ئەوەی کوردســـتان بە درێژایی مێژوو مەیدانی شـەڕ بووە و نەتەوەی کوردیش نەتەوەیەکی ســتەملێکراوبووە، بـۆیە فەرهەنگـی زمـانی کـوردی پڕیەتـی لەو وشانەی تایبەتن بە جەنگ و کاولکاری، کە بە زۆری لە زمانەکانی فارسـی و عەرەبی و تـورکییەوە هـاوردەی زمـانی کـوردی بـوونە، لەوانە: [عەسکەر، سوڵتان ، ئەمیر، زابت ، نەقیب ، جاسوس ، دەفتەردار، جاش ، مستەشار، خەبیر، فیرار، موتەسـەریف ، سـەیتەرە ، مەفـرەزە ، موتەخەلیـف ، ئەمـن ، ئیـدارە، ناپـاڵم ، مێک ، زۆن ، سـاتر، ... تـاد.]، کاریگەریی داگیرکاری بەسـەر زمانی کـوردییەوە لە نـاوی شوێنەکانیشـدا ڕەنگیـداوەتەوە، بە تـایبەت دوای ئەوەی هەنـــدێک لە شـــارو شـــارۆچکەکانی کوردســـتان خـراونەتە ژێـر تـاپۆی دەسـتەڵاتدارانی عوسـمانییەوە ناوەکانیـان گۆڕاوە، لە نموونەی ئەو شوێنانەش: [ساباڵاخ ، باشماخ ، ئاڵتون کـــۆپری ، قوشـــتەپە ، قەرەداغ ، ســـــورداش ، قەرەتەپە ، یاخسـەمەر، ... تـاد.] (بـڕوانە: هیـدایت عبـدالله محمـد، ٢٠٠٧ : ٣٠).

**بوونی دیالێکت و شێوەزارەکان**

مەبەسـت لە دیالێکـت بـوونی دەسـتەیەک لە سـیما و خاسـیەتی زمـانەوانی ســەر بە ژینگەیەکـی دیـاریکراو و تـایبەتە، کە تەنیـا تاکەکانی ئەم ژینگەیە تێیاندا هاوبەشن (محمود عکاشة، ٢٠٠٧ : ١٥٠)، لە زمــانی زۆربـــەی گەلانـــدا، دیالێکـــت و شـــێوەزاری جۆراوجـۆر هەیە، بەبێ ئەوەی ئەم دەرکەوتـنە هـیچ گرفتێکی دیـــاریکراوی بـــۆ دروســـتکردبن، بەڵکــو بە پـــێچەوانەوە وەک سـەرچاوەیەکی سـەرەکی بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگی گشـتیی زمانەکەیان پشتیان پێبەسـتوون، زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی دیـکە خـاوەنی چەنـدین دیالێکـت و شـێوەزارە، کە هەریەکەیـان لەوەی دیکەیان جیاوازە، سەرجەمی ئەو وشانەی لە دیالێکتێک و شێوەزارەکاندا بەکاردەهێنرێن نـاچنە نێو چوارچێوەی سیسـتەمی گشـتیی قسـەپێکەرانی زمانێکەوە، بەڵکو تـایبەتن بە دیـالێکتێکی دیـاریکراو، بەڵام سـەرەنجام هەموویـان لە خزمەتی فەرهەنگی گشتی زماندا دەبن و دەوڵەمەندی دەکەن، هەروەها یەکێک لەم دیالێکتانەی زمان زیـادتر پەرەدەسـتێنێت و بەسـتاندارد دەکرێـت، لە هەمـان کاتیشـدا سـوود لە دیالێکـت و شـێوەزارەکانی دیـکە وەردەگرێت و، چەندین وشە و کەرەستەی ئەوانی تێکەڵ دەبێت، بە واتـایەکی دیـکە هەمـوو شـێوەکانی زمـان کاریگەریـان لەسـەر یەکتر هەیە، ئەو کاریگەری و بەریەککەوتنە زمانییە دەبێتە هـۆی دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگی گشـتیی زمـانەکە، بە نمـوونە ئەو شـێوەیەی کە لە هەرێمی کوردسـتاندا ڕێچـکەی سـتانداردبوونی وەرگرتـووە، چەنـدین وشـە و زاراوەی دیـالێکتی کرمـانجیی ژوروو و دیالێکتەکانی دیکەی تێکەڵبووە، لەوانە: [نـوچە ، هێژا ، نەوژەن ، خامە ، بەرسـڤ ، هێڤیـدار، نەیار، ئاڵەنگاری ، وانەر، نـوژدار، ئـﻬا ، بـلەز، ئـارۆ ، شـارۆ ، لڤـین ، جڤـین ، ... تـاد.] (بـڕوانە: تەلا صباح عومەر، ٢٠١٧ : ٦٧٦ ـ ٦٧٧).

بایەخـــدان بە زمـــانی نەتەوەیـــی و ئاشـــنابوون بە ڕەســـەنایەتی زمانەکە و سـوود وەرگرتن لە کەرەسـتەکانی لای تاکی میللەتان لە کۆنەوە جـێگەی بـایەخ بووە و، زانایانیـان هەرلە زووەوە زەینێکی وەهایان هەبـووە، بە نمـوونە ئیمـامی (شـافیعی) هەرلە سـەردەمی هەرزەکارییەوە شاری (مەککە) بەرەو بیابانەکان بەجێدەهێڵێت و دەچێتە نێو هۆزی (هوزەیل)، ئەمەش لە پێناو ئەوەی زمانەکەی ڕەسـەن و پاراو بکات و لەسـەر بنەمایەکی ڕەسـەن بیپەروەرێنێـت، هەروەهـا گوایە (موعـاویە)ش (یەزیـد) دەنێرێتە بیابانەکانی شـام و سـوریا بە ئامـانجی فێربـوونی زمـانێکی ڕەسـەن (ڕەووف مەحمـوود پـوور (مەریـوان)، ٢٠٠٦ : ١٥٦)، ئەم بـابەتە بـۆ زمـانی کـوردیش هەروایە، بەشـێوەیەک ((تا بەرەو قـوڵایی خـاکی کوردسـتان بـڕۆین و بەرەو چیاکان هەڵکشـێین، زمـانێکی پوخـت و پاراوی کوردییمـان گوێ لێ دەبێ.

هەروەهـا دەتـوانین، لە نمـوونەیەکی دیـکەی زینـدوودا بڵێـین: ئەو زمـانە کـوردییەی ئەمـڕۆ، خەڵکـی گونـدەکانی کوردســتان پێـی دەدوێن، گەلێ لەو زمانە کوردییە خاوێنترە، کە دانیشـتوانی شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان قسـەی پێ دەکەن، چـونکە، ... ڕۆڵی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردســتان، لەو جێگایـانەدا جیاوازیـان هەیە)) (حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٥: ٣٤).

**هۆکاری ڕامیاری و بزوتنەوەی نیشتمانی**

لە زۆرینەی زمانەکاندا بە هۆکاری ڕامیاری و بیروباوەری نیشـتمانی و هەسـتی نەتەوایەتی بە دەیان کەرەسـتەی نوێ سـەریانهەڵداوە، ئەمەش بە هـۆی ئەوەی پێوەنـدییەکی بە تـین لە نێـوان هەسـتی نەتەوایەتی و فەرهەنگی زمانـدا بـوونی هەیە، بە جۆرێـک تـاوەکو هەسـتی نەتەوایەتـی بەهێزتربێـت، ئەوا زمـانی نەتەوەیـیش زۆرتـر پەرەدەسـتێنێت و بەرەوپێشـەوە دەڕوات (ڕۆژان نـوری عبـدالله، ٢٠٠٧ : ٢٠٦)، تەنـانەت لەم کاتـانەدا زۆرجـار دەبینرێـت، کە تاکەکان هەوڵی بژارکـردن و پـاککردنەوەی زمانەکەیـان لە وشـەی بێگـانە و وەرگیراو دەدەن و، زۆرتـر بـایەخ بە بەکارهێنـانی وشـەی خۆماڵی و فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەکەیان دەدەن، بۆیە لەم کاتەدا وشـە ڕەسـەن و خۆماڵییەکانی زمـانەکە ڕوو لە زیـادبوون دەکەن (تەلار صـباح عـومەر، ٢٠١٧ : ٦٧٥)، لە نێـو گەلـی کوردیشـدا هەریەک لەو شـۆڕش و بـزوتنەوە یەک لە دوایەکـانەی هەبـوون

کاریگەریان بەسەرگەشەسەندنی فەرهەنگی زمانی کوردییەوە هەبووە، بە واتایەکی دیکە ((لایەنی شۆڕشی کورد کاریگەری جیاجیای بەسەرزمانەکەیەوە بەجێهێشتووە و، پێوەی دیارە لەبەر ئەوەی شۆڕشیش لە ناو کۆمەڵ و میللەتدا پێویستی خۆی هەیە، ئەم پێویستییەش زمانی دەربڕینی خۆی دەبێت، فەرهەنگی وشە و زاراوەی سەربەخۆی دەهێنێتەکایەوە و لە زمانی کۆمەڵەکەدا، ڕەنگ دەداتەوە)) (ڕەفیق شوانی، ٢٠٠١ : ٤٨ ـ ٤٩)، بۆیە بە هۆی بیروباوەڕی کوردایەتی و هەستی نەتەوەییەوە، لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکان، دەیان وشە و زاراوە و دەربڕینی نوێ هاتوونەتەکایەوە، لێرەدا ئاماژە بۆ چەند دانەیەک دەکەین: [مەشخەڵان ، خەباتی شاخ ، سەرپەل ، شانە ، پۆل ، گیان لەسەردەست ، هەڵات هەڵات ، ڕەشبگیری ، حوکمی ئۆتۆنۆمی ، شەهیدی ڕێگای ئازادی ، کەڵژیان و کەمژیان ، ئەنفال ، گۆڕی بە کۆمەڵ ، زیندەبەچاڵ ، هەرەسهێنان ، نسکۆ ، ئاشبەتاڵ ، مەکۆ ، جڤاتی نیشتمانی ، باژێرڤان ، سازان ، دانوستان ، تاکڕەوی ، دیکتاتۆری ، مەکتەبی سیاسی ، شانەی چەکداری ، بروسکە ، بایکۆت ، ئینقیلاب ، جەنگی سارد ، دژەتانک ، ناپاڵم ، سەمینۆف ، هەلیکۆپتەر ، لەشکرکێشی ، سوپاسالار ، دوژمنبەزێن ، ئاڵقەلەگوێ ، هەڵۆی گەرمیان ، شێرەکوڕ ، بێتەل ، ... تاد].

١ . ٢ . ٤ . ١٢: هۆکاری ئابوری و بارزگانی

زمان وەک هۆیەک بۆ تێگەیشتن و دەربڕینی پێویستییەکان هاتووەتەکایەوە، بۆیە بازرگانیش هۆکارێکی دیکەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، چونکە لە ڕێگەی ئەم هۆکارەوە چەندین کەرەستە دێنە نێوەوە، هەروەها بارزگانیش بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان پێویستییان بە دەرەوەی سنوورو ئاشنابوون بە زمانی دووەم دەبێت، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر فەرهەنگی زمان، بۆیە پێوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان زمان و بازرگانیدا هەیە، بە جۆرێک ئەو گەل و نەتەوانەی لە ڕووی بازرگانی و ئابورییەوە پێشکەوتوون، ئەوا لە وشە و زاراوەدا دەوڵەمەندن، چونکە هەرکارو داهێنانێک وشە و زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە، زۆرجار داهێنانەکە لە هەروڵاتێک بێت ئەوا بە زمانی ئەو وڵاتە ناودەنرێت و بڵاودەبێتەوە (تەلار صباح عومەر، ٢٠١٧ : ٦٧٥)، واتە لەبەر پێویستبوونی خۆی و ناوەکەی بە وڵاتاندا بڵاودەبێتەوە و کاردەکاتە سەرزمانانی دیکە، لە نموونەی ئەوانەش: [زەعفەران ، شەکر ، کافور ، شەراب ، قاوە ، لیمۆ ، ...تاد.] کە دوای گۆڕان و گونجانیان لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە (ڕەفیق شوانی، ٢٠٠١ : ٢٣)، گۆڕانی باری ئابوری کاری کردووەتە سەر فەرهەنگی زمانی کوردی، ئەوەتا بە هۆی گۆڕانی باری ئابوری ژیانەوە، هەندێک دراوی وەکو [عانە ، ڕووپیە ، فلس ، ڕوبع ، درهەم ، نیو درهەم ، قروش ، لیرە ، ... تاد.] لە کاردا نەماون، لە بەرانبەردا چەندین دراوی بیانی دیکە بە هۆی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە هاتوونەتەکایەوە، لەوانە: [دۆلار ، یۆرۆ ، پاوەند ، تمەن ، ...تاد.]، هەروەها لە بواری کێشانە و پێوانەشدا جاران [هۆقە ، نیوهۆقە ، باتمان ، پوت] لەگەڵ [باڵ ، گەز ، نیوگەز] لەکایەدابووە، بەڵام ئەمڕۆکە [گرام ، کیلۆ ، ئۆنسە] و [مەتر ، میللیمەتر ، کیلۆمەتر ، هێکتار] هاتووونەتەکایەوە، (سەرچاوەی پێشوو : ٣٦ ـ ٣٧)، بە هۆی قەیرانی دارایی و باری تایبەتی وڵاتەوە لەم ساڵانەی دواییدا زاراوەکانی [نیوەموچە ، ڕوبعەموچە ، پاشەکەوت ، گەندەڵی ، بایکۆت ، ... تاد.] و، بەهۆی بوونی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت و کرانەوەی بازرگانی نەوت لە وڵاتەکەمان، زاراوەکانی [نەوتی خاو ، برێنت ، پترۆدۆلار ، یەدەگ ، تاوەر ، ... تاد.] بڵاوبوونەتەوە، هەروەها بە هۆی گۆڕانی باری ئابورییەوە، کارو پیشەکان تەنانەت ناوی شوێنەکانیش دەگۆڕێن و بە پێی پسپۆڕیان دابەش دەبن، نموونەی هەندێک لەم شوێن و پیشانەی کە زاراوەکانیان لە زمانانی دیکەوە وەرگیراون و کاریان لە فەرهەنگی کوردی کردووە: [گارسۆن ، مەندوب ، سەیدەڵانی ، تاجر ، ئەسواق ، مۆڵ ، کافتریا ، ئۆفیس ، ڕسێپشن ، ئیستعلامات، مارکێت ، ستی سەنتەر ، ...تاد.]، یاخود زاراوەکانی تایبەت بە گەشتکردن و مانەوە و گواستنەوەی کەلوپەلەکانی وەکو [ڤیزا ، ترانزێت ، پاپۆڕ ، تەیارە ، گەیت ، دایرێکت ، گروپ ، مۆتێل ، هۆتێل ، کۆمپانیا ، باج ، تاکس ، گومرگ ، ... تاد.]یش، هاتوونەتە نێو فەرهەنگی کوردییەوە.

١ . ٢ . ٤ . ١٣: نووسەرو توێژەران

زمان هەروەک چۆن کاریگەریی بەسەر بەکارهێنەرانییەوە هەیە، کاریگەریی تاکەکانیشی لەسەرە، کەواتە ((ڕوناکبیر، نوسەر، پسپۆڕ، لێکۆڵەر، زماننناس و زمانزانەکانی هەر نەتەوەیەک، دەستێکی باڵایان، لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی زمانە نەتەوەییەکەی خۆیاندا هەیە. ئەوان دەتوانن بە شێوەیەکی بەردەوام، بە توێژینەوەی ئەکادیمییانە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند بکەن)) (ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧ : ٢٠٩)، جا لە ڕێگای سوودوەرگرتن لە کەرەستەی زمانەکەی خۆیانەوە بێت، یاخود بە وەرگرتن لە زمانانی دیکەوە بێت، لە زمانی کوردیشدا بە هۆی پێشکەوتنی ئاستی ئەکادیمی و زیادبوونی توێژینەوەی زانستی لەم سەردەمەدا، چەندین وشە و زاراوەی نوێ هاتوونەتەکایە، لەوانە: [یۆرانیۆم ، پیتاندن ، پراگماتیک ، هایدرۆجینی ، سینکرۆنی ، دایۆکرۆنی ، تابۆ ، پێشگریمانە ،

کردەبی قسـەیی ، کەتیگۆری ، پێپەر ، تـوێژینەوە ، تەوەرە ، بەش ، ...تاد.].

١ . ٢ . ٤ . ١٤: بزوتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری

هەر بزوتنەوەیەکی ئەدەبی یاخود رۆشنبیری رەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی و وشە و زاراوەی ئەو سەردەمەی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەمەش بە ئاشکرا لە بزوتنەوەی ئەدەبی کوردیدا رەنگیداتەوە، کە ((چەندین وشە و زاراوەی عەرەبی بە کاریگەری خوێندن و رۆشنبیری و حوجرە و مزگەوتەکان، کە ئەمەش پاڵنەرێکی ئاینی هەبووە، هاتوونەتە نێو فەرهەنگی زمانی شیعری کلاسیکی کوردییەوە و پانتایەکی فراوانیان داگیرکردووە، لەوانە، (سەجع ، مولەمەع ، فەنا ، بەقا، ... تاد) )) (ئومێد بارزان برزو & هێرش کەریم حەمید، ٢٠١٧ : ٢٥٤)، هەروەها زۆرێک لە شاعیرانی کورد جگە لە زمانی کوردی، بە زمانی فارسیش شیعریان نووسیوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر فەرهەنگی کوردی و هاتنەنێوەوەی وشە و زاراوەی ئەو زمانە هەبووە، لەوانە [موشکی ، دوڕ ، خەتا ، خار ، ...تاد]، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی لە ئەدەبی کوردیشدا روویدا، کە ئەدەبی کلاسیکی بە ئەدەبی نوێ هاوچەرخ گۆڕا، سەربارەی ئەوەی زمانی شیعری بەرەو کوردییەکی پەتی هەنگاوینراوە، ئەوا زۆرینەی زاراوە ئەدەبییەکانیش گۆڕاون، بە جۆرێک ئەگەر لە رابردوودا [قافیە ، عەروز ، تەرجیعبەند ، غەزەل ، قەسیدە ، ...تاد.] زاراوەی ئەدەبی سەردەمەکەبوون، ئەوا ئەمڕۆکە [سەروا ، کێش ، پەخشانەشیعر ، هۆنراوە ، لیرک ، ...تاد.] هاتوونەتە نێو فەرهەنگی ئەدەبی کوردییەوە.

## بەشی دووەم

### رێگاکانی گەشەسەندنی فەرهەنگ و پەیدابوونی وشە لە زمانی کوردیدا

بەرهەمهێنانی وشە بریتییە لە پرۆسەی پێڕەوکردن یا بەکارهێنانی وشەی نوێ یاخود داهێنانی وشە و دەربڕینی زمانەوانیی نوێ (عبدالعزیز مطاد، ٢٠٠٦ : ١٠٩)، کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، بۆیە بەکارهێنەران و شارەزایانی زمانی کوردی لە دێرزەمانەوە، هەوڵی پەرەپێدان و فرەوانکردنی فەرهەنگەکەیان داوە، ئەم کارەشیان لە هەردوو رێگا بنەڕەتییەکەی گەشەسەندنی فەرهەنگەوە کردووە، کە زۆر گشتگیر و هەمەلایەنن و لەم توێژینەوەیەدا بنەما و تایبەتمەندییەکانیان دەخرێنەڕوو:

### ٢ . ١: رێگای ڕاستەوخۆ (Direct Approaches)

ئەم رێگایە دەگونجێت وشەدروستکردنیشی پێبگوترێت، کە یاسا وشەسازییەکان دەگرێتەوە، چونکە هەر کاتێک وشە و زاراوەی نوێ لە زماندا پێویست بووبێت، ئەوا رێگاکانی وشەسازی بناخەی پێکهاتن و دروست بوونیان بوون، هەرکەسێکیش زمانی کوردی بزانێت، بێ ئەوەی ئەرکێکی ئەوتۆ بکێشێت، دەتوانێت چەندین وشە و زاراوەی نوێی وەها دیاربکات و ناوبێنێت، کە لەم سەردەمەدا پەیدابوون (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠ : ٣)، بە تایبەت لە رێگای هەڵگواستن و لێکدانی وشەی کوردی رەسەنەوە، وەک دوو رێگای سەرەکی و گرنگی بەرهەمهێنانی وشە لە کردە و پرۆسە مۆرفۆلۆژییە گرنگەکاندا بۆ گەشە و بەردەوامی زمان، لەگەڵ رێگاکانی دیکەی بەرهەمهێنانی وشە، کە لێرەدا بە نموونە و روونکردنەوەی پێویست نیشانیان دەدەین:

2 . 1 . ١: وشەدارشتن(هەڵگواستن ـ Derivation)

پرۆسە و رێگایەکی دروستکردن و پێکهێنانی وشەیە، بریتییە لەوەی، کە وشەیەک یا بێژەیەك لە بێژەیەکی دیکەوە دابڕێژرێت، بە مەرجێك هەماهەنگی و گونجانیان لە بێژە و واتا لەنێواندا هەبێت، بۆ نموونە، لە رەگی وشەی (زانین) چەندان وشەی دیکە دارێژراون، وەك: زانا، پێزانین، دەزانم، زانراو، ...تاد. (محەمەد وەسمان، ٢٠٠٤ : ٥٩)، ئەمەش بەوەی ((چەند مۆرفیمێکی بەند لە تواناییاندا هەیە واتای وشەکان بگۆڕن، یان وشەی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەمبهێنن و پێیان دەگوترێت مۆرفیمی هەڵگواستن (Morpheme Derivation)، ... کەواتە هەڵگواستن بەرهەمەکەی وشەیەکی ئاڵۆزە)) (بێستوون حەسەن ئەحمەد، ٢٠١٢ : ٣٧) و، زیادەکەی لە جۆری مۆرفیمی وشەدارێژە، کە پێشگر (prefixes) و پاشگرە (suffixes) دەگرێتەوە، وشە نوێیەکەش بە رێگای دارشتن دروست دەبێت، ئەم مۆرفیمانە لە توانستیاندایە بەشەئاخاوتنی وشەکە بگۆڕن، هەروەها دەگونجێت وشە نوێیەکە لە هەمان پۆلەرەگەزیا بەشەئاخاوتندا بهێڵنەوە (Lpsen G. (1998 – 1999) : 44)، یان لە نێو چوارچێوەی هەمان بەشە ئاخاوتندا پۆلەکەی یان چەمکەکەی بگۆڕن، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کـوێـر + ـ ی | > | کوێری | (وشەکەی لە ئ |
| ڕا ـ + کـردن | > | ڕاکردن | (واتای وشەکە |
| کورد + ـ ستان | > | کوردستان | (واتاکەی گۆڕا |
| خواردن +ـ ەوە | > | خواردنەوە | (چەمکەکەی گ |
| کتێب + ـ خانە | > | کتێبخانە | (واتاکەی گۆڕاو |
| پیـاو + ـ ەتی | > | پیاوەتی | (وشەکەی لە ن |

لێکدان (Compounding)

ئەویش ڕێگایەکە بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە، کە لە ڕێگایەوە وشە و زاراوەی نوێ لە یەکگرتنی دوو مۆرفیمی سەربەخۆوە یان زیادتر دروست دەبێت، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەش پێی دەگوترێت لێکدان (Katamba F. ,1993 : 52) ، کە لێکسیمێکی ئاڵۆزە و، لە دوو یا زیادتر لێکسیمی بنەڕەتی پێکهاتووە ( Martin Hasplemath and Andrea D. Sims, 2012 : 137) ، ئەم لێکدانەش بە بێ مۆرفیم، یاخود بە یاریدەی مۆرفیمەوە دەبێت:

**لێکدان بە بێ مۆرفیم:** لەم جۆرەدا دوو کەرەستەی زمانی بێ یاریدەی هیچ کەرەستەیەکی دیکە (مۆرفیمی بەستەر ـــ Conjunction) دەخرێنە دەم یەکدی و لە ئەنجامدا وشەیەکی تازە بە واتایەکی نوێ سازدەبێت، بۆ نموونە:

مار + ماسی > مارماسی ، چاو + شین > چاوشین ، دار + تاش > دارتاش

لێکدان بە یاریدەی مۆرفیم: لەم جۆرەدا مۆرفیمە بەستەرەکان ڕۆڵی سەرەکی لە بەیەکگەیاندن و پێکەوەبەستنەوەی دوو بەشە سەرەکییەکەی وشە نوێیەکە دەبینن، لە زمانی کوردیشدا مۆرفیمەکانی وەک: (ە ، و ، ەو ، او ، ان ، بە ، لە ...تاد.) لەم ڕووەوە ڕۆڵی لێکدان و بەستنەوە دەگێڕن، بەم شێوەیە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کێو | ە | ڕەش | > | کێوەڕەش |
| لەرز | و | تا | > | لەرزوتا |
| ماڵ | ەو | ماڵ | > | ماڵەوماڵ |
| پشت | او | پشت | > | پشتاوپشت |
| بەر | ان | بەر | > | بەرانبەر |
| کولێرە | بە | ڕۆن | > | کولێرەبەڕۆن |
| قسە | لە | ڕوو | > | قسەلەڕوو |

**داتاشین (Blending)**

ئەم ڕێگایە (تێکەڵکردن)یشی پێدەگوترێت، وەک ڕێبازێک بۆ سازکردنی وشە و زاراوە، لە ڕێگای لێکدانەوە دەبێت، بەڵام ئەم لێکدانە بریتییە لە لێکدانی دوو وشە یا مۆرفیمی سەربەخۆ، یاخود زیادتریش دوای کرتاندن و فڕێدانی دەنگێک یان زیادتری یەکێک لە پێکهێنەرەکان یاخود هەردووکیان، ئینجا خستنە تەکیەکیان و بەرهەمهێنانی وشەیەکی تازە لە هەردووکیان بە واتایەکی نوێ (کامیل حەسەن بەسیر، ١٩٧٨ : ٧٠). بەڵام ئەوەی پێویستە، کە دەبێت هاوئاهەنگی لە گۆکردن و واتای نێوان وشە تێکەڵکراوەکە و هەردوو وشە یان زیادتر لە وشە لێداتاشراوەکە هەبێت (علی القاسمی، ١٩٨٥ : ١٠٢)، بۆ نموونە:

**کرتاندن لە هەردووک پێکهێنەرەکە:**

ڕۆژنامە + گۆڤار > ڕۆڤار ، چۆن + بزانم > چوزانم (دەروون عبدالرحمن سالح، ٢٠١٠ : ١٠١)

**کرتاندن لە پێکهێنەری یەکەم:**

مۆرفۆلۆژی + سینتاکس > مۆرفۆسینتاکس ، باب + پیر > باپیر

**کرتاندن لە پێکهێنەری دووەم:**

دەست + هاڕین > دەستاڕ ، پور + زادە > پورزا

**نموونەی لێکدانی سێ پێکهێنەری:**

مەحوی + نالی + مەولەوی > مەنامە*

**لەم نموونانەدا گۆڕانکارییەکە زۆرترە:**

خورما + مێوژ > خورمژ

لە پێکهێنەری دووەم، تەنیا (ژ)ی لێوەرگیراوە بۆ سازکردنی وشە نوێیەکە

کانی + ئاسکان > کانێسکان .

لێرەدا (ئاسکان)، (ئا)ی لێی کرتێندراوە و، تەنیا (سکان)ی لێوەرگیراوە، گۆڕان بەسەر (کانی)یشدا هاتووە و بووە بە (کانێ)، ئەمەش بۆ هاوئاهەنگی و ئاسانی گۆکردنە.

با + سارد + وشک > باسریشک (بایەکی سارد و وشک)

لەم نموونەیەشدا گۆڕانکاری بەسەر هەردوو پێکهێنەری کۆتایی وشە نوێیەکە هاتووە لە وشەی (سارد) کرتاندنەکە لە نێوەڕاستی وشەکە ڕوویداوە و (ا) فڕێدراوە و بووە بە (سر)، لە (وشک)یشدا (شک) وەرگیراوە، ئەوەی ئەم نموونە لەوانەی پێش خۆی جیادەکاتەوە، زیادبوونی (ی)یە بۆ وشە تێکەڵکراوەکە، ئەمەش بۆ ئاسانی گۆکردنە.

**میتافۆر**

میتافۆر یا ئاوەڵواتا زاراوەیەکی زمانەوانیی گرنگە و، ڕۆڵێکی گرنگ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا دەبینێت، ئەمەش بەوەی کەرەستە و ئامرازێکی بەهێزە، لەوەی هەر کاتێک بمانەوێت بارێکی نوێ بدۆزینەوە یان ڕوونی بکەینەوە یان وەسفی بکەین، توانستی ئەوەمان دەداتێ، کە باری نوێ لە چوارچێوەی وشە و دەربڕینە کۆنەکاندا لێکبدەینەوە، بە تایبەت ئەو چوارچێوەیەی کە پێی ئاشنایین و لێی شارەزایین (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠ : ١٢)، ئەمەش بە گواستنەوەی وشە لە واتا دروست و ڕەسەنەکەیەوە بۆ واتا و مەبەستێکی دیکە دەبێت، یان لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشەیەک بۆ واتایەک کە واتای دروستی خۆی نییە، لەگەڵ بوونی نیشانەیەکی زمانی یا ژیری، بە مەرجێک ئەو نیشانەیە ڕێگربێت، کە بۆ ئەو وشەیە بە واتای دروستی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو

* ناوی کتێبە زمانەوانییەکەی نووسەر و مامۆستای زانکۆ (محەمەدی مەحوی)یە.

به واتایی خوازەیی و خوازراو هاتووە (یوسف بن ابی بکر بن محمد بن علی السکاکی، ١٩٨٧ : ٣٥٩)، بە واتایەکی دیکە میتافۆر پرۆسەیەکە، تێیدا وشەیەک لە کێڵگەیەکی واتایی دیاریکراوەوە بۆ کێڵگەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، وەکو: .

**. کەشتییەکە ئاوەکەی کێڵا.**

لێرەدا زمانی کشتوکاڵی (کێڵان) بۆ چالاکی دەریایی گواستراوەتەوە (Finch G., 2005 : 161). هەروەها ئەو وشانەشی، کە لەم ڕێگا و ڕێبازەوە بەرهەم دەهێنرێن دەبنە کەرەستەی توێژینەوە لای فەیلەسوف و دەروونناس و ئەدەبناس و زمانەوانان، چونکە هەریەکەیان بە پێی شارەزایی و زانین و بۆچوونی خۆی و کارکردنی لە مەیدان و بوارێکی تایبەتی زانستی لێی دەتوێژێتەوە (عبدالله عزیز محمد بابان، ١٩٩٠ : ٧٨).

بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو زمانێکدا دوو جۆرە واتا جیادەکرێنەوە (بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١: ٦١ و شەهاب شێخ تەیب تاهیر، ٢٠١٢ : ٢٤٨)، کە بریتین لە:

**یەکەمیان: ڕاستەوخۆ یا دروست** (Direct Proper Meaning): لێرەدا فۆرمەکە واتا فەرهەنگییەکەی دەدات و بۆی بەکاردێت، یان بەو واتایە دەگوترێت، کە ڕاستەوخۆ دیاردە و بابەتێکی ڕاستەقینە نیشان دەدات، وەکو (گەنم) کە تەنیا بۆ دانەوێڵەی گەنم بەکاردێت.

**دووەمیان: خوازە یا خوازراو** (Transferred Meaning): ئەمەیان ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی بابەتی نیشان نادات، بەڵکو ئەو وشانە دەگەڕێتەوە، کە بۆ واتا هۆشەکی و بنجییەکەیان بەکارنەهاتوون، بۆ نموونە: (ئاگرنانەوە) دوو واتای هەیە: (ئاگرتێبەردان)، کە واتا دروست و هەمیشەییەکەیەتی، لەگەڵ (ئاژاوەنانەوە)، کە واتا خوازراوەکەیەتی، هەروەها وشەی (ماڵوێرانی)، کە واتای دروستی ئەم وشەیە ئەوەیە، یەکێک خانووەکەی تووشی تێکچوون و وێرانبوون هاتبێت، کەچی ئەم وشەیە لەم واتایە گوازراوەتەوە و بۆ واتایەکی دیکە خوازراوە، بەجۆرێک ئەگەر کەسێک تووشی ڕووداوێکی ناخۆش بێت، وەک لەدەستدانی کەسێک لە ئازیزان و ئەندامانی خێزانەکەی یان زیانێکی گەورەی ماڵی...تاد. (سەلام ناوخۆش & نەریمان خۆشناو، ٢٠١٠ : ٤٢٩ ـ ٤٣٠)، لەم نموونانەوە دەردەکەوێت ئاوەڵواتا یا میتافۆر ((بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ گەیاندنی واتایەک جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی)) (محمد علی الخولی، ١٩٨٢ : ١٦٨)، ئەم بارەش بە هۆی ((یاریکردنە بە سیما واتاییەکان، سڕینەوەی هەندێک و بەرڕۆشنایی دانی هەندێکی ترە پەیوەندی بە وشەوە هەیە و بە دیاردەیەکی بەربڵاوی ناو زمان دادەنرێ)) (سازان معین رضا، ٢٠٠٥ : ٤٨)، ئەمەش ئەو تایبەتمەندییە دەردەخات، کە وشەکانی هەموو زمانێک لە ڕووی ژمارەوە سنووردار و دیاریکراون، کەچی واتا بێسنوورە و هەمیشە لە پەرەسەندن و گۆڕاندایە، بە شێوەیەکی گشتیش دوو جۆرە واتای خوازراو بەرچاودەکەوێت:

**خواستن (الاستعارة) (Metonym)**

وەک یەکێک لە شێوەکانی گواستنەوەی واتا یا واتای خوازراو بریتییە لە هەڵبژاردنی هێمایەک بە پێی لێکچوون و بوونی پێوەندیی واتایی لە شوێنی هێمایەکی دیکە لەسەر تەوەرەی ستوونی (عبدالسلام نجم الدین، ٢٠٠٨ : ١٤٦)، وشەی خواستراویش دەبێت، یەکێک لەم مەرج و تایبەتییانەی تێدا بێت:

**یەکەم:** پێویستە لێکچوون لە ڕووی ڕوخسار و شێوە و دیمەن و کاتەوە لە نێوان وشە بنجییەکە و بۆ خوازراوەکەدا هەبێت، وەکو خواستنی (ملی شوشە) لە (ملی مرۆڤ)ەوە کە لە ڕووی شێوەوە لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە (محەمەد مەعروف فەتتاح، ١٩٨٦ : ١١٠)، یاخود گواستنەوەی ناوی ئەندامەکانی دیکەی لەشی مرۆڤ بە واتا و نێوەرۆکەوە بۆ ئەو شت و کەرەسانەی، کە مرۆڤین یان مرۆڤی نین، وەك ( قاچ ) لە (قاچی کورسی) و (چاو) لە (چاوی عەلادین) و (لووت) لە (لووتکە و لووتی شاخ)دا (محەمەد مەحوی، ٢٠٠٩ : ٨٣)، یا بەکارهێنانی (نێوجەرگەی بازاڕ) بە هۆی شوێنەکەیەوە، هەروەها (کورتەچیرۆک)یش بە هۆی کاتەکەیەوە

**دووەم:** بوونی پێوەندیی و لێکچوونی ئەرکی لە نێوان کەرەستەکاندا، وەکو (ددانی موشار) و (باڵی فڕۆکە) و (دەسکی دەرگا) (عبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١ : ٩٧).

**سێیەم:** لە ڕووی هەست و نەستەوە لە یەکچوونێک لە نێوان واتای وشەکاندا هەبێت (ستیفن اولمان، ١٩٦٩ : ١٦٥)، وەکو (گۆشتتاڵ)، مەبەست ئەوە نییە ئەو کەسە گۆشتی تاڵە بۆ خواردن ناشێت، بەڵکو مەبەست کەسێکی ڕەزا قورس و ئێسک گرانە (ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧ : ١٨٥)، هەروەها (سڵاوێکی گەرم) و (گریانێکی قووڵ) و (میوانداریی سارد) و (خوێنشیرین)... تاد. بە واتایی خوازەیی بەکارهاتوون.

**خوازە (المجاز) (Metaphor)**

لە خوازەدا بە پێچەوانەی خواستن مەرج نییە پێوەندیی لێکچوونی ئەرک و شوێن و شێوە و هەستی هەبێت، بەڵکو گواستنەوەی واتای وشەیەکە بۆ وشەیەکی دیکە لەسەر تەوەرەی ئاسۆیی (عبدالسلام نجم الدین، ٢٠٠٨ : ١٤٧)، کە تێیدا دوو شت ئەوەندە پێوەندیی نێوانیان بەهێزە، بە ناوی یەکێکیانەوە ناوی ئەوەی دیکە دەهێنرێت، وەک (ئەمریکا) و (سیاسەتمەداران)، کاتێک دەگوترێت:

**.ئەمریکا لە بارودۆخی کوردستان نیگەرانە.**

وەک ئەوە وایە گوترابێت:

**- سیاسەتمەدارانی ئەمریکا لە بارودۆخی کوردستان نیگەرانن.**

بە گشتی پێویستە لە خوازەدا لە نێوان واتای گوتراو و مەبەستدا پێوەندییەک هەبێت، کە لێرەدا هەندێک لەو پێوەندییانە تۆماردەکەین:

- پێوەندیی گشت لەگەڵ بەش و ناو لەگەڵ ناوەرۆک

✐ **هێنانی گشت بۆ بەش:** سەری (بەشێک لە مووەکانی سەری) سپی بووە.

✐ **هێنانی بەش بۆ گشت:** سەری (هەموو ئەندامەکانی جەستەی) دەشوات.

✐ **هێنانی ناو بۆ ناوەرۆک:** سەماوەرەکە (چایەکە) دەکوڵێت.

✐ **هێنانی ناوەرۆک بۆ ناو:** وریابە بۆنەکە (شوشەی بۆنەکە) نەشکێنیت.

- پێوەندیی دەرخەرو دەرخراو

✐ **هێنانی درخراو:** مامۆستا (مامۆستای کوردی/ ئینگلیزی ) هات.

✐ **هێنانی دەرخەر:** زیرەکە (کوڕە/کچە زیرەکەکە) هات.

- پێوەندیی گشتی و تایبەتی:

✐ **هێنانی گشتی بۆ تایبەتی:** شیرین و فەرهاد (دوو کەسی عاشق) هاتن.

✐ **هێنانی تایبەتی بۆ گشتی:** حکومەتی عێراقی (حەشدی شەعبی/حەیدەر عیبادی) کەرکوی داگیرکرد.

**- پێوەندیی ڕەگەزی:**

سروە قاپەکانی (قاپ و کەوچک و چەنگاڵ و پەرداخ و ...تاد.) شت.

**- پێوەندیی شوێن و شوێنی:**

✐ لە دوکاندارەکە (خاوەن دوکانەکە) بپرسە.

✐ دەچم بۆ دارا (شوێنی شەڕەکەو).

(بڕوانە: عبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١ : ٩٨ - ٩٩)

**پێوانە و زرەڕێژ (Measure & Calque)**

وەک ڕێگا و ڕێبازێک بۆ بەرهەمهێنانی وشە، لە هەموو زمانێکی پێشکەوتوودا بەرچاودەکەون، ئەمەش بە جۆرێک دێنەکایەوە، کە وشەیەکی خۆماڵی یا بیانی لە ڕووی وشەسازییەوە دەبێتە پێوەر و پێودانگ بۆ بەرهەمهێنانی وشەی دیکە، بەو واتایەی ئەو وشەیە لە چەند بەش و چی (جۆری کەرەستەکان) پێکهاتووە و بە چ یاسایەک دروستبووە دەکرێتە بنەمای دروستکردنی وشەیەکی دیکە، یان ئەوەتا لە وەرگرتن و وەرگێڕاندا پێکهاتە و واتاکەی ڕەچاودەکرێت (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥ : ٤٧)، واتە لە زمانە بیانییەکەدا چۆن بووە و لە چی پێکهاتووە لە زمانی دووەمیشدا هەر بەم شێوەیە و بەهەمان جۆری کەرەستە و واتاوە وشەیەکی نوێ بە هەمان یاسا ڕۆدەنرێتەوە، لە ڕووی لێکسیکۆلۆژیشەوە پێکهێنەرەکانی چ واتایەکیان هەبووە و وشەکە چ واتایەکی گەیاندووە، هەمان واتای دەبەخشێتەوە (هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)، تەنانەت لەو بارەیەوە دەگوترێت: ئەوەیە کە وشەیەک یان دەستەواژەیەک لەبەر ڕۆشنایی و لە ڕێگەی وەرگێڕانی وشە و دەستەواژەکە بۆ زمانێکی دیکە نوێ دەکرێتەوە (محمد علی الخولی، ١٩٨٢ : ٢٩١).

ئەوەی ئێمە بزانین لە توێژینەوە و نووسینە کوردییەکاندا (پێوانە) و (زرەڕێژ) هەردووکیان کراون بە ناو بۆ یەک ڕێباز، تەنانەت هەندێکجار سنووری بەکارهێنانیان زۆر بەرتەسک دەکرێتەوە، بە جۆرێک کە پێیان وایە، ئەو وشانەن لە زمانێکی بێگانەدا چۆن دروستبوون و داڕێژراون بە هەمان شێوە و پێوەریش لە زمانی کوردیدا دروستبوونە و داڕێژراونەتەوە (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١ : ٦١)، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ناونان و بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە لای میللەتان بۆمان دەردەکەوێت، کە زرەڕێژ تایبەتە بە کردنە پێوەرو بنەمای وشەی بێگانە، هەرچی پێوانەشە بۆ کردنە دەستوورو یاسای وشەی خۆماڵی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بەکاردێت، بۆیە ناکرێت سنوورەکەیان لە وشەی بێگانەدا بەرتەسک بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت وەک دوو ڕێگای جیاواز سەیربکرێن، کە هەریەکەیان تایبەتە بە بوارێک، کە لێرەدا نیشانیان دەدەین:

**زرەڕێژ (Calque)**

ئەم وشانەی بەهۆی ئەم ڕێبازەوە بەرهەمهاتوون لە عەرەبیدا بە (کلمة مقتبسة بالقیاس) و لە ئینگلیزیدا بە ( Loan Words Translation) ناونراون، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت: جۆرێکە لە جۆرەکانی وەرگرتن، کە پێکهاتە مۆرفیمییەکانی وشە وەرگیراوەکە یان فرێزەکە وەردەگێڕرێن، یەکە و مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی وشەکە لە زمانە نوێیەکەدا هاوتا و یەکسان دەکرێنەوە (Crystal, David, 2003 : 64)، وشەی لەم جۆرە لە زمانی کوردیشدا بەرچاودەکەون، کە لە ڕووی پێکهاتن و بنیاتنانەوە ((لە کەرەستەی کوردی دروست کراون، بەڵام شێوەی پێکهاتنیان تیشکدانەوەی وشەی بێگانەن)) (کەمال جەلال غەریب، ٢٠١٢ : ٦٦)، وەک وەرگێڕاوی پیتی (حرفی) ئەو وشانە دەردەکەون، بە شێوەیەک وا ڕێک دەکەوێت وشەیەکی بێگانە، لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە چەند بەش پێکهاتبێت و چۆن دروستبووە و مانا و واتاکەی چییە، لە وەرگرتن و وەرگێڕاندا بۆ زمانی کوردی، پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکە و واتایەکەی لەبەرچاوگیراوەتەوە، بۆ نموونە: وشەیەکی وەک (جێناو)ی زمانی کوردی لە (Pronoun)ی

ئینگلیزییەوە بە زرەڕێژ ڕۆنراوە، کە لە دوو مۆرفیمی جیای (Pro) بە واتای (جێ، لەجێ ، لەباتی، لەشوێن) و (Noun) بە واتای (ناو) پێکهاتووە، هەروەها (شرقشناس یا خاوەرشناس)ی زمانی فارسیش لەگەڵ (ڕۆژهەڵاتناس)ی کوردی بە هەمان ڕێگە دروستبوون، کە (شرق) و (خاوەر) بە واتای (ڕۆژهەڵات) و (ناس)ی ڕەگی (ناسین)یش واتاکەی لە فارسیدا دەبێتە (شناس) پێکهاتووە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥ : ٤٧).

## پێوانە (Measure)

ڕێبازی پێوانە لە زمانی عەرەبیدا وەک ڕێگایەکی دانان و سازکردنی وشە و زاراوە بە ناوی (القیاس)ەوە ناونراوە و، بەوە باسی کراوە کە بنەمایەکە لە ژێر ڕۆشنایی ئەودا هەموو یاساکانی زمان و داڕێژراوەکانی وشە و واتاکانیان بنیات دەنرێن، هەروەها پێوانە دەبێتە تەرازوو و بنەما بە دەست زمانەوانەکانەوە و، لە ڕێگەیەوە بڕیاری ڕاست و هەڵەی دیاردە زمانەوانییە هاوچەرخەکان و پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەیان دەدرێت (ابراهیم انیس، ١٩٧٨ : ٨)، لەم ڕێبازە، وشە کۆنەکانی زمان وەردەگیرێن و، دەکرێنە پێوەر بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێباو، هەرچەندە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی بۆن و بەرامەی وشە کۆنەکان لە پێکهاتنیاندا تیشک بداتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیربێت ئەگەر ڕێبازی پێوانە لە زماندا لەبەرچاو نەگیرێت، ئەوا بە هۆی زۆربوونی ژمارەی دەستوورەکانەوە لایەنی وشەسازیی هەر زمانێک ئەوەندە ئاڵۆزدەبێت کەس سەری لێ دەرناکات، هەروەها جیاواز لە زرەڕێژ، لە بری وشەی بیانی پشت بە ((سامانی وشەکانی زمانەکەمان، کە لە باوو پیرمانەوە بۆمان ماوەتەوە و لە قۆناخی زمانی لەدایکبوونی کوردیدا پەیدابووە)) (کەمال جەلال غەریب، ٢٠١٢ : ٦٦) دەبەستین، بۆیە گرنگە پێوانە بۆ بەرهەمهێنانی وشە پێڕەوبکرێت و، ((مەرجی گرنگی ئەمەیش تێگەیشتنێکی زانستییانەی سروشتی زمانەکەمان و شارەزایی و لێزانی و تایبەتمەندییەکی قووڵ و فراوانی زانستی زمانە، کە لە هەموو جیهاندا ئەکادیمییانە ڕەچاوکراوە ئێمەیش دەتوانین سوودیان لێ وەربگرین و دوورەپەرێز، لە ئەزموونی نەتەوەکانی تر نەوەستین)) (جەمال عەبدول، ٢٠٠٨ : ١١٥ ـــ ١١٦)، ئەمانەش چەند نموونەیەکن، کە لە ڕێگەی پێوانەوە سازکراون:★

| دەستوری | زاراوەی پێوانەکراو |
|---|---|
| ناو + ساز | دەرمانساز، زاراوەساز، باتریساز، ڕەخنەساز، چەخماخساز، عودساز، کەمانەساز، زوڕناساز، نەیساز، بلوێرساز... تاد. |
| ناو + پاشگری (ـانە) | پاکانە، زەوییانە، پوشانە، سەرانە، مەڕانە، کاولانە، باخانە، ڕەزانە، ڕۆژانە، مانگانە، ساڵانە،... تاد. |
| ناو + ڕەگی (کێشان) | ئاوکێش، بەردکێش، بارکێش، نەوتکێش، چۆپیکێش، سەرکێش، جگەرەکیش، خەڵوەتکێش، چەقۆکێش، ددانکێش... تاد. |
| ناو + پاشگری (ـمەند) | هونەرمەند، دەوڵەتمەند، سەروەتمەند، هۆشمەند، پەرۆشمەند، سۆزمەند، بەهرەمەند... تاد. |

خشتەی ژمارە(١) پێوانەکردن کارێکی بێ گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە نییە، بەڵکو چەندین مەرج و بنەما هەن، کە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە دەبێت لە لایەن ئەوانەی پێوانەکاری دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی نوێ بگیرێنەبەر، کە خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە:

1. هەڵبژاردنی پاشگرو کەرەستەی لەبار، چونکە مەرج نییە هەموو کەرەستەیەک بۆ پێوانەکردن و بنیاتنانەوە دەست بداتەوە.
2. وشەی ناقۆڵا و ناڕێکیان لێ دانەڕێژرێت، ئەگەرچی بەپێ دەستوورە زمانییەکانیش ڕاستبن، چونکە ئەوەی وشەکە جێگیر دەکات ڕەزامەندیی خەڵکە، بە نموونە دروستکردنی وشەی (تێنووس) بە پێوانەی (پێنووس)، کە هیچ کامێکیان لە بەکارهێناندا سەرکەوتوو نەبوون یا بە هەمان پێوانە بەکارهێنانی (پێبڕ) بۆ هەرچی بڕندە و بڕەرە.
3. پێوانەکارو دروستکەری وشە و زاراوەکە، پێویستە ئەوەی لە توانست و دەستەڵاتیدا هەیە، لە مەرجەکانی جوانی و وردی لە وشەنوێباوەکەدا لەبەرچاویان بگرێت، بە تایبەت کورتی و ڕەوانی، چونکە بە هۆیانەوە سەرکەوتن و جێگیرکردنی مسۆگەر دەبێت.
4. نەبوونی وشەی زیندوو و ڕۆیشتوو لە نێو زمانەکەدا بۆ ئەو وشانەی جێگرەوەیان بۆ دادەنرێت، چونکە ئەگەر وشە پێوانەکراوەکە لە کۆنەکە شیرینتر نەبێت، ئەوا گومانی تێدا نییە

★ بۆ شارەزابوونی زیادتردەربارەی پێوانە و چۆنیەتی پێوانەکردنی وشەی زمانی کوردی بڕوانە:

✎ مە سعوود محە ممەد (٢٠١١)، زاراوە سازیی پ ێوانە، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر. [کۆنترین و تاکە کاری سەربەخۆی بواری پێوانەکاری وشەکانی زمانی کوردییە].

رووبەرووی ڕەتکـردنەوە دەبێـتەوە، وەک بەرهەمهێنـانی وشـەی (ژمارینگ) بۆ ئامێری (حاسـبە) و (بژارینگ) بۆ ئامێری (بژاربڕ) بە پێوانەی وشەی (بێژینگ).

5. لەبەرچـــاوگرتنی بەشــــەئاخاوتنی کەرەســــتە پێـــوانەکراوەکە، بە نمـــوونە: بەرهەمهێنـــانی (چـــالاکەوان) بە پێوانەی (مەلەوان و باخەوان) کارێکی دەستوری نیـیە، چـونکە وشــەی (چـالاک) ئاوەڵنـــاوە، بەڵام وشـــەکانی (مەلە ، بــاخ) هەردووکیـان نـاون، واتە پاشـگری (ــ ەوان/وان) تـایبەتە بە نـاو، هەروەهـا لە کردارەکانـدا هێـزی کـردارەکە لە ڕووی تێــپەڕو تێنەپەڕیــیەوە لەبەرچاوبگیرێــت، بــۆیە ناکرێــت (هەڵســـتەر) لە (هەڵستان)ەوە بەرهەم بهێنرێت، چونکە پاشگری (ـەر) تایبەتە بە کرداری تێپەڕ، نەک تێنەپەڕ.

(بڕوانە: مەسعود محەمەد، ٢٠١١ : ٩٠ ـ ٩١)

**کورتبڕی و ئابوریکردن**

دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشەی نوێ وەک ئاخاوتن و نووسین ئابوریکردن تێیدا ڕوون و دیارە، چونکە کاتێک وشە و زاراوەیەکی نوێ پێشنیازدەکرێت، هەمیشە دانەرانی لە بیری ئەوەدان کە چۆن ڕەزامەندیی خەڵک بەدەستبهێنێت و لە بیریاندا بمێنێتەوە، ئەم کارەش پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە فۆڕمی وشەکە و ژمارەی پێکهێنەرەکانییەوە، لە ڕووی درێژی و کورتی و ئاسانی دەربڕینەوە هەیە، بە واتایەکی دیکە کورتبڕی لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا بۆ یەکێک لە تایەتمەندییەکانی پێشکەوتنی زۆر زمان دەگەڕێتەوە و لە هەموو زمانێکدا چەندین ڕێگا هەن، کە ئینکۆنۆمی تێیاندا ڕۆڵی خۆی لە سازکردنی وشەدا دەبینێت (دەروون عبدالرحمن سالح، ٢٠١٢ : ١٠٦ ـ ١٠٧)، لە هەمان کاتیشدا مانا و واتای کەرەستە سەرەکییەکە دەدەن، ئەم هۆکارانەشی کاردەکەنە سەر گرتنەبەری ئەم ڕێگایانە بۆ بەرهەمهێنانی وشە، بریتین لە:

1. ئاســانی لەبەکارهێنانــدا جــا چ لە دەربــڕین یــاخود نووسیندا بێت.

2. ئارەزووی خەڵکی، چونکە بە هۆیانەوە کەمترین وزە و ماوە و شوێن سەرف دەکرێت.

گرنگترین ئەو ڕێگایانەش، ئەمانەن:

**ئەکرۆنیم (Acronym)**

ڕێگایەکی جیهانییە بۆ داڕشتن و سازکردنی وشە و زاراوە، کە لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت (شێروان حسێن حمد، ٢٠١٠ : ٦٧)، ئەمەش بە دەربڕینی یەکەم پیت یا یەکەم دەنگی کۆمەڵە ناوێک، یـاخود پێکهێنەرەکانی فرێزێک یـان ڕسـتەیەک دەبێـت، کەواتە کورتکردنەوەی وشەکان و وەرگرتنی یەکەم پیتی ئەو وشانە و پێکهێنانی وشـەیەکی نـوێیە (George Yule, 2006 : 57)، کە سـەربەخۆ مانـا وەردەگرێـت و بەکاردێـت، بە بۆچـوونی هەنـدێک کەسیش ((بریتییە لە لێکدانی بڕگەی یەکەمی یان دەنگی یەکەمی دوو وشـە یـا زیـاتر)) (مـحەمەد مەعـروف فەتـاح، ١٩٨٧ : ٩٩)، بەڵام نـموونەی لێکـدانی بڕگەیی لە کوردیدا زۆر دەگمەنە، بۆیە دروستتر ئەوەیە، کە ئەکـرۆنیم ئەو پرۆسـەیە، ((کە یەکەم پیتی وشــەکان وەردەگیرێـت، پاشــان لێکـدەدرێت، لە ئەنجامـدا وەک وشـەیەکی سـەربەخۆی لێـدێت)) (دەروون عبـدالرحمن سـاڵح، ٢٠١٠ : ١٠٦)، تەنانەت هەندێک کەس نازانن ئەوانە ئەکرۆنیمن و لە کـورتکردنەوەی کەرەسـتەی دیـکەوە دروسـتبوون، چـونکە هێنــده بەکارهــاتوون، لە نێــو خەڵکــدا ڕۆیشـــتوون و، وەک وشـەیەکی سـەربەخۆیان لێهاتووە، لە گرنگترین تایبەتییەکانی ئەو جۆرە وشانە بریتین لە:

1. لە وەرگرتنی یەکەم پیتی وشەکانەوە، یاخود یەکەم بـڕگەی وشەکان پێکدێن.

2. مەبەســتی ســەرەکی ئەم پرۆســەیە ئاســانی و خێرایــی و کورتکردنەوەیە لە دەربڕیندا.

3. شـوێنی وشـەکان دەگرنەوە، تەنانەت ئەگەر کەسێک شارەزا نەبێت وشەکانیان لە بیردەچنەوە، بۆ نموونە (پاسۆک) لە یەکەم پیتی (پارتی ئازادیی سۆسیالیستیی کوردستان)ەوە هاتووە، بەڵام با ئەوەمان بیربێت لە (سۆسیالیست)دا یەکەم بڕگە لە بری پیت وەرگیراوە.

4. هەنـدێک لەم وشـە ئەکرۆنیمەکان جـگە لەوەی چـوونەتە فەرهەنـگەوە، چـوونەتە نێـو فەرهەنگی زمانی نەتەوەی دیـکەوە، لەوانە (IELTS)ی ئینگلیزی.

5. هەندێک لە ئەکرۆنیمەکان بەڕێککەوت واتـاش دەبەخشـن، وەکو (حماس)، کە واتای (غیرەتگرتن) دەدات.

(ڕەفیق شوانی، ٢٠١٤ : ٢٢١ ـ ٢٢٢)

بۆ بەرچاوڕوونی زیادتر چەند نموونەیەکی دیکەش تۆماردەکەین:

ـ کەم کەس دەزانێت (حماس) ئەکرۆنیمی فرێزی (حركة المقاومة الاسلامية)یە (تابان محمد سعيد حسن، ٢٠٠٨ : ٥٠)، کە (ح) لە (حركة) و (م) لە (مقاومة) و (اس) وەک بڕگەی یەکەمی (اسلامی) وەرگیراوە، یا (داعش) خەڵک هەیە زانینی نییە، کە ئەکرۆنیمی (دولة الاسلامیه فی العراق وبلاد شام)ە، یاخود (حسک) کورتکراوەی (حیزبی سۆشیالیستی کوردستان)ە و، (نما)ش، کە ناوی یەکێک لە کوڕەکانی کۆچکردوو (نەوشیروان

مستەفا ئەمین)* ە، لە کورتکردنەوەی ناوی باوک و باپیر و باپیرە گەورەیەوە دروستکراوە، هەروەها (کاژیک) لە ناوەکانی (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد)ەوە وەرگیرابێت و، (پژاک)یش کورتکراوەی (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) بێت.

نموونەی ئەکرۆنیم لە زمانی ئینگلیزیدا زۆرە، چونکە لەوێدا ((ئارەزوویەکی گشتی هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەکرۆنیم (واتە ئەو فۆرمانەی لە یەکەم پیتی ناوەکان پێکهێنراون، بە نیازی ئاسانیی نووسین و وتن).)) (شیلان عومەر حسەین، ٢٠٠٩ : ١٦) کە مەرجیشە وشە نوێیەکە بە پیتی گەورە (Capital Letter) بنووسرێت، لەوانە:

IELTS: International English Language System

FIFA: Federation of International Football Associations

TOEFL: Test of English as a Foreign Language

## پێشپیتی[3] (Inistalisms)

پێشپیتی، دەکرێت خوێندنەوەی ئەلفبێی یان ڕیزکردنی ئەلفبێیش (Alphabetize)ی پێ بگوترێت ڕێگا و ڕێبازێکی دیکەی سازکردنی وشە و زاراوەیە، کە زۆرجار لە نووسین و توێژینەوە کوردییەکاندا تێکەڵ بە ئەکرۆنیم کراوە و سەرجەم نموونەکانی بە ئەکرۆنیم دانراون، ئەمە لە کاتێکدا دوو ڕێگای جیاوازن و هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بە جۆرێک مەرجی بە ئەکرۆنیمبوونی وشەکان ئەوەیە، کە پیتە وەرگیراوەکانی وشەکان دوای لەیەکدانیان وشەیەک پێکبهێنن و وەک وشەیەکی سەربەخۆ بگوترێتەوە، بەڵام لە پێشپیتیدا تەنیا ناوی پیتەکان دەخوێنرێتەوە، کەواتە پێشپیتی پرۆسەی ((وەرگرتنی پیتی یەکەمی وشەکانی ناوێک بۆ دروستکردنی ناوێکی دی بەڵام جیاوازی لە ئەکرۆناو ئەوەیە کە وەک وشەیەک ناوترێ و پیتەکان دەوترێنەوە بۆ نموونە BBC (بی بی سی) نەک (ببک) British Broadcasting Corporation)) (کەمال میراودەلی، ٢٠٠٧ : ١١١)، یان کەناڵی تەلەفزیۆنی (Nalia Radio Television : NRT) لە فۆڕمی (ئێن ئار تی)دا بەکاردەهێنرێت، نەک (نرت)، کە لەم بارەدا دەبووە ئەکرۆنیم، هەروەها (Kurdish News Network : KNN)یش دەبێتە (کەی ئێن ئێن) نەک (کنن)، بۆ بەرچاوڕوونی زیادتر چەند نموونەیەکی دیکە دەهێنینەوە:

- (World Health Organization : WHO) دەگوترێت (دەبلیو ئەیچ ئۆ) نەک (هوو).
- (Very Important Person: VIP)یش بە (ڤی ئای پی) دەخوێنرێتەوە نەک (ڤیپ).
- کۆمەڵەی (ژ. ک : ژیانەوەی کوردستان یان ژیانی کورد) دەخوێندرێتەوە و دەبیسترێت کۆمەڵەی (ژێ کاف)، نەک (ژک).
- (ی . ن . ک : یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) دەگوترێت (یێ/یا نون کاف)
- (پ . د . ک : پارتی دیموکراتیی کوردستان) ئەم نموونەیەش بە (پێ دال کاف) دەگوترێت.

با ئەوەمان بیربێت، لە ئێستادا زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکانەوە (ینک) بۆ (ی . ن. ک) و (پدک) بۆ (پ . د . ک) بەکاردێن، کە لەم بارەدا دەبنە ئەکرۆنیم لە بری پێشپیتی، کەوابێت ئەم دووانە لە ئێستادا بە هەردوو بار لە زمانی کوردیدا لەکاردان.

## کورتکردنەوە (Abbreviation)

کورتکردنەوە یا کورتبڕی، کە (قرتاندن) و (قرتە)شی بۆ بەکاردێت، وەک زاراوە لە ئەدەب و زمانەوانیدا هەیە، بەڵام جیاوازە لە بەکارهێناندا، چونکە وەک زاراوەیەکی ڕەوانبێژی، کەمکردنەوەی ژمارەی وشەکانە، لە پێناو گێڕانەوەی کات و وزەدا، واتە بە چەند وشەیەکی کەم و دیاریکراو نووسەر یا شاعیر مەبەستی خۆی یان مانایەکی فرەوان دەگەیەنێت، بەڵام لە بواری زماندا پەنابردنە بەر کورتبڕییەکی تەواوە، کە تێیدا وشە و زاراوەکان بە هێما دەنووسرێن (سەلام ناوخۆش & نەریمان خۆشناو، ٢٠١٠ : ٤٢٨ ـ ٤٢٩) و، تێیدا ئەو هێما و پیتانە دەبنە نوێنەر و جێگرەوەی وشە و زاراوە سەربەخۆیەکان، یان دەکرێت بڵێین: کورتکردنەوە بەکارهێنانی پیتێک یا شێوەی کورتکراوەی وشەیەک یا وشەکانی فرێزێک لە بری نووسینی هەموو یەکەکە، یاخود لابردنی چەند فۆنیمێک لە فۆنیمە پێکهێنەرەکانی وشەکانە، ئەم لابردنەش دەشێت بەشێکی دوای ناوەکە، یان ناوەڕاستەکەی بێت، کە بە زۆری بۆ ئاسانکاریی نووسین و خۆپاراستن لە دووبارەکردنەوە دەکرێت، بە زۆریش لە زمانی ئینگلیزی و زمانە بیانییەکاندا باوە و زۆربەشیان لە لاتینییەوە وەرگیراون، ئەوانەی لە زمانی کوردیشدا هەن یا لە ئینگلیزییەوە وەرگیراون یا لاسایی کراونەتەوە (کەمال میراودەلی، ٢٠٠٧ : ١١٠)، هەروەها کورتکراوەکان ((نووسینیان بە جۆرێکە، کە لەگەڵ یاسای ئەو زمانەدا ناگونجێ، بۆیە هەمیشە (.) لە دوای فۆڕمە کورتکراوەکە دادەنرێت)) (تابان محمد سعید حسن،

* نەوشیروان مستەفا ئەمین: نووسەر و سیاسەتمەداری کورد لە (١٩٤٤) لەدایکبووە لە (١٩ی ئایاری ٢٠١٧) لە شاری سلێمانی کۆچی دوای کردووە، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی و دروستکەری باڵی ڕیفۆڕمی ئەو حیزبە بووە، دواتر تا دوا ساتەکانی ژیانی ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان بووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی نووسراو و چاپکراوە.

[3] زاراوەکە لە [کەمال میراودەلی (٢٠٠٧) ، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی ، چاپی یەکەم ، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی ، لا١١١] وەرگیراوە.

٢٠٠٨ : ٤٨)، بەڵام ئەم خاڵ دانانە بۆ زمانی کوردی تەنیا کورتکراوە یەک پیتییەکان دەگرێتەوە و بۆ ئەوانەی لە پیتێک زیادترن بەکارنایەت، لەوانە (٥کگم ، ٤کم)، بۆ بەرچاوڕوونی زیادتر چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

- لە زمانی ئینگلیزیدا:

Doctor: Dr. [تەنیا یەکەم و دوا فۆنیمی وشەکە وەرگیراوە]

Mister: Mr. [لێرەشدا یەکەم و دوا فۆنیمی وشەکە وەرگیراوە]

Professor: Prof. [تەنیا چوار فۆنیمی یەکەمی وشەکە دەنووسرێت]

- لە زمانی کوردیشدا:

مامۆستا: م. [تەنیا یەکەم فۆنیم وەرگیراوە]

دکتۆر: د. [لێرەشدا یەکەمین فۆنیم وەرگیراوە]

کیلۆمەتر: کم [لێرەدا یەکەمین فۆنیمی (کیلۆ) و یەکەمینی (مەتر) وەرگیراوە]

سانتیمەتر: سم [ لێرەشدا لابردنەکە کۆتایی وشە سادەکانی (سانتیم ، مەتر) بووە]

کورتکردنەوە بۆ فرێزیش بەکاردێت، بەڵام هەر پیتێک دەبێتە نوێنەری یەکێک لە وشەکانی فرێزەکە و بە (٠) لەوەی دیکە جیادەکرێتەوە و لە کاتی خوێندنەوەدا ناوی وشە جێگراوەکە دەهێنرێت، نەک پیتەکە، بۆ نموونە:

پرۆفیسۆری یاریدەدەر: پ . ی

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ: ی . س . ز

دەبێت ئەوە بزانین کە کورتکردنەوە لەگەڵ ئەکرۆنیم و پێشپیتی جیاوازە، ناکرێت تێکەڵی یەکبکرێن، چونکە لە ئەکرۆنیمدا کەرەستە وەرگیراوەکان پاش لێکدانیان وشەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنن، کە بە یەکەیەکی سەربەخۆ دەخوێنرێنەوە، هەرچی پێشپیتیشە ئەوا تەنیا ناوی پیتەکان دەهێنرێت، بەڵام لە کورتکردنەوەدا ئەم پیتانە تەنیا نوێنەری وشەکانن و هیچ وشەیەکی نوێ پێکناهێنن و، ناوی پیتەکانیش ناهێنرێت، بەڵکو وشە و دەربڕینەکان وەک خۆیان دەگوترێنەوە.

## بڕین (Clipping)

بڕین یاخود پارچەکردن، وەک زاراوەیەکی زمانەوانی، بریتییە ((لەو پرۆسەیەی، کە پارچەیەک لە پێش، یا لە کۆتایی وشەوە وەردەگیرێت و لە جیاتی فۆڕمە گشتییەکە بەکاردەهێنرێت، لە ئەنجامدا فۆڕمێکی سەربەست، دروست دەبێت و هەندێ جاریش، دەبێتە بناغە، بۆ پێکهێنانی وشەی نوێ)) (شێرکۆ حەمەئەمین قادر، ٢٠٠٢ : ١٤)، یان وەک ڕێگایەک بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و بەرهەمهێنانی وشە، ئەوەیە کە بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانە پارچەیەک لە وشەیەک دەقرتێنرێت، بە تایبەت ئەوانەی لە ڕووی دروستەوە درێژن، دواتر بە هەمان ئەو مانایەی لە فۆڕمە بنجییەکەیدا هەیبووە بەکاردەهێنرێتەوە، ئەو بڕین و قرتانەش دەکرێت لە سەرەتای وشەکە یان لە بەشی دواوەی بێت، یاخود هەندێکجار لە هەردوو لای وشە ناسادەکان دەبێت، لە زمانی کوردیدا فرێزەکانیش بە هەمان شێوەی وشەکان لە سەرەتا و دواوە و تەنانەت لە هەردووک لاشەوە لێیان دەبڕرێت.

بە بڕوای هەندێک کەس ((لە کوردیدا وشەی باڵکراومان نییە... ئەوەی بەکاردێ وشە بێگانەکانن وەک جیم، دەچم بۆ جیم. یان تووشی فلوو بووم. لەم حاڵەتەشدا ڕەنگە قسەکەر لە وشە بنچینەییەکە ئاگادارنەبێ)) (کەمال میراودەلی، ٢٠٠٧ : ١٤٤)، یا نەزانێت لە چ وشەیەکەوە بنیاتنراون، بە جۆرێک (Flu) دوای لێبڕین و باڵکردنی هەردوولای وشەی (Influenza) ماوەتەوە، بەڵام دوای سەرنجدان دەردەکەوێت، نموونەی وشەی لێبڕاوی خۆماڵیش هاوشێوەی وەرگیراوەکان بەرچاودەکەون، لێرەدا چەند نموونەیەک تۆماردەکەین:

**- بڕین لە هەردوو لای پێکهاتەکە:**

[مێشەهەنگوینە > هەنگ]

**- بڕین لە بەشی پێشەوەی پێکهاتەکە:**

[ڕۆنەکەرە > کەرە ، قەڵەم جاف > جاف ، تەڕەماش> ماش ، ئینتەرنێت > نێت - دەبێتە بناخەی دروستکردنی (کۆفینێت) - ، توێتا کامری > کامری]

**- بڕین لە بەشی دواوەی پێکهاتەکە:**

[ترافیک لایت > ترافیک ، دووزخورماتوو > دووز ، دەربەندیخان > دەربەند/ دەربەن ، فۆتۆگراف > فۆتۆ - دەبێتە بناخەی دروستکردنی (فۆتۆکۆپی) ، چاڤی لاند > چاڤی]

هەروەها نموونەش هەیە، کە خۆی لە بنەڕەتدا پێشپیتی بووە، بەڵام جارێکی دیکە لە زمانی کوردیدا کردەی بڕینی بەسەردا جێبەجێ کراوەتەوە و بەشێکی لێقرتێنراوە، بە نموونە: (BMW)، کە لە (Bavarian Motor Works) وەرگیراوە، بەڵام لە کوردیدا، دوای قرتاندنی دوا پیتی دەبێتە (بی ئێم).

لە زمانی کوردیدا زۆرجار فرێزەکانیش لە پێشەوە یان لە دواوە، یاخود لە هەردوو لاوە کورت دەکرێنەوە و پارچە و بەشیان لێ دەقرتێنرێت، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان | خوێندکاران | [بڕین لە هەردوو لاوە] |
| یەکێتی قوتابیانی کوردستان | قوتابیان | [بڕین لە هەردوو لاوە] |

| | | |
|---|---|---|
| یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | یەکێتی | [بڕین لە بەشی دواوە] |
| قاسپەی کەو | قاسپە | [بڕین لە بەشی دواوە] |
| شاری سلێمانی | سلێمانی | [بڕین لە بەشی پێشەوە] |
| بەردەرکی سەرا | سەرا | [بڕین لە بەشی پێشەوە] |

بوارێکی دیکە، کە زۆر لەبەرچاوە و بڕین و لێکردنەوەی تێدا ڕوو دەدات، کورتکردنەوەی ناوی تایبەتی مرۆڤەکانە، جا بۆ خۆشەویستی، یا توانج و تانە بێت، بە تایبەت ((ئەگەر ناوەکە ژمارەی برگەکانی زۆربوو یان دەربڕینی ئاسان نەبوو ئەوە دەبێتە هۆی ماندووکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن، هەربۆیە قسەپێکەران پەنایان بردۆتە بەر کورتکردنەوە و ئاسانکاری)) (دەروون عبدالرحمن سالح، ٢٠١٢ : ١٠١)، ئەمەش بە بڕینی بەشێکی یا چەند فۆنیمێکی ناوەکە، جاریش هەیە دوای بڕینەکە پاشگرێک بۆ ناوە بچوککراوەکە زیاددەکرێتەوە بە ئامانجی ئاسانی دەربڕین، لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

**.بڕینی بەشێک لە سەرەتا یا کۆتایی ناوەکە:**

عەبدولسەلام > سەلام ، شاپەری > پەری [بڕین لە بەشی پێشەوە]

نازەنین > نازە ، گوڵەباخ > گوڵە [بڕین لە بەشی دواوە]

**.بڕینی بەشێک لە ناوەکە وزیادکردنی پاشگری (.ە):**

هاوناز> نازە ، سەرباخ> باخە [بڕین لە بەشی پێشەوە]

ڕەنجدەر> ڕەنجە ، بەختیار> بەخە [بڕین لە بەشی دواوە]

**.قرتاندنی چەند فۆنیمێک لە ناوە قورس و چەناگەشکێنەکان:**

محەمەد > حەمە [بڕینی فۆنیمی /م/ لە سەرەتا و /د/ لە کۆتایی]

ئەحمەد > ئەحە [بڕینی فۆنیمی /م/ لە نێوەڕاست و /د/ لە کۆتایی]

پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین، کە کردەی بڕین و پارچەکردن لەگەڵ داتاشین لە یەکەوە نزیکن، بەوەی لە هەردووکیاندا کردەی قرتاندن و لێکردنەوە هەیە، بەڵام ئەوەی لە یەکیان جیادەکاتەوە پرۆسەی بڕین و پارچەکردن لە پێکهاتەیەکدا دوای دروستبوونی ڕوودەدات، جا وشە بێت یا فرێز، هەرچی داتاشینە لە پێکهێنەرەکانی وشەیەک پێش تێکەڵکردنیان ڕوودەدات.

## پۆلگۆڕین (Conversion)

گۆڕینی ئەرکی وشەکان، کە دەبێتە گواستنەوەیان لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێک یا لە بەشە ئاخاوتنێکەوە بۆ بەشەئاخاوتنێکی دیکە، ڕێگایەکی دیکەی فرەوانکردنی فەرهەنگە، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا ((لە ئەنجامی پێشکەوتن و گەشەکردنی زماندا، وشە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن. لە ئەنجامی ئەو ڕاگوێزانەدا، وشە خاسیەتی پێشووی نامێنێ و شێوەی نوێ وەردەگرێ)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩ : ١٣) لە هەمان فۆڕم و پێکهاتەدا، ئەمەش تەنیا بە گۆڕینی شوێن و گواستنەوەی وشەکان لە نێوان فرێزەکاندا دەبێت، لەبەرئەوەیە دیاریکردن و ناسینەوەی پۆلی وشەکان لە زماندا بە هۆی ئەرک و شوێنیان لە ڕستەدایە، نەک واتا، چونکە وشەکان زۆرجار لە بەکارهێناندا پۆلی خۆیان دەگۆڕن (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٣: ٣٣)، بەو واتایەی ((تاکە پەیڤێک زۆرجاران دەتوانێ بێ بە چەند بەشەئاخاوتنێ... بەوجۆرەی کە لە هەر ڕستەیەکدا دەتوانێ جۆرێکی تایبەتی بەشەئاخاوتن و ئەرکی نوێ سازبکات)) (سەلام ناوخۆش & نەریمان خۆشناو، ٢٠١٠ : ١٣٥)، بۆیە دابەشکردنی وشەکان بۆ پۆل و بەشەئاخاوتنەکاندا ئاسان نییە.

گواستنەوە و پۆلگۆڕینی بەشەکانی ئاخاوتن لە هەموو زمانەکاندا وەکیەک نییە، چونکە هەر زمانێک لەم ڕووەوە لە زمانێکی دیکە جیاوازە و خاوەنی توانست و تایبەتمەندیی خۆیەتی، ڕەنگە لە زمانێکی دیکە نەبێت یا بەم جۆرە نەبێت، بۆیە هەموو بەشەکانی ئاخاوتن وەک یەک ناگۆڕێن (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩ : ١٥)، هەروەها بەرهەمیان وەکیەک نابێت، بە وێنە لە زمانی کوردیدا (ئاوەڵناو) دەبێتە (ناو) یا (ئاوەڵکردار)، (پێشبەند) دەبێتە (پێشگر)ی وشەدارێژ، هەروەها (کردار)یش دەبێتە (ناو)، بەڵام لە هەموو گۆڕینەکان بە بەرهەمتر و چالاکتر، گۆڕینی (ئاوەڵناو) بۆ (ناو)ە، کە زۆربەی کات پێڕەودەکرێت (نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠١٠ : ٦٤)، بە وێنە: وشەی (هەژار) لە ڕستەی (دارا کوڕێکی هەژارە.) ئاوەڵناو و لە ڕستەی (هەژار خاوەنی هەنبانەبۆرینە.)یە ناوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتر با سەیری ڕستەکانی ئەم خشتەیە بکەین، کە وشەکان دەبنە بەشە ئاخاوتنی جیا جیا:

| وشە | وەکو بەشەئاخاوتنی ناو | وەکو بەشەئاخاوتنی ئاوەڵناو | وەکو بەشەئاخاوتنی ئاوەڵکردار |
|---|---|---|---|
| **جوان** | **جوان هات.** | **کچێکی جوان هات.** | **نازە جوان دەڕوات.** |
| **شیرین** | **شیرین کچێکی زەنگینە.** | **ترێی شیرین خۆشە.** | **سارا شیرین قسەدەکات.** |
| **هێدی** | **هێدی** | **دارۆ** | **دارا هێدی** |

پێشمەگەریە. منداڵێکی دەڕوات هێدییە.

خشتەی ژمارە(٢)

لەم ڕستانەدا وشەکان لە هەمان فۆرمدا، وەک سێ بەشە ئاخاوتن خۆیان نواندووە و سێ ئەندامی جیاوازی ڕستەن، کاتێک وەکو (ناو) بەکارهاتوون، ئەوا (جوان) بکەرە، (شیرین) و (هێدی)یش نیهادن و سەرەی فرێزە ناوییەکەیان گرتووە، کاتێکیش بوونە ئاوەڵناو ئەوا سەرجەم وشەکان لەبری دەرخراوی بوون بە دەرخەر، ئەرکی سەرەکی ئاوەڵناویش دەرخەرییە، هەروەها کە بوون بە ئاوەڵکرداریش ئەوا وشەکان لە فرێزی ناوییەوە گوازراونەتەوە بۆ نێو فرێزی کرداری. دەگونجێت بگوترێت: هەر کاتێک ئاوەڵناوی چۆنیەتی لە دەرخەری ناوییەوە بگوازرێتەوە نێو فرێزی کردارییەوە، ئەوا دەبێتە ئاوەڵکردار، بۆ نموونە:

بایەکی توند هەڵیکرد. (توند) ـــــ ئاوەڵناوە

بایەکە توند هەڵیکرد. (توند) ـــــ ئاوەڵکردارە

هەروەها پێشبەندەکانی [پێ ، لێ ، تێ] کە مۆرفی شکاوەی [بە ، لە]ن دوای جێگرکردنی ناوەکەی دوایان بە کلیتک، بەم شێوەیە:

تریێ نامەکەی بە تۆدا نارد. : تریێ نامەکەی پێدا ناردیت.

سارا کتێبەکەی لە من وەرگرت. : سارا کتێبەکەی لێ وەرگرتم.

مامۆستا وانەکەی لە من گەیاند. : مامۆستا وانەکەی تێ گەیاندم.

ئەوا لە زمانی کوردیدا ئەم پێشبەندانە [پێ ، تێ ، لێ] پۆلی خۆیان دەگۆڕن و دەبنە پێشگر بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ:

- پێ: پێکردن ، پێگوتن ، پێزانین ، پێگەیشتن ، پێدان ... .
- لێ: لێکردن ، لێگەڕان ، لێدان ، لێزانین ، لێبڕین ... .
- تێ: تێچوون، تێکردن ، تێگرتن ، تێخستن ، تێگەیشتن ... .

هەروەها وشەی (ئەژی)ی شێوەزاری سلێمانی، خۆی لە بنەڕەتەوە کردارە ـ لە [دە/ئە]ی ئەسپێکتی ڕانەبردوو و ڕەگی [ژین] پێکهاتووە ـ، وەک ئەوەی دەگوترێت:

ـ مام هۆمەر بە تەنیا ئەژی. (ئەژی) ـــــ کرداری ڕانەبردووە

بەڵام بووە بە ناویش لەو کاتەی دەگوترێت:

ـ ئەژی چوو بۆ قوتابخانە. (ئەژی) ـــــ ناوی تایبەتییە

(بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩ : ١٤)

یاخود دوای گۆڕانی دەنگی بەسەر کرداری (دەهێنێ)، کە دەبێتە (دێنێ)، ئەم کردارەش وەکو ناو بەکاردێت، بەم شێوەیە:

ـ ئازاد کتێبەکە دێنێ. (دێنێ) ـــــ کرداری ڕانەبردووە و گۆڕاوی (دەهێنێت)ە.

بەڵام ئەم فۆرمە گۆڕاوە دەبێتە ناویش، کاتێک دەگوترێت:

ـ دێنێ کچێکی زیرەکە. (دێنێ) ـــــ ناوی تایبەتییە.

هەروەها دیاردەی گۆڕین و بوون بە (ناو)ی ڕەگی کرداریش لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، وەک ناوەکانی (پرس ، خەو) کە ڕەگی کردارەکانی (پرسین ، خەوتن)ن، بەڵام لە ئێستادا وەکو (ناو)یش بەکاردەهێنرێن.

**داهێنان (Creativity)**

لە کۆنەوە جیاوازی نێوان میللەتە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکان لەسەر بنەمای چەندیەتی و چۆنیەتی داهێنان کراوە، کەوایە با لێرەدا بپرسین داهێنان چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە و بۆچوونی جیاواز لە بارەیەوە خراونەتەڕوو، بەڵام ساکارترین وەڵام، دەکرێت ئەوە بێت بە شێوەیەکی گشت بڵێین: داهێنان (الابداع ـ Creativity) کردارێکی مێشکە، بەرهەمێکی بێهاوتای لێ دێتەدی کە پێشتر نەزانراوە و نەناسراوە (ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ١٩٨٦ : ٩)، واتە هێنانەکایەی بەرهەمێکە، کە پێشتر لە وێنە و ڕەگەزی نەبووبێت، یاخود مەبەست لە داهێنان ((بەرهەمێکی نوێ و جیاواز و بە سوودە بەهۆی پاڵنەری ناوەوە ڕوودەدات. ئەمەش بەهۆی ململانێ یان جێ بە جێ کردن یان هەردووکیان دێتە ئاراوە. داهێنان لە زۆربەی لقەکانی زانیندا دێتە گۆڕێ)) (تاڤگە عومەر حەمەصاڵح، ٢٠٠٩ : ١١)، تایبەت بە بوار و پسپۆڕییەکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکو زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی بە زمانیشەوە گرتووەتەوە.

بۆیە یەکێکی دیکە لە پرۆسەکانی زیادکردنی وشە و پەرەسەندنی فەرهەنگی هەر زمانێک داهێنانە، کە ئەویش بە چەند هۆکار و ڕێگایەک دەکرێت، لەوانە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست و زانین و دروستبوونی بەرهەمی نوێ لە لایەن کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانەوە (Fromkin Victoria & Robert Rodman & Nina Hyans, 2003 : 92)، لەگەڵ ئارەزوو و خولیای مرۆڤ، وەک زیندەوەرێکی داهێنەر، کە بەردەوام بە دوای کەرەستەی نوێ و گۆڕانکارییەوەیە، یەکێک لە خاسیەت و دیاردە سەیر و سەرسوڕهێنەکانی زمانی مرۆڤیش ئەوەیە، کە پیاو دەتوانێت هەمیشە مانا و بیری تازەی پێشتر نەبیستراو و نەزانراو و نەگوتراو دەربڕێت و تێیان بگات (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩ : ٢٠٩)، ئەم تایبەتمەندییەش شارەزایی و لێهاتووی ئاخێوەر نیشاندەدات، بۆ دەرخستن و نیشاندانی توانستەکانی، بە ئامانجی خۆشگوزەرانی و سەرفرازی.

لە بواری فەرهەنگدا گومانی تێدا نییە، لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی ژیانەوە پێویستمان بە وشە و زاراوەی نوێ دەبێت، کە دەبێت دابهێنرێن، واتە چالاکی لە وشە دروستکردندا بە داهێنان

دادەنرێت و، بە شێوەیەکی گشتی لە مۆرفۆلۆژیادا دوو جۆرە چالاکی هەیە، کە بریتین:

أ. چالاکی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو و پشتبەستوو بە کەرەستە و یاسای دیکەی زمانەکە.

ب. چالاکی لەسەر یاسا نەڕۆیشتوو، کە یاسا زمانییەکان پیادەناکات و پشت بە کەرەستەی زمان نابەستێت.

(بڕوانە: ساکار ئەنوەر حەمید، ٢٠٠٩ : ٢٦)

کە بە جۆری دووەمیان دەگوترێت: داهێنان، چونکە وشەی داهێنراو پێڕەوی یاساکانی زمان ناکات، واتە بە پێی یاسا دروست نابێت، هەروەها پێشبینی لە واتا و چەمکەکەشی ناکرێ، وەک وشەکانی:

کونەبا ـ واتە، درۆزن

کونەتەیارە ـ واتە، پەناگە

کەواتە داهێنانی وشە وەک یەکێك لە سەرچاوەکانی دروستبوونی وشە، دروستکردنی وشەیەکە بەرانبەر بە وشەیەکی بێگانە، کە پێشتر نەبیستراوە و نەنووسراوە، واتە بۆ یەکەمجار بێت هاتبێتە بەکارهێنان، هەروەها بە هیچ جۆرێک سوود لە ڕەگ و بناخەی ئەو زمانە و هیچ زمانێکی دیکە وەرنەگیرابێت، وەکو: گۆڤار، پسپۆڕ، چیرۆک (محمد رحیمی، ١٣٩١ : ١٠٠)، داد، دادپەروەری، خوێندن، ڕادە، ڕێژە، ...تاد.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: زۆر لە وشە داهێنراوەکان زاراوەن و تایبەتن بە بوارێکی زانینەوە، زۆرجاریش مێژووی دروستبوون و تەنانەت خاوەنەکەشیان دیارە بە وێنە لە کوردیدا، (گیوی موکریانی) وشەی (هەندەران)ی بۆ (خارجیة) و (شارەوانی) بۆ (بلدیة) داناوە، یا (مەردۆخی) وشەی (پاژ)ی بۆ (جزء) و (ڕژد)ی بۆ (حریص) بەکارهێناوە، هەروەها (شێخ محەممەدی خاڵ)یش وشەی (پەیجور)ی بۆ (تحقیق الشرطة) و (وەرزشی)شی بۆ (ریاضة) داهێناوە و (تۆفیق وەهبی)ش وشەی (پار)ی بۆ (فصل الکتاب) و (دادخواز)ی بۆ (مشتکی) لە فەرهەنگەکەیدا تۆمارکردووە، (قەناتی کوردۆ)ش لە فەرهەنگەکەیدا (بەرەڤان)ی بۆ (حکم) و (فێرگە)ی بەرانبەر (مدرسة) داناوە...تاد. (بڕوانە: ئەنجومەنی کۆڕ و لیژنەکانی، ١٩٧٥ : ٣) یاخود دانانی وشەی (بانئاوا) بەرانبەر بە (مساطحة) و (سکپەڵگوشین) بۆ (تقشوف).

چەند ڕێگایەکی دیکەی گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ چەند ڕێگایەکی دیکە هەن، کە لە گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا ڕۆڵ دەبینن، بەڵام بە ئەندازەی ئەوانەی پێش خۆیان چالاک و بە بەرهەم نین، لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکرێت:

دەنگداری (Echoism): مەبەست لەو وشانەیە لە دووبارەکردنەوەی ناوی دەنگە سروشتییەکانەوە دروست دەبن، وەکو وشەکانی: [گڤەگڤ ، قرچەقرچ ، جیڕەجیڕ، ناڵەناڵ ، باعەباع ... تاد.]، ئەوەی جێگای سەرنج بێت لەم وشانە ئەوەیە، کە بۆ جاری دووەم وشەکان دووبارەکراونەتەوە دەنگی (ـە)ی کۆتاییان تێچووە، هەروەها ((ئەم جۆرە لێکدراوە واتاکەی لە واتای وشە سادەکە دوورناکەوێتەوە)) (ڕەفیق شوانی، ٢٠١٤ : ٢١٥).

یۆفیمیزم: ڕێگایەکی دیکەی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگە، کە ((جوانی دەربڕینە بۆ وشە ناشیرین و نائاساییەکانی نێو کۆمەڵگا)) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢١٥ : ١٢٧)، ئەمەش تایبەتمەندییەکی قسەکردن و ڕازاندنەوەیەتی بۆ ئەو وشانەی باسکردنیان بە عەیبە دادەنرێت، وەکو وشەکانی: [دەستبەئاوگەیاندن ، سەرئاو ، سەرجێگا ، لەش ، شەوباخەڵ ، دووگیان ، ... تاد.]، بۆ بەرانبەرەکانیان.

موتوربەکردن: دروستکردنی وشەیەکی نوێیە بە تێکەڵکردنی مۆرفیمێکی ڕەسەن لەگەڵ وەرگیراودا، بە جۆرێک هەندێک لەو وشانەی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە بە یارپدەی مۆرفیمە وشەدارێژەکان و وشەی سادەی دیکەوە بوونەتە بناخە بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی دیکە، وەکو (بەلەزەت) ، کە لە پێشگری (بە ـ) و وشەی (لەزەت)ی عەرەبییەوە ڕۆنراوە، هەروەها (حاجیلە) لە وشەی (حاجی) و پاشگری (ـ لە) و (عەمەلە)ش لە وشەی (عمل) و پاشگری (ـ ە) پێکهاتووە، هەرچی (قیاسکردن)یشە لە (قیاس)ی عەرەبی و (کردن)ی کوردییەوە دروستبووە (بڕوانە: ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧ : ١٤٨).

سەرکاری (Detrmantum): ڕێگای سەرکاری یاخود سەرە جۆرێکە لە لێکدان، واتە لە لێکدانی دوو کەرەستە وشەیەکی نوێ پێکدێت، بەڵام یەکێک لە پێکهێنەرەکان لە پێکهاتەی وشە نوێیەکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و، واتای وشە نوێیەکەش لەم بەشەوە سەرچاوە دەگرێت. وشەی سەرەش هەندێکجار دەکەوێتە لای ڕاست و پێی دەگوترێت سەرەی ڕاست وەکو وشەکانی [گەڵامێو ، گەڵاسێو ، گەڵادار]، کە (گەڵا) سەرەی لای ڕاست و (مێو ، سێو ، دار) دەرخەرن لە وشەکاندا، جاری واشە سەرە دەکەوێتە لای چەپ و پێی دەگوترێت سەرەی چەپ، وەکو وشەکانی [دڵەکوتێ ، سینەگەکوتێ]، کە (کوتێ) سەرەی چەپە و (دڵ ، سینگ) دەرخەرن (ڕەفیق شوانی، ٢٠١٤ : ٢١٦ ـ ٢١٧).

٢ . ١ . ٩ . ٥: دووبارەکردنەوە (Reduplicative Compound):
ئەم ڕێگایەش جۆرێکە لە جۆرەکانی لێکدان، کە لە دوو وشەی لێکچوو یا بەرانبەر بە یەک پێکدێت (رمزی منیر بعلبکی، ١٩٩٠ : ٤٢١)، واتە دروستکردنی وشەی نوێیە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشەیەکی دیاریکراوەوە، کە دەشێت هەریەکێک لە ئەمانە بن:

- دووبارەکردنەوەی دوو ناو: خاڵ خاڵ ، دەم دەم ، کۆمەڵ کۆمەڵ.
- دووبارەکردنەوەی دوو ئاوەڵناو: کەم کەم ، ورد ورد ، درشت درشت.
- دووبارەکردنەوەی دوو ژمارە: چوار چوار ، دوو دوو ، دە دە.

دووبارەکردنەوە بە گۆڕانکارییەوە: پرۆسەیەکە لە پرۆسە فەرهەنگییەکان، کە بە هۆیەوە دانەیەکی زمانی دووبارەدەکرێتەوە بۆ داڕشتنی دانەیەکی دیکە و دەربڕینی واتایەکی دیکە، بە جۆرێک وشەیەک دووبارەدەکرێتەوە بە جێگیرکردنی دەنگی یەکەم لە وشەی دووەمدا بە [م] و بە یاریدەی مۆرفیمی (و)ەوە وشەکان لێکدەدرێن، وەکو : [تەختەومەختە ، ترێومرێ ، چیاومیا ، پارەومارە ، کرێومرێ، شتومت... تاد]. ئەم جۆرە وشانە لە ڕووی سیمانتیکییەوە چەمکێکی فرەوانتر دەردەبڕن، بە نموونە کاتێک دەگوترێت:

- هەندێک تەختەومەختە دەکڕم.

لێرەدا تەنیا (تەختە) نییە، کە دەکڕێت، بەڵکو ئەو شتانەش دەگرێتەوە، کە پێوەندییان بە تەختە و کاروباری دارتاشییەوە هەیە (وریا عومەر ئەمین، ٢٠١١ : ٤٠ ـ ٤١).

ئەم وشانە جۆرێک لە (جووشە ـ Reduplication)ن، کە لێتوێژینەوەیان بە ئاستەکانی (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و پراگماتیک) ئەنجام دەدرێت، لە ڕووی زاراوەوەشەوە (وشەی ڤایرۆسی)یان بۆ پێشنیازکراوە (سەرچاوەی پێشوو : ٤١).

دووبارەکردنەوە بە وشەی وەرگیراو: جۆرێک لە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت، کە پێکهاتەکەی لە وشەیەکی ڕەسەنی کوردی و مۆرفیمی بەستەری (و) لەگەڵ هاوواتای وشە کوردییەکە بە زمانێکی دیکە پێکهاتووە، ئەم جۆرە لێکدراوە هیچ واتایەکی نوێ لە فەرهەنگدا ناهێنێتەکایەوە، چونکە وشە نوێیەکە تەنیا واتای بارکراو و زیادەی وەرگرتووە، بە جۆرێک لێرەدا وشە ڕەسەنەکە، وشەیەکی هاوواتای لە زمانێکی دیکەوە بۆ خوازراوە و بۆی بووە بە هێمای هێز و زیادتر خەستکردنەوەی واتاکەی و دیاریکردنی، بۆ نموونە: (سەروکەڵلە) ، وشەی (سەر) کوردییە و (کەڵلە) تورکییە ، لە (دەعیەوفیز)دا وشەی (دەعیە)ی عەرەبی لە سەرەتاوە هاتووە (فیز)یش، کە کوردییە کەوتووەتە کۆتاییەکەیەوە (هیدایت عبدالله محمد، ٢٠٠٧ : ٣١)، جاریش هەیە وەک وشەکانی دیکە عەرەبییەکە دەکەوێتە کۆتایی، وەکو (جێ و مەکان)، کە لە (جێ)ی کوردی (مەکان)ی عەرەبی پێکهاتووە.


دووبارەکردنەوە بە وشەی هاوواتا: ئەمەش جۆرێکی دیکەی لێکدانی بە دووبارەکردنەوەیە، کە وشەیەک لەگەڵ وشە هاووتاکەی لە هەمان زماندادا بە هۆی مۆرفیمی بەستەری (و) دووبارەدەکرێتەوە، ئەم جۆرە لێکدانەش هیچ وشەیەکی نوێ دروست ناکات، بەڵکو تەنیا دەبێتە هێمای هێز و زیادتر خەستکردنەوەی واتا، لە نموونەی ئەم وشانەش: [شۆخ و شەنگ ، ڕاست و دروست ، نەرم و نیان ، شەل و گێر، .... تاد.]

چوونەنێویەک: جۆرێکە لە جۆرەکانی لێکدان، کە تێکەڵکردن و لێکدانی چەند وشەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی وشەیەکی نوێ، لێرەدا ((چەند وشەیەک تێکەڵ بە یەکتر دەبن و لە ڕستەدا پەیوەندی واتایی لە نێوانیاندا دروست دەبێت و بە شێوەی ڕستە دێن وشەکان بە زۆری ناوی بەرکاری یا بکەرن)) (ڕەفیق شوانی، ٢٠١٤ : ٢١٩ ـ ٢٢٠)، وەکو وشەکانی: [بەساڵاچوو ، گورگان خواردوو ، بابردوو ، گوێپەڵخەر، ...تاد.].

کرتاندن و کۆکردنەوە: زۆرێک لە توێژەر و نووسەران ئەم ڕێگایەیان بە ڕێگایەکی سەربەخۆ داناوە، هەرچەندە زۆر لە داتاشین نزیک دەبێتەوە، چونکە لێرەشدا دوای ئەوە هەردوو کەرەستەی پێکهێنەری وشە نوێیەکە لێیان دەکرتێنرێت ئینجا دەدرێنە پاڵیەک، وەکو لە ((وشەی (زانکۆ)دا کە پێکهاتووە لە کۆکردنەوەی ڕەگی (زانین) کە (زان) لەگەڵ لێکدانی (کۆکردنەوە) و کرتاندنی (کردنەوە) دروستبووە)) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١ : ٦٣).

## ڕێگای ناڕاستەوخۆ یا لاوەکی (Indirect Approaches)

ئەگەر ڕێگای ڕاستەوخۆ سوودبینین و دووبارە بەکارهێنانەوەی کەرەستە خۆماڵییەکانی زمانێک بێت، لە پرۆسە مۆرفۆلۆژی و واتاییەکانیدا، ئەوا ڕێگای ناڕاستەوخۆ سوود وەرگرتنە لە کەرەستەکانی زمانی دووەم لە ڕووی فۆرم و واتاوە و، بەکارهێنانیانە لە زمانێکی دیکەدا، کە دەچنە نێو فەرهەنگی گشتیی زمانەکەوە و دەوڵەمەندی دەکەن، دەکرێت ڕێگای لاوەکی پەرەسەندنی فەرهەنگی زمان لەم دایاگرامەدا ڕوونتر بکەینەوە:




دایاگرامی (٢)

وەک لە پێشووتردا باسکرا، فەرهەنگی گشتیی هەر زمانێک لە ئەنجامی ((پێویستییە بەردەوامەکانی کۆمەڵ، زیادبوونی بەرهەم، کلتور، تەکنیک، زانست، گەشە دەکات و پەرە دەستێنێت و نەش و نما دەکات)) (فاروق عومەر سدیق، ٢٠١٣ : ١٥١)، یاخود پێویستی بە وشە و کەرەستەی دیکە هەیە، کە زۆرجار لە زمانەکەی خۆیدا بوونیان نییە و بە خێراییش بەرهەم نایەن، بۆیە بەشێکی ئەم کەرەستانە لە ڕێگای لاوەکییەوە پەیدادەکرێن، ئەویش بە وەرگرتنی وشەو زاراوە لە زمانێکی دیکەوە بۆ نێو زمانەکە، جا چ وەک خۆیان یا بە دەستکارییەوە بێت، یاخود واتا و مەبەستەکەیان بێت، واتە لە هەردوو ڕێگای وەرگێڕان و وەرگرتنەوە، فەرهەنگی گشتیی زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی دیکە لەم دوو ڕێگا ناڕاستەوخۆیەوە گەشەی کردووە و وشە و زاراوەی نوێی تێخزاوە، کە لێرە بە دواوە باسیان لێوەدەکەین:

## وەرگێڕان (Translation)

### چەمک و پێناسەی وەرگێڕانی فەرهەنگی

ئاستی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی بیرکردنەوە لە کۆمەڵە جیاوازەکان، لەگەڵ پێشکەوتن و داهێنانکاریی لای میللەتان و جیاوازیی پێکهاتە ژینگەییەکان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی کردەی وەرگێڕان، ئەمەش بە ئامانجی نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە ڕۆشنبیری یان بەشێکی ڕۆشنبیرییەکانیان (پەخشان سابیر & پەروین عوسمان مستەفا، ٢٠١٦ : ٢٢٨)، بە جۆرێک لە کۆنەوە میللەتان هاوشێوەی کەلوپەلی بازرگانی بیریان لە ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری کردووەتەوە، کەواتە وەرگێڕان ئەو سەرچاوە کاریگەرەیە هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری ببین و، ڕێگا و هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردن و پەرەسەندنی فەرهەنگ و بە جیهانیکردنی کۆمەڵ.

لە بواری فەرهەنگ و زاراوەسازیشدا، کە تایبەتە بە باسەکەی ئێمەوە، دوای وردبوونەوە ڕووندەبێتەوە، کە فەرهەنگی هەموو نەتەوەیەک، بەشێکی وشە و زاراوەکانی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە پەیدابوون. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە وەرگێڕان، یەکێکە لەو ڕێبازانەی بۆ سازکردنی وشە و زاراوەی نوێ بەکاردەهێنرێت و کۆمەڵێک وشە و زاراوەی پێدەبەخشێت، کە لە پەرەسەندنی زانستیدا ناتوانرێت دەستبەرداریان بین، کەواتە وەرگێڕان بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان ((بریتییە لە گواستنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی، بە ماناکەی نەک بێژەکەی. لێرەدا وەرگێڕە کوردەکە بێژەی ئەوتۆی بۆ هەڵدەبژێرێت، کە بە مانا بەرامبەر بە بێژە بیانییەکە بێت)) (کەمال جەلال غەریب، ٢٠١٢ : ٣١)، چونکە وەرگێڕان پرۆسەی گواستنەوەی واتایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و، لە وەرگێڕاندا ((نە ڕێزمان، نە وشە ، نە دەنگ، نە شێواز وەرناگێڕدرێت، بەڵکو پێویستە واتا (Meaning) وەربگێڕدرێت)) (محەمەد مەحوی، ٢٠١٠ : ٤٢)، بۆیە وەرگێڕان و گواستنەوەی وشە و زاراوە لە زمانێکی دیکەوە بۆ نێو زمانی کوردی بە واتاکەی نەک فۆڕم و پێکهاتەکەی، یەکێکە لەم ڕێگایانەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاری کردووەتە سەر گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، بە جۆرێک چەندان وشە و دەربڕینی لەم شێوەیەمان بەرچاو دەکەوێت، کە وەرگێڕراوی زمانانی دیکەن و لە ئەمڕۆی زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێن، لەوانە:

[ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست : شرق الاوسط ، مانگی دەستکرد : قمر الاصطناعي ، خاچی سوور : صليب الاحمر ، جەنگی کەنداو : حرب الخليج] (ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧ : ٢٢١ ـ ٢٢٢) لەگەڵ [هەشتپاڵو : مثمن ، گۆشەی ڕاست : زاوية قائمة)) (جەمال عەبدول، ٢٠٠٨ : ١١٤)، هەروەها [نەوت بەرانبەر خۆراک : نفط مقابل الغذاء ، خۆپیشاندان : مظاهرة ، دەستەڵاتی چوارەم : السلطة الرابعة ، خامەی نهێنی : قلم السرى ، دەرهێنان : اخراج ،... تاد.]

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ((جاری واش هەیە، زاراوە بیانییەکە دووجار دەگوێزرێتەوە بۆ زمانی کوردی: جارێک بە بێژە بیانییەکەی و جارێک بە ماناکەی، بەمەش چەمکەکە (واتاکە) دوو زاراوەی کوردی بۆ پەیدا دەبێت: یەکێکیان کوردێنراو و ئەوی تریان وەرگێڕاو، ئەم دوو زاراوەیەش لە پاڵ یەکتریدا، بۆ ماوەیەکی درێژ بێت یا کورت، دەژین، هەتا وای لێ دێت یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ دەبێتەوە، یان وەکو دوو بێژەی هاوواتا هەر دەمێننەوە، نموونە بۆ ئەمە لە زمانی عەرەبیدا: (تلغراف = برقية) ، (تلفون = هاتف)، ... لە کوردیشدا: (تەلگراق telegraph و بروسکە) ، (درێڵ drill و سمۆ) ، (میکرۆسکۆپ microscope وردبین)، (تەلیسکۆپ telescope دووربین) )) (کەمال جەلال غەریب، ٢٠١٢ : ٣١).

ئامانج و کاریگەریی وەرگێڕانی فەرهەنگی

وەرگێڕان بەگشتی و وەرگێڕانی وشە و زاراوە ئامانج و گرنگی خۆی هەیە، بۆیە دەکرێت گرنگترین کاریگەرییەکانی لەم خاڵانەدا کورتبکرێنەوە:

**1.** وزەیەکی زیندووە، لە توانستیدا هەیە کۆمەڵ بە خێرایی بگۆڕێت، چونکە سوود لەو ئەنجامە وەردەگرێت کە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە، نەوەک لە خاڵی سەرەتاوە دەستپێبکات.

**2.** دەزوویەکە لە کلافەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، ئەگەر وەرگێڕان نەبووایە، گەلان لە یەکدی جودا و پێوەندییان نەدەبوو.

**3.** هۆیەکی بنچینەیی پێناسەکردن و ناساندنی زانست و تەکنەلۆژیایە، بە جۆرێک ئەوەی لە وڵاتان دۆزراوەتەوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەگوێزرێتەوە.

**4.** ڕەگەزێکی سەرەکی پەروەردە و فێرکردن و توێژینەوەی زانستییە، چونکە هیچ بەرهەمێکی زانستی لە هیچەوە پەیدانابێت.

**5.** ئامرازو هۆکارێکە لە ڕێگەیەوە دەتوانین، لەگەڵ بزوتنەوەی بیری و ڕۆشنگەری جیهانی بڕۆین و، ئاگاداری پێشکەوتن و پەرەسەندنەکان بین.

(بڕوانە: کەمال مەعروف، ٢٠٠٣ : ١٢٠ ـ ١٢٢)

**بنەما سەرەکییەکانی وەرگێڕانی فەرهەنگی**

بۆ ئەوەی وەرگێڕانی کەرەستە فەرهەنگییەکان بە پێی بنەما زانستییەکان ئەنجام بدرێت، چەند بنەمایەک هەن، کە دەبێت بکرێنە پێوەرو بنەما لە لایەن پسپۆڕانی ئەم بوارەوە:

**بنەمای یەکەم:** بوژاندنەوەی زاراوەی دێرین

هەرکاتێک لە زمانەکەماندا زاراوەیەک هەبوو لەگەڵ ئەو زاراوەیەدا گونجا، کە پێویستمان پێیەتی، جا چ واتای زاراوە وەرگێڕاوەکە یاخود نزیک لێیەوە بدات نابێت هەوڵی وەرگێڕانی زاراوەیەکی تازە بدرێت.

**بنەمای دووەم:** خۆ دوورخستنەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە

ئەمە بناخەیەکی گرنگی وەرگێڕانی زاراوەیە و، سەرنجێکی گرنگمان لەسەروەرگێڕانی وشە و کەرەستەی بێگانە دەداتێ، کە دەبێت تەماشای ئەرکی تایبەتی زاراوەکە بکەین، بۆ نموونە زاراوەی (الاخراج التمثیلی) دەکرێتە (دەرهێنان) بۆ دەرهێنانی شتێک سازنەکراوە، بەڵکو بە مەبەستی ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی ڕووداوەکانی شانۆگەرییەک دانراوە.

**بنەمای سێیەم:** ئاگاداربوون لە زاراوە هاوواتاکانی زمانی سەرچاوە

دانەرو وەرگێری زاراوە، بە بێ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن هەوڵی دانانی زاراوەی جیاواز بەرانبەر بە زاراوە هاوواتاکان نەدات، بە نموونە لە زمانی عەرەبیدا هەریەکە لە (الانتماء) و (الانضمام) و (الانتساب) لە واتادا هاوبەشن، بۆیە پێویست ناکات وەک ئەوەی لە کوردیدا کراوە و بەرانبەر هەریەکێکیان زاراوەیەک دابنرێت: [الانتماء : خۆخستنەنێو / هاتنەڕیز ، الانضمام: هاتنەنێو / لەگەڵکەوتن ، الانتساب : سەربە].

**بنەمای چوارەم:** وردبوونەوە و تێڕامان لە واتای زاراوەکە

وردبوونەوە لە واتای زاراوەکە و بەکارهێنانەوەی بۆ هەمان واتا و مەبەست، کەچی زۆرجار ئەم لایەنە لە لایەن زاراوەدانەران و وەرگێڕانی کوردەوە پێڕەونەکراوە، بە نموونە: وشەی (المظاهرة) کراوە (خۆپیشاندان)، بەڵام لە عەرەبیدا بەمانای ( پشتگرتن) دێت و، هیچ پێوەندییەکی بە (الظهور)ەوە نییە، بەڵکو لە چاوگی (ظاهر)ەوە هاتووە.

**بنەمای پێنجەم:** وەرگێڕان بە پێی پێویستی زمانەکە بێت

هەموو زمانێک بە ئەندازەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەکانی پەنا بۆ وەرگێڕان دەبات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت دەرگای وەرگێڕانی زاراوەی بیانی بە وشەی خۆماڵی بخەینە سەر گازی پشت، بەڵکو دەبێت ئەم دەرگایە بەپێی پێویستی زمانەکە و لە کاتی دیاریکراودا بکرێتەوە، چونکە وانەکرێت زمانەکە مۆرکی ڕەسەنایەتی لەدەستدەدات.

(بڕوانە: کامیل حەسەن بەسیر، ١٩٧٨ ، ٩٦ ـ ١٠٠)

**وەرگرتن (Borrowing)**

چەمک و پێناسەی وەرگرتن

ڕێبازی وەرگرتن، کە لە نووسین و بەرهەمە کوردییەکاندا بە (وەرگرتن، خۆماڵیکردن، کورداندن، کوردێنراو، گونجاندن، گونجێنراو، قەرزکردنی زمانەوانی، قەرزکردنی زاراوە، خواستن و گواستنەوەی وشە و زاراوە...تاد.) باسکراوە. مەبەست لێی ئەوەیە، وشە و زاراوەی زمانێکی دیکە، بە بێ گۆڕین، یا بە گۆڕینێکی ئەوتۆوە، کە لەگەڵ دەستووری دەنگسازی و وشەسازی زمانی کوردیدا بگونجێت، وەربگیرێت و بگوێزرێتەوە نێو فەرهەنگی زمانی کوردی و بەکاربهێنرێت (کەمال جەلال غەریب، ٢٠١٢ : ٢٨)، کەواتە وەرگرتن ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆی گەشەسەندنی فەرهەنگی هەر زمانێکە، ئەویش لە ئەنجامی نەبوونی وشەی تایبەت بۆ ناونانی دیاردە و بابەتێک لە زماندا، کە تێیدا پەنا دەبرێتە بەر وشە بێگانەکان و بە پێی بنەما و میتۆدە زمانییەکان وەردەگیرێن و بەکاردەهێنرێن (ڕەفیق شوانی، ٢٠١٤ : ٢١٢)، چونکە ئەگەر زمان بە فرەوانی و لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بەکاربهێنرێت، ئەوا چ خۆڕسکانە بێت، چ بە هۆی پێویستی زمانەکەوە بێت بە هەموو لایەکدا پەلدەهاوێژێت و ئاڵوگۆڕی کەرەستەی زمانی دەکات (غازی فاتح وەیس، ١٩٨٦ : ٢٠٨)، بە جۆرێک لە لایەکەوە دەبێت وەرگر و لە لایەکی دیکەوە دەبێتە بەخشەر و کەرەستە زمانییەکان لەگەڵ زمانانی دیکەدا دەگۆڕێتەوە.


لەم پرۆسەیەدا کەرەستە زمانییەکان بە تایبەت وشە و زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە پێویستە دەکرێن و وەردەگیرێن، ئەویش ((لەبەر تیشکی ئەو ڕاستییە زمانی و شارستانیەتیەدا، کە دووپاتی لە بنهاتنی وشە دەکات، لە چاو واتا و شمەکەکاندا، دەتوانین بڵێین: لەسەر ئەم زەویەدا زمانێکی نەتەوایەتی نییە وشە لە زمانێک یان لە چەند زمانێکی بێگانەوە وەرنەگرێت، بۆیە ڕێگای وەرگرتن یەکێکە لە ڕێگاکانی لەدایکبوون و سازکردنی وشە)) (کامل حەسەن بەسیر، ٢٠١٣ : ٢٧) لە زمانەکانی دونیا و بە هۆیەوە ناتەواوی زمانەکەیان، بە وەرگرتنی تاکە تاکەی کەرەستەکان یا وەرگرتنی بە کۆمەڵ بێت پڕکردووەتەوە.

**وەرگرتن لە کۆن و نوێدا**

بۆچوونی زانا و نووسەران لە بارەی وەرگرتن بۆ نێو زمانی خۆماڵی جیاوازە، ئەوروپاییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم دیاردەیان بە نیشانەی کەموکورتی و دواکەوتنی زمان دانەناوە، بەڵکو بە کارێکی ڕۆشنبیری و ئاڵوگۆڕی زانینیان هەژمارکردووە، بەڵام دوای سەرهەڵدانی هەندێک نەتەوەیی ناوچەیی و پەیدابوونی بیری دەمارگیری لە لای خەڵکەکە، هەندێک لە پێشەوا و سەرکردەکان، وەکو (هیتلەر) لە ئەڵمانیا و سەرکردەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و (مستەفا کەمال) لە تورکیا، توانستی خۆیان خستووەتەگەڕ، کە زمانەکەیان بژاربکەن و لە وشەی بێگانە پاکیبکەنەوە، کەچی ئەنجامی کارەکەیان بێسوود دەرچووە، بۆیە لە ئێستادا کەس ناتوانێت بڵێت: ئەو زمانە پاک و بێگەردە، یا لە کەرەستەی زمانانی دیکە خاڵییە، ئەگەر ئەمەش هەبێت تەنیا لە زمانە سەرەتایی و دوورەپەرێزەکاندایە، کە لەو پەڕی گۆی زەویدا دەژین (ابراهیم انیس، ١٩٧٨ : ١١٩ ـ ١٢٠)، بۆیە ((زۆربەی زاناکان بۆ دانان و سازکردنی زاراوە لەهەموو زمانێکی پێشکەوتوودا ڕێبازی وەرگرتن بە کارێکی ڕەوا دادەنێن و لەسەری کۆکن)) (ساکار ئەنوەر حەمید، ٢٠٠٩ : ٤٠)، تەنانەت پێیان وایە هیچ زمانێک بە وەرگرتنی چەند کەرەستەیەکی زمانی تووشی گرفت نەبووە و نابێت، بە مەرجێک بە پێی پێویستی زمانەکە بێت و بەپێی بنەما و یاسا زمانییەکان بێت، هەروەها لە سەردەمە کۆن و نوێیەکانیشدا لەئارادابووە و هیچ کەسێکیش نکوڵی لە بوونی ناکات و، تایبەت بە زمانێکی دیاریکراویش نەبووە، بەڵکو لە نێوان هەموو زمانەکاندا ڕوویداوە، تەنیا بە جیاوازیی ئەوەی لە کۆندا ((خواستنی زمانی (الاستعارة اللغوية) لە زمانی نەتەوە سەرکەوتووەکان و پێشکەوتووەکانەوە بەرەو زمانی نەتەوە شکاوەکان و دواکەوتووەکان دەچوو، بەڵام ئێستا بەهۆی پتربوونی پێوەندیی نێوان نەتەوەکان و بڵاوبوونەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن (إعلام) و ئاسانیی هۆیەکانی گواستنەوەوە، خواستن تەنانەت لە نێوان ئەو نەتەوانەشدا ڕوودەدات کە لە یەک ئاقاری زانستی و ڕامیاریدان)) (کەمال جەلال غەریب، ٢٠١٢ : ٢٨)، هەروەها وەرگرتن لە زمانێکی دیاریکراویشدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی جیاوازە، بە جۆرێک ڕێژەی ئاڵوگۆڕییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، بە پێی بواری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوریی ئەو زمانە، هەروەها پێشکەوتنەکانی و چۆنیەتی پێوەندیی لەگەڵ زمانە دراوسێ و جیهانییەکان و چەندیەتی و ڕادەی ئەو پێوەندییەش (ابراهیم انیس، ١٩٧٨ : ١١٨ ـ ١١٩)، بەڵگەی ڕاستی ئەم بۆچوونەش لە زمانی کوردیدا وردبوونەوە و تێڕامانە لە پاشماوە نووسراو و چاپکراوەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە چەندان وشە و زاراوەی دراوسێ و جیهانیان تێدا بەکارهاتووە، کەچی لە هەمان کاتدا ئەگەر بە دوای ئەم کەرەستە وەرگیراوانە لە چاپکراوە کوردییەکانی ئەمڕۆدا بگەڕێین ڕاستییەکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ژمارەی ئەو وشە و زاراوانە لە کەم بووندایە و وردە وردە بەرەو نەمان دەچن و، نووسەران هەوڵیانداوە دەرگای وەرگرتنی ئەم کەرەستانە دابخەن و کەرەستەی خۆماڵی بخەنە شوێنیانەوە (کامل حەسەن بەسیر، ١٩٧٨ : ٤٨)، چونکە هەموو نەتەوەیەک هەوڵدەدات ئەوەندەی بۆی بگونجێت کەرەستە وەرگیراوەکان لە زمانەکەیدا بژاربکات و بۆ شت و پێویستییە داهێنراوەکانیش، کە تازە دێنەگۆڕێ، وشە و زاراوەی خۆماڵیی ڕەسەن لەسەر بناخە و ڕێوشوێنی زمانەکەی دابهێنێت (عبدالرحمن زەبیحی، ١٩٧٨ : ٢١)، لە بری وەرگرتن بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە و لە توانستی تاقە کەسدا نییە، لە ڕووی بەرهەمهێنان و شوێن گرتنەوە بێت یا لە بەکارهێناندا، بەڵکو بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوە و نێوەندە ئەکادیمی و ڕاگەیاندنە جۆربەجۆرەکان.

**شێوازی هاتن و وەرگرتنی کەرەستە زمانییەکان**

هاتنی کەرەستە وەرگیراوەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، تەنانەت لە زمانێکیشەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆیە ((زۆر گرانە دەستنیشانی لێپرسراوی یەکەم لە وەرگرتنی ئەو وشانەدا، دەگمەنە ئەوە بزانین کە یەکەم جار کێ بووە، ئەو زاراوەیەی لە زمانێکی دیکەوە وەرگرتووە و بەکاریهێناوە)) (ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧ : ١٣٢)، یا چۆن و بە چ ئەندازەیەک هاتوونەتە نێو زمانەکەوە و فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەندکردووە، بەڵام هەرچی چۆنێک بێت دەتوانین شێواز و چۆنیەتی هاتنی کەرەستە وەرگیراوەکانی هەر زمانێک، لەم دایەگرامەدا نیشانبدەین:



دایاگرامی (٣)

هەریەکێــک لەم شــێوازو ســەرچاوانەش تایبەتمەنــدی و پێناسـەی خۆی هەیە، بەم شێوەیە:

٢ . ٢ . ٢ . ٣ . ١: وەرگرتنی بە تاک

لەم جۆرەدا کەرەستەیەکی زمانی بە تەنیا لە نێو نووسین و بابەتێکدا، یا گوتار و بەرنامەیەکی ڕاگەیاندن یاخود بۆ ناوناندیاردە و بابەتێک وەردەگیرێت و بەکاردەهێنرێت، ئینجا لەوێوە گەشەدەستێنێت، سەرچاوەی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ هەریەکە لە:

**یەکەم: کەسانی شارەزا و لێهاتوو**

ئەمە لەوەوە سەرنج دەدرێت، هەندێک لەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی زمانێکی بیانی یا زۆرتر دەزانن، کاتێک دەدوێن و دەنووسن، وشە و زاراوەکان بەکاردەهێنن، واتە ئەم وەرگرتنە سەرەتا وەکو کارێکی کەسی دەستپێدەکات، دواتر لەمانەوە بەرەو کەسانی دیکە و کۆمەڵ دەپەڕێتەوە و ئەوانیش وەریان دەگرن و بەکاریان دەهێننەوە، ئەمەش بە ئاشکرایی لە بەرهەمی ئەو نووسەرو کتێبدانەرە فارسانەدا دیارە، کە لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا، فێرە زمانی عەرەبی ببوون و جگە لە زمانی فارسی بە عەرەبیش دەیاننووسی، لەو نووسین و بەرهەمانەشدا کە بە فارسی دەیاننووسین چەندین وشە و زاراوەی عەرەبییان بەکاردەهێنا (ابراهیم انیس، ١٩٧٨ : ١١٨)، یا لە بەرهەمەکانی ڕەوانبێژی و ئەدەبی کوردیدا وشە و زاراوە عەرەبییەکان لە لایەن نووسەرە یەکەمینەکانەوە بە فرەوانی بەکارهێنراون.

**دووەم: نێوەندە ئەکادیمییەکان**

چۆن وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە لە لایەن تاکە کەسەوە ئەنجام دەدرێت، بە هەمان شێوەش دەزگا زانستییەکانیش پێی هەڵدەستن، وەکو کۆڕی زمانەوانی و زانیاری و ڕاگەیاندنەکان و زانکۆکان و سەرجەم بوارەکانی دیکەی زانین و لێژنە زانستییەکان، بە تایبەت لەو کاتانەی کەرەستەیەکی زمانی پێویست بێت و لە زمانە خۆماڵییەکەدا نەبێت، یا بەو خێراییە بنیاتنەنرێت بە ناچاری پەنادەبەنە بەروەرگرتن و خواستنی لە زمانانی دیکەوە.

وەرگرتنی بە کۆمەڵ

لێرەدا ژمارەیەکی زۆری کەرەستەی زمانی پێکەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگوازرێنەوە، بەڵام ئەمەیان لە چاو جۆری یەکەم کەمتر باوە، تەنیا کاتێک ((ئەنجام دەدرێ کە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە هەست دەکەن کەوا پێویستیان بەم وشانە هەیە، یاخود بە هۆی هەندێک هۆکاری وەک:ـ ڕووداوی مێژوویی، کۆمەڵایەتیی وەک شەڕو جەنگی بەربڵاو و داگیرکردن و برسێتی و نەخۆشی و کۆچ و بارکردن و باری نائاسایی و نوێکردنەوەی وڵات و داهێنان و دۆزینەوە مەزنەکان و هۆکاری ئەدەبی و ئاینی و چەندین بواری دیکە، ڕوودەدات)) (ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧ : ١٣١)، کە ئەمەش زۆر پەرەسەند نییە، چونکە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەکە دەخاتە مەترسییەوە و بەرەو تێکدان و لەنێوچوونی دەبات.

**جۆرەکانی وەرگرتن**

بە وردبوونەوە لە چۆنیەتی ئاڵوگۆڕی کەرەستە زمانییەکان، دەگەینە ئەو بڕوایەی چۆن بڕ و ئەندازەی کەرەستەی وەرگیراو جیاوازە، بە هەمان شێوە جۆرەکانی وەرگرتنیش جیاوازن، بە شێوەیەکی گشتی، ئەم جۆرە وەرگرتنانە لە زمانەکاندا دەبینرێن:

**وەرگرتنی ناچارانە و لەبەرپێویستی**

ئەم وەرگرتنەیە لە ئەنجامی خێرا کرانەوەی ژیان و زۆری کەرەستەی نوێوە دێتەکایەوە، بە ڕادەیەک کۆڕ و دەزگا پێوەندیدارەکان فریای دارشتنی زاراوە و ناو ناکەون، بۆیە بە ناچاری بابەت و پێویستییەکە بە ناوە بیانییەکەیەوە دێتە نێو وڵاتەکەوە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کەرەستە و داهێنراوێکی ژیان، یا بابەتێکی زانین و زانست، یاخود بیروباوەڕو دۆزراوەیەکی سەردەم، تەنانەت جۆرێکی تایبەت لە دار و گوڵ و خواردن و خواردنەوە تایبەت بێت بە ناوچەیەک و لەو شوێنەوە سەرچاوەی گرتبێت و داهێنرابێت، لای گەل و نەتەوەکانی دیکە نەبێت، جا بۆیە کاتێک خەڵکی دیکە پێویستییان بەم بابەتانە بێت، ئەوا بە ناچاری بە هەمان وشە و زاراوەی نەتەوە بەرهەمهێنەرەکەیانەوە وەریان دەگرن و بەکاری دەهێننەوە، بە نموونە: لە زمانی فارسی (یاسمین ـ Jasmine) و کاتێکیش لە ئەوروپا چاخواردنەوە پەیدابووە، (Tea) لە چینییەوە و ناوی (Chocolate)یش لە مەکسیکییەوە وەرگیراوە، چونکە تەنیا لەم وڵاتەدا چاندنی (کاکاو) باوە و لەمیشەوە (شوکولاتە) دروستکراوە، هەروەها (شەمپانزی)ش لە زمانەکانی ئەفەریقای نێوەڕاستەوە وەرگیراوە، هەروەها ئەم کەرەستانە ڕەهەندێکی جیهانیان وەرگرتووە، و هیچ گەل و نەتەوەیەک لای گران نییە،

وەریان بگرێت و بەکاریان بهێنێت (ابراهیم انیس، ١٩٧٨: ١٢٠ ـ ١٢١).

**وەرگرتنی ئارەزوومەندانە**

لێرەدا کردەی وەرگرتنەکە بە پێچەوانەی یەکەمەوەیە، لەبەر پێویستی و ناچاربوون نییە، تەنانەت هیچ بیانوو و پاساوێکی نییە، چونکە زمانەکە پێویستی پێی نییە و کەرەستەکە لە خودی زمانەکەدا بە ئامادەکراوی هەیە و، لە بەکارهێنانیشدایە، بەڵکو ((مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی وبێ بوونی هۆکارێکی پێویست، پەنا بۆ ئەو دیاردەیە دەبات و، کەرەستەی زمانی (واتا و فۆرم) لە زمانی بێگانە دەخوازێت و بەکاری دەهێنێت لە زمانەکەیدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربون و حەزکردن بە لاسایی کردنەوەی ئەو زمانە بێگانەیەی کەئاستێکی زانستی و رۆشنبیری بەرزیان هەیە، بەتایبەتی بە هۆی مەیلی خۆدەرخستن و خۆجیاکردنەوە لە کەسانی ئاسایی، بۆ نموونە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراودا، ئەرستۆکراتەکانی (ڕووس) زمانی (فەرەنسی )یان بۆ گفتوگۆکردن بەکارهێناوە)) (ساکار ئەنوەر حەمید، ٢٠٠٩ : ٧٣ ـ ٧٤)، یان لە زمانی کوردیدا مەلا و پیاوە ئایینییەکان جگە لەوەی وشەی عەرەبی بەکاردەهێنن، هەشیانە هەوڵی بەکارهێنانی فۆنەتیکەکەشیان دەداتەوە، ئەمەش تەنیا بۆ خۆجیاکردنەوە و دەرخستنە، یا ئەو کەسانەی زمانی ئینگلیزییان لە ئاستێکی باشدایە بە هەمان شێوە و نیازوشەی ئینگلیزییەکانی وەک: [مۆدێرن ، ئەڵتەرناتیف ، لۆکەیشن ، سێرڤس و...تاد.] بەکاردەهێنن، کە هاوواتاکەیان لە زمانی کوردیدا ڕوونە.

**وەرگرتن بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری**

پرۆسەی وەرگرتن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری بە زۆری لە نێو ئەو گەل و نەتەوانەدا هەیە، کە لە قۆناغی گواستنەوە و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و سەروەریدان، یان ئەو میللەتانەی لە پەرتەوازەیی و دەربەدەری و ژێردەستەیی ڕزگاریان دەبێت، بەو واتایەی جارێکی دیکە بە مەبەستی بنیاتنانەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریان وشە و زاراوە لە زمانی نەتەوەیەکی خاوەن ئاست بەرز وەردەگرن و بەکاریان دەهێنن، چونکە دروستکردن و بەرهەمهێنانی کەرەستەیەکی زۆری زمانی بە خێرایی و لە ماوەیەکی کورتدا لە توانستی هیچ زمان و نەتەوەیەکدا نییە، لە نموونەی ئەم کارەش، وەک ئەوەی لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی بە ئینگلیزیکردنی خوێندن و کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگاکان بە زمانی دووەم دەبینرێت، کە هەیە پێی وایە ئەمە هۆکاری ڕۆشنبیرییە، یان لە هەنگاوی یەکەمی خوێندن بە کوردیدا زاراوەی زۆرێک لە بابەتە زانستییەکانی کیمیا و فیزیا و زیندەوەرزانی و ... تاد. وەرگیراون.

**وەرگرتنی سەپێنراو و بەخورتی**

لە وەرگرتنی سەپێنراودا بە بێ ویست و خواستی قسەپێکەران، زمانی یەکەم وشە و زاراوەی لە زمانی دووەمەوە بۆ دەگوازرێتەوە، ئەمەش بە تایبەت لە کۆمەڵگا و وڵاتە ژێردەستە و داگیرکراوەکاندا، یا ئەوانەی زمانی نەتەوەییان تێدا قەدەغەکراوە، لەگەڵ وڵاتە دراوسێکان و ئەوانەی پێوەندییەکی بازرگانی و ڕۆشنبیری و ڕامیاریی بەهێزیان هەیە ڕوودەدات، واتە لە ئەنجامی ململانێی زمانەکانەوە سەپاندنی وشە و زاراوە دێتەکایەوە، کە تێیدا زمانێکی زاڵ و بەرز وشە و زاراوەی خۆی بەسەر زمانێکی نزم و بەزیودا دەسەپێنێت (ساکار ئەنوەر حەمید، ٢٠٠٩ : ٧٤)، واتە زمانی نەتەوە داگیرکراوەکە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی زمانی نەتەوە داگیرکەرەکە، بۆ نموونە: قەدەغەکردنی زمانی کوردی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە و سەپاندنی زمانەکەیان چەندین کەرەستەی ئەو زمانانەی هێناوەتە نێو زمانی کوردییەوە، هەروەها وڵاتی (مەغریب)ی عەرەبیش بەهۆی ئەوەی لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا داگیرکراوی (فەرەنسا)بووە، بە ئاشکرا کاریگەریی ئەو زمانە بە زمانەکەیەوە دیارە، پێویستە ئەوەمان بیربێت، کە ئەم وەرگرتنە بەخورتییە لە توانستی زمان کەم دەکاتەوە، چونکە سەپاندنی وشەی بێگانە بەسەر هەر زمانێکدا ـ بەهەر هۆکارێك ـ، ڕۆڵ لە سنووردارکردنی ئەو زمانەدا دەبینێت، ڕادە و چەندیەتی بەکارهێنانی هەر زمانێکیش سنوورداربکرێت، ئەوا لە بەرانبەردا توانستەکەشی سنووردار دەبێتەوە (مەهاباد قەرەداغی، ٢٠٠٠ : ٨٨).

**شێوازەکانی وەرگرتن لە زمانی کوردیدا**

کەرەستە وەرگیراوەکانی زمانی کوردی، وەک هەر زمانێک، بەم شێوازانە هاتوونەتە نێوەوە:

**وەرگرتنی بە بێ دەستکاری**

لەم جۆرە وەرگرتنەدا ناوی هەندێک شت و دیاردە، کە لای ئێمە نەبوون وەک خۆیان و بەبێ دەستکاری هاتوونەتە نێو زمانەکەمانەوە، لە نموونەی ئەم زاراوانە: حەج، زەکات، مەساج، تویت، پۆک، لایک، شەیر... تاد.


**وەرگرتنی گونجێنراو**

ئەم دیاردەیە لە زمانانی دیکەشدا هەیە، لە ئینگلیزی (Transliteration) و لە عەرەبیدا (التعریب)ی پێدەگوترێت (ڕۆژان

نوری عبدالله، ٢٠٠٧ : ١٤٣)، لە زمانی کوردیشدا زاراوەی (کوردێنراو)ی بۆ بەکاردێت، کە لە زووەوە سوودی لێ بینراوە، بە شێوەیەک وشە و زاراوە وەرگیراوەکان خراونەتە ژێر ڕکێفی زمانی و ڕێنووس و فۆنەتیکی کوردییەوە، بەو واتایەی خۆماڵیکراون، ئینجا لە زمانی کوردیدا بەکارهێنراون، بە نموونە: (طیارة)ی عەرەبی بە (تەیارە) و (اثبات) بۆ (ئیسپات) گۆڕاوە، هەروەها (بایسکل)ی ئینگلیزی بە (پاسکیل).

**سەرچاوەکانی وەرگرتن لە زمانی کوردیدا**

سەرچاوەی وەرگرتن و قەرزکردنی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە، هەروەها لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت، سەبارەت بە زمانی کوردی و فەرهەنگەکەی بە شێوەکی گشتی کەرەستە وەرگیراوەکانی بۆ ئەو سەرچاوانەی نێو دایاگرامی (٤) دەگەڕێنەوە:




دایاگرامی (٤)

ئەو کەرەستە زمانییانەی لە نەتەوە دراوسێکانەوە هاتوونە نێو زمانی کوردییەوە، جگە لە شوێنی کوردستان و مێژووی چەند هەزار ساڵەی، ئەوا دەتوانین بڵێین: بۆ کارتێکردنیان لە زمانی کوردی هەریەکەیان هۆکاری دیکەشی هەبووە، بە جۆرێک:

✎ **زمانی عەرەبی**: پێوەندی کورد و عەرەب تەنیا لە سەربنەمای دراوسێیەتی دانەمەزراوە، بەڵکو هۆکارەکانی [ئایین ، ڕامیاری و داگیرکاری ، ئابوری ، ئەدەبی، ڕاگەیاندن و میدیا، کردنی زمانی خوێندن بە عەرەبی و سیاسەتی ڕاگواستن ... تاد.] هۆکاری بەریەککەوتنی زمانی بوون لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا.

✎ **زمانی فارسی**: زمانی کوردی لە تەک زمانی فارسیدا هەردووکیان هیندۆئەوروپین و، سەر بە کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی زمانە هیندۆئێرانییەکانن، واتە پێوەندییەکی خزمایەتی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەک وشەی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو زمانەدا ببینرێن، سەبارەی ئەم خزمایەتییە زمانییە، [بازرگانی ، داگیرکاری ، پێوەندیی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی ، ئاوارەیی و دەربەدەربوونی میللەتی کورد بۆ ئەم وڵاتە ، ڕاگەیاندن و میدیا ، ... تاد.] یارمەتی هاتنی کەرەستەی زمانی فارسییان بۆ نێو زمانی کوردی داوە.

✎ **زمانی تورکی**: هەرچی کاریگەری زمانی تورکییە لەسەر زمانی کوردی، ئەوا جگە لە هاوسێیەتی، دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکارییەکانی هۆکاری هاتنی کەرەستەی زمانی بوون لە زمانی تورکییەوە بۆ نێو زمانی کوردی، لە ئەمڕۆشدا [بازرگانی و ئابوری ، گەشتوگەڕان ، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ، ... تاد.] ڕۆڵ لەم تێکەڵکردنە زمانییە دەبینن.

هاتن و بەکارهێنانی زاراوە جیهانییەکانیش بۆ گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی بوارەکانی زانین و ژیاری دەگەڕێتەوە، چونکە گۆڕانکارییەکان هێندە زۆر و خێران هیچ زمانێک فریایان ناکەوێت، هەروەها نەبونی کۆڕێکی ئەکادیمی چالاک و ناوەند و لیژنەی زانستیی خەمخۆریش هۆکارێکی دیکەی هاتنیانن، بۆیە ((نەک هەر لە زمانی کوردیی، بگرە لە سەرجەم زمانەکانی جیهاندا کێشەی زاراوەی جیهانیی هەیە، چۆن وەربگیرێت و چۆن بگۆردرێت و وەربگیردرێت بەبێ گۆڕان، ئەگەر گۆڕراش بە چ ڕێبازێک دابڕێژرێت. ئەم کێشانەش لە چەند پرسیارێکدا خۆیان دەنوێنن، ئایا بوونی ئەم زاراوە جیهانییە لە زمانەکەماندا پێویستە؟ ئەگەر پێویست بوو تا چ کاتێک بمێنێتەوە؟ ئایا مانەوەیان هەمیشەییە یا کاتی و قۆناغییە؟)) (شەهاب شێخ تەیب تاهیر، ٢٠١٢ : ٢٧٦) هەروەها ئەم زاراوانە بوونیان لە هەموو زمانێکدا وەکیەک و بە هەمان بڕە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لە بارەی ئەم بابەتەوە هەیە، کە پێویستییان بە توێژینەوەی زیادتر و بابەتی سەربەخۆیە.

## ئەنجامەکان

لە ئەنجامی شیکردنەوە و توێژینەوە لە (فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا) بە چەندین ئەنجام دەگەین، کە گرنگترینەکانیان ئەمانەن:

1. وشە و کەرەستەی زمان وەک هەر بوونەوەرێکی دیکە لە جووڵە و شڵەقاندایە، واتە لەدایک دەبێت و دەمرێت، مانەوەشی بە بەکارهێنانییەوە لە کۆمەڵدا بەندە، هەروەها بە زیادبوونی چەمک و واتاکان لە ئەنجامی پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی ژیانەوە، ڕۆژانە چەندین وشە و زاراوە لە گشت بوارەکانی ژیاندا پێویست دەبن، کە لە چەندین ڕێگاوە بەرهەم دەهێنرێن.
2. فەرهەنگی هەموو زمانێک بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە، بە هۆکارەکانی ئایین، ڕامیاری، بازرگانی، پێوەندیی دراوسێیەتی...، هەروەها بە کرانەوە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیش، واتە تاوەکو ژیان پێشبکەوێت فەرهەنگ تووشی کەلێن و کەماسی دەبێت.
3. هەموو زمانێک پێکهێنەر و خوڵقێنەری مۆدێلێکی دیاریکراوە لە دنیای تێگەیشتندا، بەڵام کەرەستەکانی بەشی هەموو پێویستییەکان ناکات، سەبارەت بە زمانی کوردی و فەرهەنگەکەی بەپێی ئەو ئەنجامەی لەم باسەدا پێیگەیشتووین

توانیویەتی لە ڕێگا جۆربەجۆرەکانەوە بە پێی بەرەوپێشچوون و پێویستییەکانی سەردەم هەنگاوبنێت، ئەمەش بە زیادکردنی فۆڕم یان واتا بووە.

**4.** لە لەدایکبوونی وشە و گەشەسەندنی فەرهەنگدا هەندێکجار، وشەیەکی خۆماڵی یا وەرگیراو بە سەرزاری بەکارهێنەرانی زمانەوە جێگەی خۆی گرتووە، بەڵام هەوڵدەدرێت وشەیەکی دیکەی بۆ دابرێژرێت یا شێوەی گۆکردنی وەرگیراوەکە بگۆڕێت، کە زۆرجار ئەم دیاردەیە ڕەتدەکرێتەوە، یان فرەزاراوەیی لێدەکەوێتەوە.

**5.** توێژینەوە لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگ، ئەوە دەردەخات، کە هەندێک لە ڕێگاکان تێکەڵکراون بە تایبەت (ئەکرۆنیم و کورتکردنەوە و پێشپیتی) لەگەڵ (خوازە و خواستن) و (پێوانە و زرەڕێژ)، هەروەها هەندێک لە ڕێگاکانیش وەک پێویست لێیان نەتوێژراوەتەوە.

**6.** وەرگێڕان و گواستنەوەی واتا لەگەڵ وەرگرتن و قەرزکردنی زمانی لە کۆنترین پرۆسە فەرهەنگییەکانن، کە بە چەندین ڕێگا و شێوازو هۆکارو بنەما ئەنجام دەدرێن و، بە هۆیانەوە فەرهەنگی زمان پەرەدەستێنێت، هەروەها یارمەتی توێژینەوەی زانستی و ئاشنابوون بە دیاردە و زانینە نوێیەکان دەدەن.

**7.** چەند جۆرێک لە دووبارەکردنەوەی تایبەت لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت، کە جۆرێکیان پشت بە وشەی هاوواتای زمانی بێگانە دەبەستێت و جۆرێکیشیان وشە ڕەسەنە کوردییەکە بە گۆڕانکارییەوە دووبارە دەکاتەوە، کە ئەم ڕێگایە تەنیا کاریگەری واتایی دەبێت و هیچ وشەیەکی نوێ ناهێنێتەکایەوە.

**8.** کەرەستەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی سەبارەی ئەوەی بە درێژایی مێژووی هەبوون، دەکرێنە بناخە و سەرچاوە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیش.

## سەرچاوەکان


1. **ئارا عەلی ئەحمەد** (٢٠٠٨)، کوتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو (گۆڤەرا بەهدینان)، چاپا ئێکێ، چاپخانا خانی، دهۆک.
2. **ئومێد بارزان برزو & هێرش کەریم حەمید** (٢٠١٧)، بەریەککەوتنی زمانەکان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٣)ی تایبەت بە (کۆنفرانسی کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
3. **ئەنجومەنی کۆڕ و لیژنەکانی** (١٩٧٥)، لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ، پێشەکی و ڕێکخستنی: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.
4. **ئەوڕەحمانی حاجی مارف** (١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
5. ـــــــــــــ (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم: مۆرفۆلۆژی، بەشی یەکەم: ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
6. ـــــــــــ (٢٠٠٠)، زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ، بەشی یەکەم ، بەغدا.
7. **ئیبراهیم امین باڵدار** (1986)، داهێنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (109)، بەغدا.
8. **بەکر عومەر عەلی** (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
9. **بێستوون حەسەن ئەحمەد** (٢٠١٢)، کۆمەڵە وشە پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
10. **پەخشان سابیر حمد & پەروین عوسمان مستەفا** (٢٠١٦)، کاریگەرییەکانی وەرگێڕان لەسەر گەشەسەندنی فەرهەنگی کوردی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژمارە (١٢)، زانکۆی گەرمیان، کەلار.
11. **تابان محمد سعید حسن** (٢٠٠٨)، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
12. **تاڤگە عومەر حەمە صالح** (٢٠٠٩)، زمان وەک داهێنانێکی تاکەکەسی لای مەحوی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
13. **تاڵیب حوسێن عەلی** (٢٠١١)، واتاسازی ـ چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
14. **تەلار صباح عومەر** (٢٠١٧)، فەرهەنگسازی و ڕۆڵی لە پەرەسەندن و دەوڵەمەندکردنی زماندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٣)ی تایبەت بە (کۆنفرانسی کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەربنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.

15. **جەمال عەبدول** (2008)، بەرکولێکی زانستی زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی.
16. **جەمیلە ئەحمەد حسەین** (٢٠٠٨)، شێوازی وتار لە رۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
17. **چۆلی ئەسعەد** (٢٠١٣)، زمان لە راگەیاندنی بینراودا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت و دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
18. **حوسێن محەمەد عەزیز** (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردیی (لێکۆڵینەوە و رەخنە)، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
19. **دەروون عبدالرحمن سالح** (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
20. **رۆژان نوری عبدالله** (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
21. **رەووف مەحموود پوور (مەریوان)** (٢٠٠٦)، رەهەندی زمان و دەوری راگەیاندن، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٠٨)، هەولێر.
22. **رەفیق شوانی** (٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
23. ـــــــ (٢٠٠٨)، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، دەزگای توێژینەوەی و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
24. ـــــــ (٢٠١٤)، وشەسازیی زمانی کوردی ـ لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکییە، دەزگای هەواڵ، چاپی دووەم، کۆمەڵگای چاپخانەی داودی، کەرکوک.
25. **رێژنە مەعروف حوسێن** (٢٠١٠)، رۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
26. **سازان معین رضا** (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر (لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە)، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆ سەلاحەددین، هەولێر.
27. **ساکار ئەنوەر حەمید** (٢٠٠٩)، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی ئیتمۆلۆجییە)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
28. **سەلام ناوخۆش** (٢٠٠٧)، ئایین و زمانناسی، چاپی یەکەم، هەولێر.
29. **سەلام ناوخۆش & نەریمان خۆشناو** (٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر ژمارە (٤٣)، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
30. **شاسوار هەرشەمی** (٢٠٠٩)، هەندێک زانیاری گشتی لە بارەی زمانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
31. **شەهاب شێخ تەیب تاهیر** (2012)، بنەما و پێکهاتەی زاراوە لە زمانی کوردیدا، بەرێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
32. **شیلان عوسمان عەبدولرەحیم** (٢٠٠٨)، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
33. **شیلان عومەر حسەین** (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتەی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
34. **شێرکۆ حەمەئەمین قادر** (٢٠٠٢)، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و رێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
35. **شێروان حسێن حمد** (٢٠١٠)، تێروانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
36. **عبدالرحمن زەبیحی** (١٩٧٨)، رەخنەی زانستییانە یا شەلم کوێرم هیچ نابوێرم، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (٧١)، بەغدا.
37. **عبدالسلام نجم الدين** (٢٠٠٨)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانەوانییەوە، چاپی یەکەم، خانەی سپیرێز، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
38. **عبدالله عزيز محمد بابان** (١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
39. **عوسمان کەریم عەبدولرەحیم** (٢٠١٤)، وشەی زمانی کوردی و رێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
40. **عەبدولواحید موشیر دزەیی** (٢٠١١)، لێکسیکۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
41. ـــــــ (٢٠١٢)، وشەسازیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر ژمارە (١٠٩)، هەولێر.
42. ـــــــ (٢٠١٥)، زانستی سیمانتیک، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

43. **غازی فاتح وەیس** (١٩٨٦)، ڕووناکبیری لە کتێبی (زمانی نەتەوایەتی)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١)، بەغدا.

44. **فاروق عومەر سدیق** (٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

45. ـــــــــ (٢٠١٣)، جێپەنجەی فرێزی بە لێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (بەشی B) ـ بەشی زانستەمرۆڤایەتییەکان ، ژمارە (٤٣) تشرینی دووەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

46. **فەرهاد تۆفیق حەسەن** (٢٠١٠)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

47. **کامەران ڕەحیمی** (٢٠٠٧)، خەسارناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، وەرزنامەی زانستی (زمانەوان) ـ لێکۆڵینەوەی کۆڕی زانستی زمانی کوردی ـ ئێران، لەسەرئەرکی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.

48. **کامیل حەسەن بەسیر** (١٩٧٤)، زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووهەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

49. ـــــــــ (١٩٧٨)، زاراوەی کوردی، بۆ ساڵی یەکەم، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی ئاداب، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

50. ـــــــــ (٢٠١٣)، بەراوردکارییەک لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

51. **کەمال جەلال غەریب** (٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

52. **کەمال مەعروف** (٢٠٠٣)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.

53. **کەمال میراودەلی** (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

54. **محەمەدی مەحوی** (٢٠٠٩)، زانستی هێما هێما ـ واتا و لێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەندی، سلێمانی.

55. ـــــــــ (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

56. **محەمەد مەعروف فەتتاح** (١٩٨٦)، دیسان ئیدیەم ـ پێداچوونەوەی لەبەرڕۆشنایی زمانەوانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی پازدە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.

57. ـــــــــ (١٩٨٧)، سەرەتایەک لە زمانەوانی بە کەرەستەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

58. **محەمەد وەسمان** (٢٠٠٤)، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر.

59. **مستەفا ڕەزا مستەفا** (٢٠١٣)، ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

60. **مستەفا زەنگەنە** (٢٠٠٣)، پێناسەکانی وشە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٦٩)، هەولێر.

61. **مەسعوود محەمەد** (٢٠١١)، زاراوەسازیی پێوانە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

62. **مەهاباد قەرەداغی** (٢٠٠٠)، زمان و ناسنامە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندیی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، ستۆکهۆڵم.

63. **نەرمین عومەر ئەحمەد** (٢٠١٠)، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

64. **نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو** (٢٠١٦)، زمانەوانی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

65. **نەوشیروان مستەفا ئەمین** (١٩٩٧)، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، چاپی یەکەم، ئەڵمانیا ـ بەرلین.

66. **هیدایەت عبدالله محمد** (٢٠٠٧)، وشە و زاراوەی خوازراو و سەپێنراو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە (٢١)، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

67. **وریا عومەر ئەمین** (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

68. ـــــــــ (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای . چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

69. **ابراهیم انیس** (١٩٧٨)، من اسرار اللغه، الطبعة السادسة، مکتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

70. ـــــــــ (١٩٩٥)، فی اللهجات العربية، الطبعة التاسعة، مکتبة الانجلو ، مصر.

71. **جون لاينز** (١٩٨٧)، اللغة والمعنى والسياق، ترجمة: عباس صادق الوهاب، طبعة الاولى، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد.

72. **حسام سعيد النعيمى** (١٩٨٠)، الدراسات اللهجية والصوتية عند ابن جنى، سلسلة دراسات (٢٣٤) ، دارالرشيد للنشر، منشورات وزارة الثقافة والاعلام،

الجمهورية العراقية.

73. **رمزى منير بعلبكى** (١٩٩٠)، معجم المصطلحات اللغوية، بيروت، لبنان.

74. **ستيفن أولمان** (1969)، دور الكلمة فى اللغه، ترجمه: كمال محمد بشر، مكتبه الشباب ـ القاهره.

75. **السيد ادى شير** (١٩٨٧ ـ ١٩٨٨)، معجم الالفاظ الفارسية المعربة، الطبعة الثانى، دار العرب للبستانى، مكتبة لبنان.

76. **عبدالعزيز مطاد** (٢٠٠٦)، المصطلح العربى وقضايا التوليد، دراسات مصطلحية، العدد٦.

77. **على القاسمى** (١٩٨٥)، مقدمة فى علم المصطلع، الطبعة الاولى، سلسلة الموسوعة الصغيرة (١٦٩)، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، بغداد.

78. **عمر ابراهيم عزيز** (٢٠٠١)، العلاقة بين اللغة والفكر، مجلة (رۆشنبيرى كوردستان)، العدد (٥)، أربيل.

79. **محمد حسن عبدالعزيز** (١٩٧٨)، لغة الصحافة المعاصرة، مطبعة دارالمعارف، مصر.

80. **محمد على الخولى** (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري (انكليزى ـ عربى)، مكتبه لبنان، بيروت.

81. **محمود عكاشة** (٢٠٠٧)، علم اللغة ـ مدخل نظري في اللغة العربية، دارالنشرللجامعات، القاهرة ـ مصر.

82. **يوسف بن ابى بكربن محمد بن على السكاكى ـ ابو يعقوب ـ** (١٩٨٧)، مفتاح العلوم، طبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

83. **محمد رحيمى**(١٣٩١)، توصيف ساختواژەى ـ گويش سورانى زبان كردى، چاپ أول، انتشارات شيخى، سنندج.

84. **Crystal, David** (2003), A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Fifth Edition, Oxford Black Well.

85. **Finch G.** (2005), Key Concepts In Language and Linguistics, Second Edition, Pal Grave Macmillan Press.

86. **Fromkin Victoria & Robert Rodman & Nina Hyans** (2003), An Introduction to Language, 7th Edition, Fort Worth: Harcourt Brace College publisher.

87. **George Yule** (2006), The study of Language, Third Edition, Cambridge University press, New York, USA.

88. **Ingo Plag** (2003), Word – Formation in English, printed in the United Kingdom, at the of Cambridge University press, UK.

89. **John I. Saeed** (2009), SEMANTICS, Third Edition, printed in Singapore by Utopia Press Pte Ltd.

90. **Ktamba F.** (1993), Morphology, Macmillan press, London.

91. **Lpsen G.** (1998 – 1999), The Interactive Multimedia Linguistic for Beginners. Universitat Gesamthochs chuly Kossel Fachbereich 08 , Anglistik / Romanistik.

92. **Marslen Wilson &Tyler** (1994), Morphology and Meaning in the English Mental Lexicon, Ipc -American Psychological Association-.

93. **Martin Hasplemath and Andrea D. Sims** (2012), Understanding Morphology, London, England.

94. **Palmer. F. R.** (1981), Semantics, A New Outline, Cambrige University press, New Yourk.